# ژیان و پێویستی سۆزوەرگرتن و سۆزبەخشین

# ژیان و پێویستی سۆزوەرگرتن و سۆزبەخشین

کۆمەڵێ وتاری پەخشان ئامێزو لێکۆڵینەوەیە لەسەر
ئازادیی ژن، سۆز، خۆشەویستی.

برایم محێدین عارف

سلێمانی
٢٠٢٤

**لەسەر ئەرکی کۆمپانیای (هەرێم کەرکوک) بۆ هێڵکاریی ڕێگاوبان و خزمەتگوزاریی هاتوچۆ ، چاپکراوە.**

# ژیان و پێویستی سۆزوەرگرتن و سۆزبەخشین


بابەت: کۆمەڵە وتار
نوسینی: برایم محێدین عارف
تایپکردن: نوسەر
نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك: پەیام ئەحمەد
قەبارەی کتێب: **A5**
ژمارەی لاپەڕە: ( ١٧٠ )
تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە
نرخ ( ٣٠٠٠ ) دینار
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٤
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی یاد

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (        )ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە

**پێشکەشە بە:**

* ڕوحـــی دکتـــۆر مارف عومـــەر گوڵ، کە هەمیشـــە مامۆســـتام بـــووە، کاریگەریـــی لەســـەرم بوو بۆ ئەزموونـــی خوێندنەوەو نوســـین، ســـەرەڕای جیاوازی تەمـــەن، لە بەڕێکردنی ژیاندا زۆر بەیەکەوە بووین.

* گوڵژن

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| | بەشێک لەکۆمێنتی خوێنەری وتارەکان کە لەدوای خوێندنەوەیان لەسۆشیال میدیا، ڕای خۆیان دەربڕیوە. | ٩ |
| ١ | ئەندێشەو خەیاڵات کەرەسەی ناخهەژان و ئەفراندن و داهێنانن لە نوسیندا | ١٥ |
| ٢ | ژن بوون | ٢٠ |
| ٣ | ژیان و پێویستی سۆزوەرگرتن و سۆزبەخشین | ٢٨ |
| ٤ | بەردەوامی ڕووانینێکی سەرپێیانە | ٣٣ |
| ٥ | جوانترین ژنی دنیا لە هزری عاشقاندا | ٣٨ |
| ٦ | کاریگەری سیماو ناخی مرۆڤ، لەهەڵکردنی سۆزی خۆشەویستیدا | ٤٤ |
| ٧ | دەربارەی هەست | ٤٩ |
| ٨ | ژن و خۆڕاگری | ٥٥ |
| ٩ | دڵناسکی و تێنەگەیشتن | ٦٠ |
| ١٠ | ئەڤین و خۆشەویستی و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن | ٦٥ |
| ١١ | لەشساغی و سۆزی خۆشەوستی | ٧١ |
| ١٢ | ژن و بوێری | ٧٧ |
| ١٣ | مەحاڵ | ٨٠ |
| ١٤ | شەڕو ئاشتی و خۆشەویستی ژنان | ٨٦ |
| ١٥ | چاوەڕوانی لە جێ ژواندا | ٩١ |
| ١٦ | ژنان، قوربانیانی کۆتی نەریت | ٩٥ |
| ١٧ | چاوی ژنان هەستیارترین ئەندامی زمانی جەستە | ١٠١ |
| ١٨ | بۆ مەرگی ژنە کوژراوەکە (ماریا سامی) | ١٠٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | ژن و دایک | ١١١ |
| ٢٠ | بەزمی کابرا | ١١٤ |
| ٢١ | چەکەرەکردنی هەستی خۆشەویستی | ١٢٠ |
| ٢٢ | لە پەراوێزی ئەتککردنی کچە شۆخێکدا | ١٢٥ |
| ٢٣ | دەربارەی سیفەتی خۆڕسکی مرۆڤ | ١٣٢ |
| ٢٤ | نیگای سەرسامبوونی نێوان ڕەگەزەکان | ١٣٧ |
| ٢٥ | دەرهاویشتەی کارکردنی جێندەری لە کۆمەڵی کوردەواریدا | ١٤٢ |
| ٢٦ | مرۆڤ و بەها ڕەوشتییەکان | ١٤٨ |
| ٢٧ | ڕووانین بۆ ژنێکی سەراپا ڕەشپۆش | ١٥٤ |
| ٢٨ | خۆشەویستی و سێکس | ١٥٨ |
| ٢٩ | نەوال سەعداوی... ژنە بوێر و بەرگریگارەکەی مافی ژنان | ١٦٤ |

**بەشێک لەکۆمێنتی خوێنەری وتارەکان کە لەدوای خوێندنەوەیان لەسۆشیال میدیا، ڕای خۆیان دەربڕیوە.**

دیســانەوە، سوپاس بۆ هەوڵ و کۆشش و ڕژد بوونت لەسەر ئــەم تــەوەرو بابەتانەی کــە ژمارەیەکی زۆر لە ئەکادیمیســت و ڕۆشنبیران خۆیانی لێ دەدزنەوە، چونکە بە بڤەو حەرامی دەزانن، هەم زات ناکەن، باس و خواسی لەسەر بکەن، چونکە کۆنەپارێزو نەریــت پەرســتەکان لێیــان دەتۆرێن، بــە کورتی ناخــوازن ئازاو بوێرانە خۆیان لە قەرەی بدەن... هەربژین.

******

ســڵاو و پیرۆزە و دەستخۆش.. ئوستادی هێژا، من هەردوێنێ دیســانەوە چوومەتــە لای دکتۆرەکەم، بەهــەق ڕێنمایی کردم کە بــاش بخــەوم، و دوور بکەمەوە لە مۆبایل و لاپتۆپ و نوســین و خوێندنەوەی زۆر، بە واتا مەرجە پشــوو بدەم.. بەڵام کاتم هەبێت و باشــتر بــم.. دەچمە گژ بەرهەمەکانت.. چونکــە لێیان فێر دەبم.. هەر بژین.

**شێرزاد حەسەن، نوسەرو چیرۆکنوس.**

بەڕاستی جوانت نوسیوە، زیرەکانە وردەکارییەکانت پێکاوە، مەبەستی دڵت داوە بە دەستەوە، سەرکەوتووبیت، دەستخۆش.

*****

وتارێکی زۆر جوانە بەڕاستی کۆی وتارەکان شایستەیە بکرێن بە کتێبێک و لەماڵەکاندا هەبێت، دکتۆر بەڕاستی ئەم وتارانە عیشقی مەولانا ڕۆمی-م وەبیردێننەوەو جەنابت بۆ عیشق و ژن دەبن بەنالییەکی تر، بەڵام نالی بە شیعر، جەنابت بە وتارە جوانەکانت، عیشق جوانە تۆش جوانترت کردون، دەست و خامەت هەر بمێنێت.

**ئەسوەد فایق، نوسەرو شانۆکار- کەرکوک.**

خۆشەویستی بناغەی ژیانە دەستخۆش. کە لە سەرووی هەموو خۆشەویستییەکەوە خۆشەویستیی خودا و پێغەمبەرەکەیەتی (صلی الله علیه وسلم)، پاشان خۆشەویستی دایک و باوک و نیشتمان و خاک و ئاوو ژینگەو خزم و کەسوکارو خێزان و منداڵ و کار و پیشە هەموو زنجیرەیەکی لێک ئاڵاون.

**عبدولسەمەد شێخ حەسەن، چالاکوان.**

دەستەکانت خۆش، ئوستاد، زۆرجوان پێکاوتە، هێندەی تر جەختت لە ڕاستییەکانی ناخ کردۆتەوە.

**ڕەزا عەبدوڵلا بەرزنجی، نوسەرو ڕۆژنامەنوس.**
**دوای خوێندنەوەی وتاری ئەندێشەو خەیاڵات.**

دەستخۆش دکتۆر، ماندوو نەبیت، شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی نیوەی کۆمەڵ یەکسان نەبێت لە ماف و ئەرکدا.

**بورهان ڕەوف، نوسەرو ڕۆژنامەنوس.**

هەر جواننوس و خامە ڕەنگینتر بیت. نوسینەکانت هەڵقووڵاوی خۆڕسک و پاشەکەوتی ئەدەبیاتی چەند ساڵەی تەمەنتە.
هیوای سەرکەوتنی زیاترت بۆ دەخوازم
**سەروەر ئەحمەد، چالاکوانی ڕێکخراوەیی.**

دەستخۆش، لەڕاستیدا ئێستا زۆر لەوانەی دەنوسن، هەست و ناخی خۆیان دەرنابڕن و باسی ئازارو ناخی کۆمەڵگەش ناکەن، بەڵکو نوسینیش وەک بازرگانی بەکار دێنن و کەسان و لایەنێکی پێ ڕازی دەکەن، پاشان ئەندێشەو ناخ وروژاندن و هەست جوڵاندن، ئامانجی گەورەو سوتانی دڵی دەوێت، کە ئەویش لەم سەردەمی ڕوکەشی و ماددییەدا هێندەی تر کاڵبووەتەوە. کەمی خوێنەری وریاو ڕەخنەگری بەتوانا، کەمبوونەوەی کۆڕی چەندو چونی ئەدەبی و فکری، هەموو کاریگەرییان لەسەر کاڵی بەرهەمهێنان و کەمی داهێنانی ئەدەبی و فکری کردوە.
قەڵەمتان بە بڕشت بێت.
**یاسین عارف، نوسەرو شاعیر.**

دەستخۆش دکتۆر شرۆڤەیەکی جوانە، نوسین وەکو مەسەلەی (هەموو گوێزێک خڕەو هەموو خڕێکیش گوێز نییە)یە.
**فەیسەڵ هەمەوەندی، نوسەرو وەرگێڕ.**

زۆر جوانت نوسیوە، ئەسپی خۆت لە بوارەکەدا تاوداوە، لەناو ئەم بابەتی پەیوەندیانەدا بەو بوارانەوە کە ئاماژەت پێداوە، پێویستە زۆری لەسەر بنوسرێت، چونکە پەیوەندی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەیە، لەگەڵ ڕێزدا.
**دڵشاد بەرزنجی، نوسەر.**

دەسخۆش کاک دکتۆر، بابەتێکی نوێ و داننان بە ڕاستییەکدایە، کە هەیە نەک داهێنان، بەڵکو مافی نوسینەکەش نادات بەدەستەوە، بەبیانوی ئـەوەی خەڵک بواری نییە نوسـینی ڕونکراوەو دوورو درێژ بخوێنێتەوە، لەگەڵ ڕێزدا...

**عەبدولسەمەد شێخ حەسەن، خوێنەرو تایپیست.**

دەستخۆش، پێویستییەکانی مرۆڤ پلە بە پلە بەدوای یەکدا دێن و کۆتایی نایەت، بەڵێ مرۆڤ لەشسـاغ بێت زۆر گرنگە، بەڵام بێ هیوای ناکات، زۆرجار کە کەمئەندامی و نەخۆشی بەرۆکی مرۆڤ دەگرێـت، لەسـاتی بێهیواییدا بەخۆشـی دەروونی و ئاسـودەیی ڕوحی کاتەکانی پڕ دەکاتەوە، دەستخۆش بۆ بابەتەکانت.

**ڕەشید کەرکوکی، نوسەر.**

دەسـتان خۆش، بابەتەکانت واقعیەو هەمووانیش هێزو توانای ئەو دەربڕینەیان نییە.

**لوقمان حسێن مەکتەبە، خوێنەرو ڕووناکبیر**

دەسخۆش دکتۆر جوان و پڕ واتایە، هاوڕای بابەتەکەتم.

**مهاباد جاف، شاعیرو چالاکوانی ژنان، کەنەدا.**

دەسـتەکانت خـۆش دکتـۆر گیـان، زۆر جـوان داتڕشـتوە، سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ بەڕێزتان.

**ئەڤین ئازاد، چالاکوان، کەنەدا.**

دەستخۆشـیم لێکردیـت، برایـم گیان، خـۆ ئەگـەر بابەتەکان کۆبکەیتەوەو تێهەڵکێشیان بکەیت، دەبێتە توێژینەوەو جوان دەبێت، دەتوانی بیکەی بە کتێبیش.

**محەمەد ساڵح عەبدولکەریم، ڕۆژنامەوان، وەرگێر.**

دەسـت و خامەتان ڕەنگین بێت، شیکردنەوەیەکی زۆر باش و کۆمەڵێ ئامۆژگاری گەلێ بەسودتان داڕشتوە، هەربژین.

**محەمەد شێخ جەعفەر، خوێنەر.**

جـوان وەسـف و پێناسـەت کـردوە، بەدڵنیاییـەوە خۆی ژن سروشـتی وایە بەپیاهەڵدان و سـۆزدارییەوە خـۆی جوانتر دێتە پێشـچاو، لەگـەڵ ئەوەشـدا ژن پێی خۆشـە لە هەمـوو کائیناتی سەرهەسـارەی ژیان جوانترو شۆخ و شـەنگتر دەرکەوێت. ئەمە هەسـتی زۆرینـەی ژنانی جیهانـەو هزرو بیری زانسـتیان زیاتر لەو دۆزەدا دەبیننەوە... دەسـتان خۆشـبێت دکتۆر بابەتێکی تێرو تەسـەل و جوان بوو، جێگەی هەڵوێسـت و سـەلیقەی زانستگای جەنابتانە، ماندوو نەبن.

**مهاباد جاف، شاعیرو چالاکوانی بواری ژنان، کەنەدا.**

دەستەکانت و خامە و قەڵەمت هەر هاندەر و موژدەبەخش بێت دکتـۆر گیـان، خۆزگە هەموو ڕۆژێک ئەم وتارانـەی بەڕێزتان لە سـەرجەم میدیاکانی هەردوولادا پەخش دەکرا بە شکڵ و شێوەی جیاواز.

**سەروەت ئەحمەد، ڕۆشنبیر، لەندەن**

دەستخۆشـیم بۆ نوسـەر، ئەوەندە بەجوانی وشـەکانی تیکەڵ بەهەسـتی بووە، وادەزانی لەسروشـتدا تەنها مەعشوقەکەی ئەو دروست بووە لەبەردەمیدا تێپەڕ دەبێت. بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا ئەو تێڕوانین و پاکییە نەماوە، لە ئێسـتادا تەنها جوانی روخسارە بـۆ ماوەیەکی کاتی، بەڵام تۆ ئاماژەت بەهەسـت و سـۆزو بیرو جوانی ڕەفتارداوە، بەبیرکردنەوەی مێینە بوون.

بەڵی هەموو کات مەعشوقەکەی پارێزگاری خۆی لەکلتورەکەی لـەدڕک و داڵ دەپارێزیـت. بۆیە بە بەجوانتریـن ژن دەیبینیتەوە وەک ئاماژەت پێداوە.

**م. گەشاو عەبدولقادر، نوسەرو چالاکوانی پەروەردە.**
**لەپای وتاری جوانترین ژنی دنیا لەهرزی عاشقاندا.**

(١)

## ئەندێشەو خەیاڵات، کەرەسەی ناخهەژان و ئەفراندن و داهێنانن لە نوسیندا

نوسـین، خاڵیبوونەوەو یەکالاکردنەوەی بارودۆخی ئەندیشەو خەیالاتـە، زادەی بگـرەو بـەردەی نـاوەرۆک و لێکدانـەوەی بابەتەکانی مێشک و دەروونی مرۆڤە، کە مرۆڤ ڕۆژانە هاوشانی ڕووداوەکانـی بەڕێکردنـی ژیان، لەگـەڵ لێکدانـەوەی دەروونیدا دەژی و بەرۆکـی دەگـرن، ڕووداوەکانـی ڕۆژانـە دەبنـە مایەی گینگڵدانـی ڕوحـی و تێڕامان، بـۆ دوورترین پنتکەکانی ئاسـۆی ژینگـەو فەراهەمبوونـی ئاسـودەیی ژیـان، هـۆکاری گینگڵدانـی ڕوحیـش لەو سـەرچاوانەوە دێتەبوون کە سـێبەری بیرکردنەوە داگیـر دەکات و نـاخ دەهەژێنـێ و دەبێتـە خەوو خولیـا، هەموو کەرەسـەو ماددەیەک هەوێنی ناخهەژانی مرۆڤـەکان نییەو نابێتە خولیاو ئەندێشە، یاخود بە دیوێکی تردا هەموو مرۆڤێک لێکدانەوەو خەیالاتەکانـی نابێتە هەوێنی ناخهەژانـدن و هەڵهێنانی داهێنان و داڕشتنی بەرهەمی بەپێز. هەرچەندە ڕەنگە هەموو مرۆڤێک بەپێی سنوری بازنەی ژیانی، چ بازنەیەکی تەسک بێت یان لە بازنەیەکی فراواندا بخولێتەوە، ئەندێشەو خەیالات بیهەژێنێت، بەلام تا ئاستی

بیرکردنــەوەی تەســک بێت، خەیــاڵات و هیواکانیشــی لە بازنەی هەمان ئاست دەرناچن، دەتوانین بڵێین ئاسۆی هیواکانی ڕوونترو ئەگەری وەدەســتهێنانیان ئاســانترە، زۆرتر ئەو کەسانەی ئاستی بیرکردنــەوەی ڕووناکبیری و تێڕامانیان فراوانە، ئەنجامی هەژانی بیرکردنەوەیان هەمان شێوە بەرینەو بەرهەمی هەڵڕشتنی ڕوحی لێدەکەوێتــەوە، خــەوو خولیاکانیــان گــەورە دەبێــت، لەئەنجامی وەدەســتنەهێنانی ئەندێشــەکانیان و تلانەوە لە نێو ئازارەکانیاندا، داهێنــان لە نوســیندا لە دایک دەبێت. نوســینیش لــە مەودای ئەو بابەتانەدا دەخولێتەوە، کە داینەمۆی هەڵســوڕاندنی بیرکردنەوەو تێڕامانەکانیانــی داگیــر کردوە، تــا ڕادەی بیرکردنــەوەکان قووڵ و ئاســتی تێڕامانــەکان فــراوان بــن، بەرهەمــە لە دایکبــووەکان جوانی دەنەخشــێنن، لە تەکنیکی داڕشــتن و تازەیــی لەداهێنان و دەربڕیندا، چونکە داڕشــتنەکان لە تەقینی کانگای هەژانی ڕوحەوە ســەردەردێنن. زۆرتــر ئــەو مرۆڤانــەی زۆرتریــن کات لەگــەڵ خەیاڵات و ئەندێشــەدا بەسەر دەبەن، لێکدانەوەو خۆخواردنەوەی ناوەرۆکــی خودیان هەیە، لەگەڵیدا دەژین، دەبێتە خەوو خولیایان، بــە هەڵڕشــتنی نوســینی ناخهەژێــن، ئاســودەیی دەروونــی بــۆ خۆیان دەســتەبەر دەکەن. کەرەسەکانی نوسینی ناخهەژاندن فرە مینبەرن، قەتیسبوون و بەرتەســکبوونەوەی ئازادی، لەدەستدانی خۆشەویســتان، خۆشەویســتیکردنی ڕوحــی لەگــەڵ ڕەگــەزی پێچەوانەدا، هیواخواستن بۆ دەستکەوتێکی دەگمەن و تایبەت، زۆر بابەتــی تر مایــەی بزواندن و داگیرکردنی خەیاڵات و ئەندێشــەی مرۆڤــن، تــا کاریگەریــی هەژانــەکان قووڵبن، بەرهەمــی زۆرترو نایابــی نوســەرانیش لەدایک دەبن، چونکە هاوکێشــەکان بەدیوی یــەک ڕاســتەهێڵدان، کە ســەرچاوەکانی تەقینی کانیــاوی هەژانی ناخ نەما، نوســینیش گۆڕانکاری بەســەردا دێت، ڕەنگە داڕشــتنی نوســین بــێ هەژانێکی ڕووحی، تــەواو لێکدانــەوە دەروونییەکان

خاڵی نەکاتەوە، بە هەمان شـێوەی ســاماڵی ئاســمانێکی ساف و بێگــەرد، چونکە کەمتــر مرۆڤەکە خۆی خواردووەتــەوەو تێکەڵی جیهانی تایبەتی ئەندێشەو خەیاڵات بووە، نوسین بێ هەژانی بیرو ڕوح کەمتر ئافەرین هێنەرە، بەڵکو کەرەسەی دەربڕینێکی ئاسایی هەستی نوسەرە بۆ دیاردەیەک، یا بەرامبەر شتێک کە ڕووکەشانە دیاردەکە لە خەوو خولیایدا خول دەخوات، لە قووڵایی دیاردەکەدا نوغرۆ نەبووە.

ئەدەبی بەرگری زۆرتر دەربڕینی هەســت و نەستی نوسەرانی نەتەوەییە لە ســەردەمی زەوتکردنی ئازادییە گشــتییەکان لەلایەن دەســەڵاتدارانی دیکتاتــۆرەوە دژی میللەتانی چەوســاوە، چونکە نوســەرەکان هەمیشــە لە بازنەی خەوو خولیــای دابینکردنی نان و ئــازادی و ڕزگاربوونیــان لــەو دەســەڵاتە داگیرکــەرە دەژین، هەڵبژاردنــی ســەنگەری میللەت دەکەنــە ســەنگەری بەردەوامی بەرگریی ژیان، لەو مینبەرەوە داهێنان لە نوسین و بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، کە ئازادی فەراهەم بوو، گەیشــتە هەموو چین و توێژەکانــی کۆمــەڵ، بەڕێکردنی ژیان لە ســایەی بوونی ئازادیدا بووە سیســتەم، خەڵــک کەمتر دەبنە خوێنــەری ئەدەبی بەرگری، بۆیە نوسەرانیش کەمتر خۆیان لە نوسینی ئەدەبی بەرگری دەدەن. هەمیشــە تازەیــی داهێنانی نوســەران بەرئەنجامی کێشمەکێشــی خــەوو خولیای دەروونیانــە، خوێنەرانی کــورد، لەتیف هەڵمەت-یــان وەک شــاعیری ئەدەبــی بەرگری، لە ســەردەمی نەبوونی و حەشاردانی خۆری ئازادیدا ناسی، لەناوەڕاستی حەفتاکاندا. ئێستا هەرچەنــدە ئازادییش فەراهــەم بووە، بەڵام نایەکســانی مامەڵەی دەســەڵاتداران لەگەڵ هاوڵاتیاندا بــەردەوام هەیە، دووبارە هەمان شــاعیر، ئازارەکانی تاکی میللەتەکەی دەبینێت، بە شــێوەیەکی تر لەڕەخنەگرتن لەســەرانی دەســەڵاتی گوێنەگر بەســەر میللەتەوە بەردەوام دەبێت، ئەمەش ئەو ڕاســتییە دەســەلمێنێت کە شــاعیر

بــە شــێوازێکی تر بەردەوام لــە خەوو خولیــای ئازارەکانی تاکی میللەتەکەیدا ئاوێزان بووە. خەوو خولیاو ئەندێشەی کەڵەکەبوونی سۆزی ڕاســتەقینەی عەشقیش زۆرتر لە ڕەنگدانەوەی دووری و بەیەکنەگەیشــتنی عاشقانەوە ســەردەردێنێت، کە هەردەم لەبیری یەکتــردان و لەبازنــەی خەیاڵاتــی پێکەوەبوون و بەیەکگەیشــتن بەیەکدا دەخولێنەوە، چونکە یەکدی نابینن و ڕێگرەکانی جێ ژوان و بەیەکگەیشــتن لەنێوانیاندا زۆرن، بۆیــە گینگڵدان و لێکدانەوەی ئەندێشــەو خەیاڵات بۆ بەیەکگەیشتن فەراهەم دەبن، ئەم خەیاڵات و ئەندێشــەیەش لای مرۆڤە بیرکــراوەکان و خاوەن ئەفراندنەکان داهێنان و هەڵڕشتنی وشەی جوانی لێ هەڵدەهێنجرێت، هەڵهێنجانی وشەی زادەی ســۆزی عەشقیش لە داڕشتنی هەمەڕەنگی ئەدەبی شــیعر، چیــرۆک، تــا ڕۆمانیــش ڕەنــگ دەداتــەوە، بێگومــان بۆ هونەرمەندانیش هەمان ئاراستە خۆی دەبینێت، داهێنانی دەگمەنی عاشــقان ڕەنگدانــەوەی ســۆزی خۆشەویســتییە بــۆ هــۆکاری داهێنانەکە، یان بەدیوێ تردا بینینی ناسۆرو نەهامەتی ژیان، مرۆڤ ڕادەکێشێتە جیهانی داهێنانی دانسقەوە لە دەربڕیندا، چ نوسین بێت یا داهێنانێکی هونەری، ئەگەر ژیانی حەســەن زیرەک ئەو هەموو نەهامەتییەی ژیان و گەڕان و بێکەسی و چەشتنی ئێش و ئازاری تێدا نەبووایە، ئەو هونەرە جوان و وشــە کەلەپوورییە کوردیانە لە دایــک نەدەبوون لە دەربڕینی دێڕی گۆرانییەکانیدا. بەپێچەوانەوە، بەیەکگەیشــتن و بوونی زوو زووی بینینی جێ ژوان حەســرەتی دووری خەیــاڵ و ئەندێشــەکان کەمتردەکاتەوە، عاشــقان کەمتر حەســرەتی یەکتربینیان هەیە، بەتایبەتی لەســەردەمی سۆشــیال میدیادا کە کەناڵەکانی بەیەکگەیشــتنی عاشــقان زۆرن، پێشتر کە سەردەمی نەبوونی ئامێری پەیوەندیی کەسێتی و کەمتر ڕەخسانی بواردانی بینین بوو، نەبینین ڕوحکێشانێکی دەروونی سەخت بوو لای عاشقان، لەسەردەمی نەبوونی ئامێرەکانی پەیوەندی. ڕێگری

ڕێگاکانی بەیەکگەیشــتن، هەلومەرجی خۆخۆواردنەوەی خەیاڵات و ئەندێشــەی دەروونی بــۆ ژووان دەهێنایە کایەوە، ئەو خەیاڵات و ئەندێشە پێکەوەبوونەی سەردەمی سۆشیال میدیاو پێکەوەبوونی دڵە حەسرەتدیدەکان بۆ یەکتر، درکاندنی ڕازو نیازی عاشقانەش، لای هەندێ لە تاکەکان جاروبار مایەی تەقینی کانیاوی هەڵڕشتنی ســۆزە لە بۆتەی نوسیندا، بۆ ڕاکێشــانی زیاتر بۆ ئامێزی یەکتر، بەڵام بە شــێوەیەکی گشــتی ئێســتا بەهۆی بوونی کەرەســەکانی پەیوەندی و تێکەڵبوون و قســەکردن تا بینینی یەکتری لە ڕێگەی شاشــەکانەوە، پیرۆزی هەڵڕشــتنی سۆزی ڕاســتەقینەی عەشق کەمتر لەنێوان عاشــقاندا مــاوە، کە هەژانی ڕوحــی لێبکەوێتەوە، هەندێ لە پەیوەندییەکان لە ڕووحییەوە بووە بە کات بەسەربردن و دەســگەرمکردنەوە بەیەکتــر، بێگومــان ئەم جــۆرە پەیوەندییە کاریگەرانــە ناخی عاشــقان ناهەژێنــێ و دەربڕیــن و پیاهەڵدانی خەیــاڵاوی ناهێنێتــە مەیدانی داهێنانــەوە. بۆیە بــە دیوێکی تردا، دەتوانین بڵێین لە ئێســتادا داهێنان و ئەفراندنەکانی هەژانی ناخ و ڕوح تەواو کەمبووەتەوە لە چوارچێوەی ئەفراندنی نوسیندا.

## (٢)

# ژن بوون

ژن بـــوون، وەک زاراوەیەک ئاماژەیە بـــۆ بەڕێکردنی ڕێڕەوی ژیانـــی ڕۆژانـــەی یەکێک لە ڕەگەزەکانی مرۆڤ لـــە کۆمەڵگەدا کە هەمـــان مافەکانی ڕەگەزی بەرامبەری نەبێت، کە ڕەگەزی مێینەیە، بـــە بەراوردی ڕەگـــەزی نێر. ڕەنگە زاراوەکە لـــە بواری پراکتیکدا لەگەڵ تێڕوانینی کەســـانی بیرکراوەو فیمینیزمیـــدا یەکنەگرێتەوە، لـــەو ڕوانگەوەکـــە ژن پێش جۆرێک لە جۆرەکانـــی ڕەگەز مرۆڤە. دەکرێـــت مرۆڤبوون وەک چەمکێکی گشـــتی بۆ هەردوو ڕەگەزی مرۆڤ بێ جیاوازی بەکاربێت، کە زاراوەی مرۆڤبوون دێتە ســـەر زمان، کەشـــوهەوای ژن بـــوون، وەک زاراوە بوونـــی نامێنێت، لە ڕووی یەکســـانی مافەکانەوە، هەردوو ڕەگەز وەک یەک و مرۆڤ دەبینرێن. جگە لە پێکهاتەی جەستەیی، هۆرمۆنی، سروشتیبوونی چەنـــد ئەندامێک، هەڵگری چەند ســـیفەتێکی بۆماوەیـــی تایبەت بە ڕەگـــەزەکان، جیاوازییەکـــی گەورە لە نێـــوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا لەڕووی پێکهێنانی هەســـت و نەســـت و بیـــرو ژیرییەوە نابینرێت. جیاوازیـــی گەورەی ناســـینەوەی ڕەگەز لە مێشـــک، بیر، زیرەکی توانـــای مرۆڤەکانـــدا وەک بوون هەســـتی پێناکرێت، چـــی پیاوان

ئەنجامــی بدەن، ژنانیش دەتوانن ئەگەر زەمینەیان بۆ بڕەخســێت، هــەروەک جــار هەیــە بەڕێوەبردنی هەرەمی دەســەڵاتی وڵاتێکی گەورە لەدەستی ژندایە. بەڵام لەبەرەبەیانی مێژووەوە، لەکۆمەڵگەدا نایەکســانی و بەرتەســککردنەوەی مافەکانی ژیان بۆ تاکی مێینە زۆرتر لە بۆســەدا بــووە جیاوازیی گەورەی لە نێــو ڕەگەزەکاندا دروســتکردوە، هــەر لەو مینبــەرەوە ژن بــوون هاتۆتــە ئاراوە. جیاوازییەکان هێندە نوغرۆبوونە لە نێوان بیرو ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ڕەنگە هەندێ کەس نەک هەست بەبوونی جیاوازییەکان نەکەن، بگرە بە مافێکی سروشــتی نێوان ڕەگەزەکانیشــی بزانێت. ئــەم جیاوازییانــە وەک مامەڵەکردن لەگــەڵ دابینکردنی مافەکانی ڕەگەزی مێینەدا جۆرێک ڕەگی داکوتاوە، ڕۆژبەڕۆژ جیاوازییەکە گەورەتر بووە، لە ســەر بەرتەســکبوونەوەی ڕووبەری مافەکانی ژنــان دەســەڵاتی پیاوان بەســەر ژناندا باڵاتر بــووە، تا زاراوەی پیاوســالاری هاتۆتە ئاراوە. دواتر لە سایەی کومەڵی پیاوسالاریدا زاراوەی ژن بوون وەک دیاردە باس کراوە، ئەگەر زاراوەکە تەنها ئاماژەدان بێت بۆ دۆخێکی ڕەگەزی مرۆڤ، کێشەی ئەوتۆی نییە، بــەڵام دیاردەکــە لــە ڕەچاونەکردنــی مافەکانی ژنانەوە ســەری دەرهێنــاوە، هــەروەک پیاوبــوون وەک زاراوەیەکــی بەربــڵاو بەکارنایــەت بــۆ دۆخی پیــاوان لەکومەڵــدا، لەو ڕوانگــەوە کە لە کۆمەڵگــەی پیاوســالاریدا ژنان هەمــان مافەکانــی پیاوانیان نییە. پیاوســالاری زۆرتــر لەگــەڵ چەمکــە گشــتییەکەی کارەکانی ناو کۆمەڵگەدا خــۆی دەســەپێنێت، لەڕاپەڕاندنی زۆربــەی کارەکانی خێــزان و دەرەوەی خێزاندا. لــە ناوەندە توندئاژۆکانی دژی مافی ژناندا، پیاوو پیاوسالاری بزوێنەری سەرەکی زۆربەی ئەرکەکانە، پێش مرۆڤبــوون کە پێکهاتەی هــەردوو ڕەگەزەکەیە. ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە ژن بوون چۆنێتی گوزەرانی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی ژن و کێشەکانییەتی لەکۆمەڵگەدا، وەک ڕەگەزی مێینەو تەواوکەری

نیوەکـــەی تری کۆمەڵگە، کە لە هەردوو ڕەگەزەکە پێکدێت. ئەگەر لـــە ڕوانگەی مرۆڤبوونەوە بێ جیاوازی بۆ ڕەگەزەکان بڕوانرێت، پیاوســـالاری یـــان ژن بـــوون، بەهایەکیان نامێنێت. بەڵام لەســـەر بـــواری کرداری دوورمەودای کۆمەڵگەی پیاوســـالاریدا، جیاوازی گەورەی مامەڵەکـــردن لەکۆمەڵگەدا لەگەڵ ڕەگەزەکاندا دەبینرێت، لەزۆربەی وڵاتانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی چوارچێـــوەی دەســـتوریان لەســـەر بنەمـــای کەشـــوهەوایەکی پیاوسالارییانە دارێژراوە. ژن لەم کۆمەڵگەیەدا بوونەوەرێکی ژیان پڕ ناســـۆرە، مافەکانی مەیســـەر نابێت، ڕەنگە ژن وەک ڕەگەزێکی مێینەی پەروەردەی ژیانێکی قەتیســـکراوی ناو خێزان و کۆمەڵگە، کە نیگاکانی تا سنووری بازنە کێشراوەکەی ئاسۆی بینینی ژیانی دەڕوات، بـــە ناچـــاری بەهەلومەرجەکـــە ڕازی بێـــت، لەدۆخی ژن بووندا کە بەرۆکی خۆی و هاوەڵەکانی دەگرێت، کەمتر هەست بە جیاوازییە ڕەگەزییەکان دەکات، یان بەو جۆرە کاریگەری لەســـەر ڕەوتـــی ئاســـایی ڕۆژانـــەی ژیانی نەبێـــت، بەو ژیانـــە ڕازی بێت کەبەڕێـــی دەکات، چونکـــە لەگەڵ مەودای خولـــی ژیانی داخراودا ڕاهاتـــوە، تێڕامانەکانـــی لەســـنووری مافـــە فەراهەمبووەکانیدا بۆ چـــواردەوری بەجۆرێـــک دەکات، بە بـــەراوردی لەگـــەڵ ژیانێکی کراوەی پڕ مافی ڕەگەزی بەرامبەردا ڕازی بێت، وا مامەڵە دەکات، کە نەریت و سروشت ئەم مافەی پێبەخشیوە، کەڕەگەزی بەرامبەر هێندە ڕەهاو ئازادو ئەم یەخسیری زۆربەی نەریتی کۆنی کۆمەڵگە بێت. لەگەڵ ئەو دۆخەدا جۆرێک ژیان بەڕێ دەکات، کە لە سنووری ڕێـــڕەوی ژیانـــی ڕۆژانەیدا بەپێی تێڕوانینی خـــۆی ئازادە، چونکە ئەودیو سنوورەکە نابینێت، هەرچەندە جیاوازییەکان بە گەورەیش ببینێت، لای ئاساییە و پێیوایە مافەکانی سنووردارن و فەراهەمبوونە، ناکرێت ژن هەمان ڕادەی ئازادیی پیاوی هەبێت، بە پێی ئەو مافەی پێیدراوە لەناو ئەو نەریتەی کە کردوویەتی بەکۆیلە، بەهیچ جۆرێک

بۆ بینینی دەرەوەی بازنە کێشراوەکەی سوڕی ژیانی پەل ناهاوێت، تا ڕادەیەکیش ئاسودەیە، چونکە کە مرۆڤ خواستی بۆ بەدەستهێنانی مافی زیاتر نەبێت، کۆشش نەکات، تێڕوانییەکانی تا سنووری دیاریکردنی مافەکانییەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەو خێزاندا، بەپێی ئەو ژینگەی تێیدا گەورە بووە. لەگەڵ نەشونماکردنی گەشەکردنیدا، چەندە چاوی بۆ دەوروبەر کردووەتەوە، بەو ئەندازەیە هەموو مافەکانی بەبەرجەستەیی لە ژینگەی پێگەیاندنیدا دەبینێت، هەرچەندە جاروبار هەست بە جیاوازی مافەکانیشی بکات لەگەڵ نێردا، پێیوایە هەلومەرجی ژیان هێندەی پێ ڕەوا بینیوە، ژیان ئەو جیاوازییەی مافەکانیانی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا پێبەخشیوە. ئەمانە بەگشتی بۆ ئەو ژنانەی کە لەناو دابونەریتێکی داخراوی کۆمەڵگەدا دەژین، ئاستی بیرکردنەوەیان قەتیس کراوە، هەنگاوەکانی فراوانکردنی بیر بەلایاندا گوزەر ناکات و داخراون لە بیرکردنەوەدا. تاک تاک ژنی بوێر، چالاکوانی مەدەنی، خەڵکانی بیرکراوەش بوونیان هەیە، ملیان بۆ نادادییەکان نەداوە، بەتوندی بەرەنگاری بونەتەوە، لەبەرامبەردا توشی کێشەو گرفتی زۆر بوونەتەوە، بەڵام خۆڕاگری، نادادی، فشاریان لێدەکات مکوڕبن لە سەر کارەکانیان و واز نەهێنن. بە پێی چالاکی و تواناکانیان تا ڕادەیەکی باش بوونەتە سەرمەشقی شکانەوەی بەستەڵەکی بەستوی ڕێگە تاریک و نوتەکەکانی بەردەم مافەکانی ژنان، لەوێنەی، قاسم ئەمین، نەوال سەعداوی، لە کۆمەڵگەی میسریداو چەندەهای تر لە وڵاتانی دنیاو خۆماندا، کە ئازاری زۆریان لە پێناو بەرگریکردن لە مافەکانی ژنانی میسرو جیهان بینیوە، بەڵام هەر وازیان نەهێناوە. بەدەگمەن ژنی ئازادیش هەن هەر لە منداڵییەوە بە پێی سروشتی پەروەردەی خێزانەکانیان و پێکهاتەی کەسایەتیان ملیان بۆ دیاردەکان نەداوە، چونکە لە کەشوهەوای ئازادیدا گەورە بوون، نەکەوتونەتە گلێنجانەی

دواکەوتویـی نەریتـەوە. ڕەنگە لەئاسـتی تاکیشـدا ژن هەبووبێ، تێکشکاوە لە بەرامبەر توندوتیژییەکانی کە بەرەوڕووی بوونەتەوە، ناچـار ملی بۆ نادادییەکان داوە، چونکە ڕێگرییەکان هێندە زۆر و بۆر بوون، هێرشـی بێ بەزەییانەیان بۆی هێناوە، ژیانی کەوتۆتە ناو تەلبەندێکی مەترسییەوە، دەرچوون لێی مەحاڵ بووە، بەناچاری دەسـتبەرداری مافەکانـی خـۆی بـووە، تەنانـەت بەشێکیشـیان لەئەنجامـی ڕووبەڕووبوونـەوەی چەوسـانەوەی زۆرو بـۆرو کۆڵنەدان بوونەتە قوربانی و گیانی خۆیان لەو پێناوەدا بەختکردوە. ئەو کۆمەڵگەیانەشی سنووری نەریتی خۆسەپێنەرو دروستکراوی پیاوسـالاریان لە چوارچێوەی دەسـتوردا بڕیوە، دەستور ڕێگەی ئـازادی بـە هەردوو ڕەگەزەکـە داوە، هەردوو ڕەگـەز لە ڕووی مافـەوە یەکسـانن بـە پێی دەقـە یاسـاییەکان، لـە ڕەنگدانەوەی بەڕێکردنـی ژیانی ڕۆژانەی ژن بووندا کێشـەی جیاوازی ڕەگەز نابینرێـت، کێشـەکان وەک مرۆڤ بەرەنـگاری تاکەکانی کۆمەڵگە دەبنەوە، نەک ڕەگەز، هەسـت بە هیچ چەوسـانەوەیەکی ڕەگەزی ناکرێت. بـە پێچەوانەی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لەمێژە جیاوازی لە مافی ڕەگەزەکاندا ڕەگی داکوتاوەو بووەتە نەریت و خەڵک پێوەی پابەنـدن، دەسـتدەگرن بـە پاراسـتنیانەوە، ناتوانـن بەئاسـانی لەچوارچێـوەی نەریتـەکان لابـدەن. پێویسـتییان بـە شۆڕشـی هۆشیاری کۆمەڵگەو کردنەوەی بیری تاکە، وەک هەوڵێکی کەسی. لـەم مینبـەرەوە خۆڕزگارکردن لـە جیاوازی نێـوان ڕەگەزەکان کارێکی ستەمە بە چاوەڕوانی خێرایی ئانوسات ناکرێت، پێویستی بـە تێپەڕینـی کاتی زۆر و کارکـردن و قۆڵهەڵماڵینـە، بۆ گۆڕینی دابونەریت بۆ ئاسـتێکی پێشکەوتووتر لەوەی کە هەیە. هەرچەندە کرانەوەو هەنگاونانی لەسەرخۆی ڕۆژگار، بەرەو فڕێدانی هەندێ کاژی بەرگـی قەتیسـبوون، دۆخی ژنانی لە کێشـەکانی سـاڵانی پێشـتر قوتارکردوە، وەک بە زۆر بە شوودان، ژن بە ژن، گەورە

بە بچووک...، لەم بوارانەدا هەنگاو نراوە، کە ڕۆژگارێک دەستیان نابــووە بینە قاقــای ژنان، بەڵام ئەمە بە مانای دابینکردنی تەواوی مافەکانــی ژنان نایەت، بەڵکو هەنگاونانێکە بۆ پێشــەوە، بۆ لادانی تارمایی پێــش دابینکردنی کۆی مافەکانی ژنــان. هەنگاونانەکەش هێنــدە ڕەوتێکــی بەرەوپێشــچووی کیسەڵئاســایە لەگــەڵ پێداویســتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ژنانی ســەردەمدا ناگونجێت و ناتوانێــت هەنــگاو بنێت. چونکە تێکــڕای ژنان ناتوانن هاوشــانی پیاوان بۆ مافەکانیان لەم ڕۆژگارەدا هەنگاو بەرەو پێشــەوە بنێن. ســەرەڕای کرانەوەی ســەردەم، دۆخەکە سســت بەرەو پێشەوە دەڕوات. ژنــان دەیانەوێت لە ڕێگــەی ڕێکخراو چالاکوان و کۆڕو ســمینارەوە هەنگاونانــەکان بــەرەو کرانەوەی زیاتــری کۆمەڵگە بەڕووی مافەکانی ژناندا خێراتر بکەن. بەڵام دووبارە پەیوەستبوونی توندئاژۆییانــەی هەندێ تاکی کۆمەڵگــە بەنەریت و ڕێگرەکانەوە، تەگــەرەی خســتۆتە پێش دیاردەکــە. ئەگەر ســەرۆکی خێزان، یا ئەوانەی پلەی لێپرســراویەتییان بەســەر ژناندا هەیە. چالاکوانانی مافەکانی ژنــان لەکارەکانیان نەشوەســتێنن خاویان دەکەنەوە لە هەنگاونانــی بەگــوڕی چوونــە پێشــەوە. دیــاردەی پێشــکەوتنی مافەکانی ژنانیش گشــتگیر نییە لە هەموو ناوچەکاندا، جیاوازی لە نێــوان، شــارو لادێ تــا خێزانەکانــدا دەبینرێــت، خێــزان هەیــە زۆربەتوندی دەستی بە پاراســتنی کۆت و نەریتەکانەوە گرتووە، خێزانیش هەیە هەر ڕووکەشــانە، بەڵام ئەوانەی بەتوندی ڕەقیبن بەسەر ژنانەوە، ژنانی پەروەردەبووی ناو خێزانەکانیان، بەئاسانی قوتاری دەست بارودۆخەکە نابن. خێزانیش هەیە زیاتر دەکرێنەوە بە ڕووی کۆمەڵگەداو کاریگەرییان لەسەر ئەندامانی خێزانەکانیان هەیــە، تا زیاتــر مافەکانی ژنان فەراهەم کەن. بە گشــتی کرانەوە بەڕووی مافی ژناندا لە هەموو کۆمەڵگە نیشــتەجێکاندا وەک یەک نییەو شوێن تا شوێن و خێزان تا خێزان بەرزی و نزمی بەخۆیەوە

دەبینێت. ئەوەی مایەی دڵخۆشــییەو پێویســتە ئامــاژەی پێبدرێت هەنگاونانــەکان بــۆ گۆڕینــی دۆخی ژیانــی ژنــان و دابینکردنی مافەکانیان بەرەو باشتر نەوەستێنراون، سەرەڕای بوونی ڕێگری زۆرو کارەساتی ناخۆش و تا کوشتنی ژنانیش، بەڵام ڕچەشکاندن و دڕدانی بەرگی ئەستوری زۆربەی نەریتە نەشیاوەکان بۆ تەنکی و دڕانــدن و نەمان هەر بەردەوامن. ئەوەی کێشــەی ســەرەکییە نیگای بەشــێکی پیاوی کورد بۆ ژن نیگایەکی سێکسیانەیە، چونکە پیــاوی کورد لە منداڵییــەوە چەپێنراوە، دیاردەکە تێکەڵ بە خوێنی بــووە، ترســی ژنیــش لە پیــاوی کورد ترســێکی دروســتکراوی کەشوهەوای جیاوازی مامەڵەی ڕەگەزییە، ژینگەی بارودۆخی ژن و چەوســانەوە، دروســتیکردوە لە زۆربەی ناخی ژنەکاندا ڕەگی داکوتــاوە، لەپیاوان دەســڵەمنەوە. ئــەم دوو ڕەگــەزە لەزۆربەی کۆمەڵگەکانــدا هیچیــان تێکــڕاو بەیەکــەوە، وەک مرۆڤبــوون بێ جیــاوازی کار بــۆ دابینکردنی مافەکانی ژنان ناکــەن. ژمارەیەکی کەم پیــاوان هــەن، ئەوانەی کە بیرکــراوەو نوســەرو چالاکوانی وەدەســتهێنانی مافەکانــی ژنانن، لە بــواری دابینکردنی مافەکانی ژناندا بەردەوام کاردەکەن، مامەڵە لەگەڵ ژندا وەک مرۆڤ دەکەن. بەدروســتی ئەرکەکــە کاری ژنــان خۆیانــە، کــە دروســتکردنی ژینگەیەکــی دروســتکراوی فەراهەمبــووی مافەکانیان بە هەوڵ و کۆششی خۆیان دابین بکەن، لە ڕاستیدا کەمترین ژمارەی ژنانیش قۆڵیــان لێ هەڵماڵیوە چالاکوانی دابینکردنی مافەکانی خۆیانن. کار بــۆ فەراهەمبوونــی یەکســانی نێوان ژن و پیاو دەکەن، ســوورن لەســەر دابینکردنــی مافەکانــی ژنان لــە بەرامبــەر مافەکانیان لە کۆمەڵگەیەکی پیاوســالاریدا. ئەمەش کارێکی وایکردوە دەرچونی ژنــان لە ژێر نیگای سێکســیانەی پیــاو دەرچونێکــی کەمژمارەو ڕەوتێکی لەســەرخۆ بێت. بۆیە کێشــەکانی ژن لە کۆمەڵگەدا وەک خــۆی ماوەتەوە، تا ئێســتا ناتوانرێت ئامــاژە بدرێت کە جیاوازی

ڕەگەزی هەستی پێناکرێت، لەگەڵ دەقشکاندن و قوڵ لێهەڵماڵینی بەشێکی ژنان لەبواری جێندەریدا. ئەگەر هەموو خێزانەکان جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەکاندا نەکەن، هەموو ئەندامانی خێزانەکان بە چاوێکی یەکسان سەیر بکرێن، دیاردەکە بەئاسانی بوونی نامێنێت. بەڵام تا بە یاسا کۆی مافەکانی ژنان وەک پیاو دابین نەکرێت، دەرچوون لەم تەنگەژەیە ئەستەمە، چونکە کاتێک بە یاسا وەکیەکی مافەکانی ڕەگەز ئاماژەی پێدرا، هەنگاونانی بەرەوپێشچوونیش چالاکانەتر قۆناغەکە دەبڕێت. تا کار بەچوارچێوەی کێشراوی پیاوسالاریش بکرێت، یاسا لەبەرژەوەندی کۆی مافەکانی ژنان دەرناچێت، بۆیە لەگەڵ کارکردنی ئەو هەموو ڕێکخراوو چالاکوانانەی بوارەکەدا کێشەکان کەم و زۆر هەردەمێنن.

(٣)

## ژیان و پێویستی سۆزوەرگرتن و سۆزبەخشین

ژیــان بــەڕووی تاکــی مــرۆڤ لــە کۆمەڵگــەدا گوزەراندن و بەڕێکردنی کاتە، بەرەو لوتکەی کۆتایی تەمەن کە مردنە، دیارە لە درێژەی بەسەربردنی تەمەنی مرۆڤیشدا هەورازی ڕووەو خۆشی و نشــێوی خلۆربوونەوەی ناخۆشــی هەن، مرۆڤی ســەرکەوتوو ئەو کەســەیە وەک چۆن هەورازەکان بێ گوێدانە هەناســەبڕکێی فشــارهێنەری تەنگەنەفەســی، بۆ بەرزایی و گەیشــتن بە خۆشی دەبڕێت، نشــێوە ئەژنۆ شکێنەکانیش بێ گوێدانە ڕووەو ناخۆشیی ئــازاری جومگــەکان بــەڕێ بــکات، ئەمەش بــە پێــی کاریگەری ســەختی هەورازو هەڵدێری نشــێوەکان و بەرگــری و خۆڕاگری مرۆڤــەکان دەگۆڕێــت. دیــارە دوای بڕینــی هەورازو نشــێویش، تەختایــی پشــودان و کەمشــەکەتی لەژیاندا دێتــە مەیدان. مرۆڤ لــە بەڕێکردنی تەختاییدا کەمتر شــەکەت و مانــدو دەبێت، زۆرتر ئاســودەیە. ناکرێــت کاریگەریــی ســاتە خەمناکەکان بــە تەواوی لەســەر مرۆڤەکان بنەبڕبکرێت، هەروەک چــۆن ناتوانین ژیانیش هەمووی خۆشــی و شــادی بێت، بێ ئازارو خــەم. بەڵام دەکرێت بارەکە لارەســەنگ بکەین و لەگەڵ کەمترین ساتە ناخۆشییەکانی

تەمەن، زۆرترین ساتەکان بۆ خۆشی و شادی ژیان بەڕێ بکەین، بە دانانی بەرنامەو وەلاخستنی خەم و ناسۆری چەشتنی سوێی ئازار. ئاسودەیی لەگەڵ بەڕێکردنی ژیاندا دەستەبەر بکەین، ئەمەش بە دانانی بەرنامەی داڕێژراوی تاکەکەسی، خۆڕاگری لە ژینگەی شیاودا فەراهەم دەبێت. هەرچەندە ژیان لەم وڵاتەدا زۆربەی بەها جوانەکانی لەدەستداوە بۆتە کێشمەکێشی خۆدەوڵەمەندکردن، بگرەو بەردەی دەستبڕین و دزی و ڕاووڕووت تا دێت زیاد دەکات، ئەمەش مایەی بێزاری و ئاڵۆزیی دەروونییە لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە، بەتێکڕای بوون و نەبوونیشەوە، بوونداری ەکان کێشەی کەڵەکەبوونی زیاتریان هەیە و نەبوونەکانیش خەمی پڕنەکردنەوەی پێویستییەکانی ژیان. بەگشتی چینەکانی کۆمەڵگە بووەتە دوو چین، کەمینەییەکی دەوڵەمەندو زۆرینەیەکی هەژار، چینی مامناوەند لە لێواری نەماندایە. هەرچەندە مەرج نییە کێبرکێ لەسەر دیاردە نەشیاوەکان لە ژیاندا زۆرترین ژمارەی خەڵک بگرێتەوە، هیچ کۆمەڵگەیەک نییە تەواوی تاکەکانی دەستبەرداری بەها جوانەکانی ژیان بن و تێکڕا ڕووبکەنە دیاردە دزێوەکان و گەندەڵی. بەڵام ڕێژەکە هەرچەندە کەمیش بێت سیمای گشتی خۆشگوزەراندنی کۆمەڵگە تێکدەدات. ڕۆژانە کاری نەشیاو، هەواڵی دیاردەی بزێو ئاسۆی بیرت دەتەنێت، خەمت دەداتێ، دەنگ و باسی وا پەردەی گوێت دەسمێت، لەمێژووی دێرینی کوردا زۆر کەم بیستراوەو نامۆیە بە کەلتوورو نەریت، بەڵام ئێستا دەبیسترێ و دووبارە دەبێتەوە. تاکە دەروازەی پشتکردنە هەواڵە دزێوەکان لای خەڵکی، بەو شێوازەی کاریگەری لەسەر ڕووخانی دەروونی نەبێت، بەرەنگاری و خۆڕاگرییە، ئەویش بە نیگاکردنی فراوانی دیاردەکان و لێکتێگەیشتنی قووڵ دەبێت، فراوانبوونی ژیری بیرکردنەوەش بەڕووکردنە جیهانی خوێندنەوەو هاوڕێیەتی کتێب دەکرێت. بەڵام ئەگەر زۆرترین ژمارەی کەسەکان بە پێی توانای

خۆیان، قوڵ هەڵنەماڵــن بۆ ڕامالینی دیاردە دزێوەکان، ڕووکردنە کتێبیش کار لەســەر هۆشــیارکردنەی گشــتیی کۆمەڵگە ناکات و زۆرتر ئاســودەییەکی دەروونی تاک دێنێتــە بەرهەم، بێ گوێدانە دیاردە دزێوەکە و ئاســودەیی گشــتی کۆمەڵگە. تا ئاسـۆی بیرت فــراوان بێت، فراوان بۆ دیاردەکان بڕوانیت، وردتر لە کارەســاتە دزێــوەکان تێبگەی، بێژنەو تەتەڵەیان بکەی، پاشــماوە و کۆتەڵیان لــێ فڕێ بدەیتە دەرەوە، بێگومــان خەرمانی خەم و خەفەتت کەم دەکەیتەوە، دەتوانی ســۆزیش بە بەرامبەرو نزیکەکانت ببەخشی. دەبێت هەوڵ بدەی لە ڕێگەی کتێبەوە پێداویســتییەکانی خانەکانی مێشک دابین بکەیت، بە پشتبەستن بە خود، ئاسودەیی و خەرمانی ســۆز کۆکەیتەوە. دەتوانی زیاتر ئاســودەیی فەراهــەم بکەیت بە بەخشین و وەرگرتنی ســۆزی کەسانی دەوروبەر، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە سۆزبەخشینیان ئارامت دەکاتەوە و لەبازنەی نزیکی پەیوەندییەکەتدان، چ منداڵ بێت یا دایک یاخۆشەویســت، بێگومان سۆزوەرگرتنی خۆشەویست ئارامی زیاترە کاتێک زۆرتر هۆگری بینینــی دەبیــت، پێچەوانەکــەی بۆ ســۆز بەخشــەریش هەروایە. هەروەک ئۆشــۆ دەڵێت: جەستە بەهەناســەدان زیندووە، ڕوحیش بــە عەشــق، زۆربــەی خەڵــک خەیاڵ دەکــەن کە ڕوحیــان هەیە، ئەگینا بێبەشــن لە ڕوح چونکە عەشــق ناکەن، ســۆز نابەخشن[١]. دەمێنێتەوە پێداویســتی ماددی و خواردنی جەســتە، پێداویســتی جەســتەیش مایــەی وەدەســتهێنانی بزواندنی ڕۆژانــەی مرۆڤە، بــەڵام کەمتر ئاســودەیی دەروونی دێنێتە مەیــدان، بگرە بوون و نەبوونی ماددەی زۆرتر پشــێوی دەروونی لێدەکەوێتەوە، کەواتە گەورەترین دەروازەی ئاســودەیی دەروونی بە سۆزبەخشــین و سۆزوەرگرتن، مەیسەر دەبێت، کاتێک بە تاسەوە ڕازو نیازەکانت لەگەڵ گۆڕینەوەی سۆزدا بۆ کەسێکی متمانەپێکراو باس دەکەیت. سۆزبەخشــین و ســۆزوەرگرتن جگە لە ئامێزگرتن و ڕاموســان

هاوکاریش لە ڕووە پێویستەکانی ژیانەوە دەگرێتەوە. چ هاوکاری ماددی بێت یا مەعنەوی، کاتێک خۆشەویستی خەو و خەیاڵت داگیر دەکات، مرۆڤ چۆن پێویستی بە سۆز وەرگرتنە و ئارامی وەردەگری، سۆزدانیش بە کەسانی نزیک و دەوروبەر پێویستی بەرامبەرە. هەردوولا پێکەوە تەواوکەری یەکترین لە پڕکردنەوەی کەلێنە دەروونییەکانی هەردوولادا. پڕکردنەوەی کەلێنەکانی دەروونیش ئاسودەیی دەهێنن، ئاسودەیی دەروونیش مایەی لەشساغی و تا تەمەن درێژیشە. سۆزبەخشین مرۆڤ خاڵی دەکاتەوە لە نائارامی، چ سۆزبەخشین بێت بە منداڵ یا کەسانی گەورە، سۆزگۆڕینەوەی خۆشەویستی ڕەگەزەکانیش بۆ هەردوولا پێویستە کاتێک تاکەکان هۆگرو عەوداڵی یەکتربن، هەڵهێنجان و هەڵڕشتنی سۆزی ڕاستەقینەی خۆشەویستی بۆ کەسانێک پێویستە کە لە ڕووی دەروونییەوە شەکەتن، بەتایبەتی کاتێک ئاڵۆزییە دەروونییەکان کینگڵ دەدەن لە ئەنجامی بەیەکداچوونی ئەندێشەو خەیاڵاتی دووری خۆشەویستان. کاریگەری عەشقی قووڵیش لە هزری مرۆڤدا هەردەمێنێت تەنانەت دوای لێکدابڕانیش، هەروەک مەولانای ڕۆمی دەڵێت: ماڵئاوایی لە عەشقدا تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە بەچاویان عاشق دەبن، چونکە ئەوانەی بەدڵ و گیان عاشق دەبن شتێک نییە بەناوی جیابوونەوە[٢]. سۆزبەخشین بەگیاندارانیش ئاسودەیی دەروونی فەراهەم دەکات، وادەکات گیاندارەکان زیاتر لە مرۆڤەکان نزیکببنەوە و ترسیان لە مرۆڤ نەبێت، پێکەوەژیان دروست بێت لە ماڵێکدا، لەکاتێکدا ئاژەڵەکان پێشتر سامناکیش بووبێتن، سۆزبەخشین پێیان ڕادەی ترسناکیان لە ماڵەکەدا کەمدەکاتەوە بۆ لێواری نەمان. تەنهایی و بێسۆزی دەردێکی کوشندەیە، هەرچەندە تەنهایی زۆرجار بۆ ماوەیەکی کەم، ئەزموونکردنی حەزەکانی مرۆڤی تێدا جێبەجێدەبێت، مرۆڤ لە تەنهاییدا حەزە کاتییەکانی مەیسەر دەکات، بەتایبەتی

ئـەو حەزانـــەی بەرهەمـــی بیرکردنـــەوەی تاکەکە خۆیـــن، ڕەنگە لای کەســـانی تر شـــیاو نەبن، بەڵام لـــە هەمان کاتـــدا تەنهایی بۆ ماوەیەکـــی دوورو درێـــژ کێشـــەی دەروونیش دەنێتـــەوە، چونکە نە سۆزبەخشـــینی تێدایە نە ســـۆزوەرگرتن. سۆزیش بە کەسێک نادرێت کە شایانی سۆزبەخشین نەبێت، یاخود تێڕامان بۆ هەموو کەسێک کانیاوەکانی سۆز لەمرۆڤدا ناتەقێنێت، هەموو کەس بواری هەڵڕشـــتنی ســـۆزی بۆ بەرامبەر نییە. هەژانی نـــاخ نایەتەکایە بۆ هەڵڕشتنی سۆز بەرامبەر هەموو نیگایەکی سەرسامکەر، بەگشتی جگە لەســـۆزی دایک کە سۆزێکی لەبننەهاتووی گشتییە و هەموو دایکێک ســـۆز بۆ منداڵەکەی هەڵدەڕژێـــت، بەتایبەتی منداڵی خوار تەمەنی چوونە قوتابخانە، چونکە بە ئێسکسووکی و جوڵانەوەکانی هێنـــدەی تر ســـۆز بۆ خۆی ڕادەکێشـــێت. بەڵکو ســـۆز لەخۆیەوە نایەتە تەقین. ڕەگەزەکان بە سەرسامبوون بەیەکتر سۆز بەرامبەر یەکتر دروســـت دەکەن. سۆزی خۆشەویستیی نێوان ڕەگەزەکان، پەیوەندی نزیکی و تێکەڵاوی دروســـتی دەکات، زەمینە ڕەخســـان بـــێ جوڵاندنی بەرامبەریش لە مرۆڤدا بۆ هەڵڕشـــتنی ســـۆز هەیە، بەتایبەتی سۆزدان بە منداڵی خۆت یان نەوەکانت، بەڵام جوڵاندنی منداڵ و وەڵامە ســـەیرو ســـەمەرەکانی ڕادەی ســـۆزەکە گەرمتر دەکات. جگـــە لە منداڵ و کەســـە نزیکەکان ئەو کەســـەی دەتوانی زەمینەی زیاتر بۆ تەقینی سۆز بوروژێنی، خۆشەویستی ڕەگەزێکی بەرامبەرە. کانیاوی ســـۆزەکە زیاتر دەتەقێت، کاتێک هەردوولا بە ڕوح خۆشەویستی دەکەن.

١-٢-بڕوانە، هەردوو ماڵپەری ئۆشۆ، فەلسەفە حیکمەت، فەیس بوک. ٢٠٢٤.

(٤)

# بەردەوامی ڕووانینێکی سەرپێیانە*

ژنە جوانە ڕێکپۆش و ئەفسانەییەکەی پانتایی جیهانی سەرنجدان بـۆ جوانییەکانـت، سەرسـامبوون بەبینینی ڕوخسـارت لەناخمدا ڕەگـی داکوتاوە، بەقووڵی هەسـتی پێدەکەم، ڕاڤەم کردون، تادێت ناخم دەسـمێت بەرەو قووڵایی و نوغرۆبوونی سەرنجڕاکێشـان، کارم تێدەکەن، دەمهەژێنن، بۆیە خۆڕسـکانەو بێ ئاوڕدانەوەیەک لە تۆوە لەگەڵ بەردەوامبوونی نیگاکردن بۆجوانییەکانت، کانیاوی سۆزی خۆشەویستیم بۆت دەتەقێ، سۆزت بۆ دەردەبڕم، سۆزێکی پاکـی ڕوحی، تەقیوی کانییەکی ڕوونی سـاف و بێگەرد بۆ ژیان. نەمـن نەتۆ نەخەڵکی تریش ناتوانین لە خۆوە، دروسـتکەری ئەو سـۆزە ڕاسـتەقینەبین، کە لـە بزواندنـی ناخـەوە هەڵدەقوڵێت، بێگومـان بێ هۆکاریـش نەهاتۆتە بوون، بەڵکو سـەردەرهێنەری جوڵاندنـی هەسـتێکی پـڕ هەژانی ڕوحە. هەسـتی سـۆزداریش ئەنجامـی کاریگەری ڕمـی جوانییەکان لە چەقینـی بیرو ناخ دێتە بـوون، ئەو خەڵکەش کە لەسـیمادا جوانییەکانت دەبینن و کاریان تێناکاو بێباکن، دیارە لەئاسـت بینینی جوانییەکانتدا نابیناو کوێرن، بۆیـە جوانییەکانـت کاریگەریان نییە لەسـەریان، کاریان تێناکات،

له کێشـــانی نەخشی لە ڕادەبەری سەرســوڕهێنەری جوانییەکانت غافڵن، یان زۆرتر شــەیدای جوانییە شــاراوەکانی جەستەن، پێش خوێندنەوەی جوانییەکانی ڕوخســار، بەهــۆی نەبوونی تێڕوانینی بیــری فراوانــەوە بۆ خوێندنــەوەی جوانی لە نــاوەرۆک و ناخدا، لەجوانی ڕوخســار تێنەگەیشتوون. ســەرهەڵبڕە، بزەیەک بنوێنە، نیگایە بکە بە تیللی چاو چواردەورت تەی بکە، مرۆڤە جوانبینەرو کەســیرەبووی جوانییەکانت بناســە، تێبگە! بزانە چەندەهای وەک من عاشقی جوانییەکانتن، لەسەر گۆی ئەم زەمینە، بەردەوام بۆت دەڕوانــن، تێــر نابن لە جوانی ڕوخســارت لە ئەنجامــی نیگایەکی شــەرمنانەی جەســتەیەکی ڕێکپۆشــی کوردانە. لۆژیک چیە؟ لەم چەرخــە بەیتوبالۆرە لێــدەرەی ئازادی مرۆڤدا، کە ســەری زمان و بنــی زمانی ئازادیخــوازان، ئازادی ژنانە بەمافی مرۆڤیشــەوە، بوارێکت بۆ نەڕەخسیَ، ئازادییەکت پیَ ڕەوا نەبینرێت، بتوانم بتبینم، سەربەســتانە تەماشــات بکەم، تێر لە جوانییەکانت بڕوانم، تێکەڵی جیهانی خەیاڵات و ئەندێشەکانت بم، لەگەڵ ئازارە خەفەکراوەکانتدا بژیــم، چێژیان لێوەرگــرم، دەرگای دڵتم بۆ بکەیتــەوە، ڕازەکانت بدرکێنی، بە پەرۆشــەوە گویَ بۆ ڕازو نهێنییە حەشــاردراوەکانت بگــرم، بێمــە ژێر چەتــری ناســۆرییەکانت، تا کەمێک لــە ئازاری کێشــە ئاڵۆزەکانت کەم بکەمەوە، بتدوێنم، ئاخافتن بکەین، گوێم لە تەلیسمی لەرینەوەی شەپۆلەکانی دەنگت بێت، کە هەست دەکەم لە مێشکمدا وەک سەمفۆنیایەکی سەرسوڕهێنەر دەمبزوێنێت. خۆتۆ لــە دەرەوەی ناردنی پەیامی مرۆڤدۆســتانەی مرۆڤایەتی نیت، تا هێندە سڵ لــە تێکەڵبوون و دواندن بکەیتــەوە، بڤەبێت لات. ژیان بەخوێندنــەوەی جوانییەکانی ژنانی لەمــەڕ ئێوەوە جوانتر دەبێت، ڕووانیــن بــۆ بەژنی ژنــان لەخۆیــدا بینینی نواندنی نەخشــاندنی جوانییــە کاریگەرەکانــە، چونکــە ژن ڕەگەزێکی جوانی پێویســت و کارامــەو بەبەهــای بەردەوامیبوونــی مرۆڤایەتییــە، تەواوکەرو

زادەی گەشەی ڕەگەزەکەی تریشە. ژیان بێ بوونی ژن، کوخێکی داخراوی بێ ئۆکسجینە، مرۆڤیش لە کوخێکدا بێ ئۆکسجین هەر ماوەیەکی دیاری کراو دەژی. جیاکاری و هەڵاویردییەک لە نێوان ڕەگەزەکاندا لەڕووی بایۆلۆژی و پێکهاتنی فسیۆلۆژی مرۆڤەوە هەست پێناکرێت، کە یەکێکیان لەوی تر بەتواناتر بێت، لە پێکهاتنی ئەندامە هاوبەشەکاندا. هەردووکمان مرۆڤین لە بۆتەی دوو جەستەی جیاوازدا دروست بووین، ئەوە سروشتی نادادپەروەری ڕێڕەوی ژیانە، ئەو پەردە جیاکارییەی دروستکردوە تا وەک دوو ڕەگەزی جیاواز ببینرێن، ئێوە لە ئێمە زیاتر پێوەی پابەندبن و بکەونە بۆتەی بازنەی دیلییەوەو ببنە قوربانی نەریتی داسەپێنەر بێ ویستی خۆتان. دیلبوونیش لە هەردوو جۆری دیلی جەستەیی و دیلی ڕوحی خۆی دەبینێتەوە، تۆ وەک جەستە دیل نیت، هەرچەندە لە خولانەوەی بازنەیەکی تەسکمەودای ژیاندا دێیت و دەچیت لە دەرەوەو ناوەوەی خێزان، هەست بەحەسربوونی ژیانی خۆت ناکەیت لە چوارچێوەیەکی سنوور دیاریکراوی قەتیسبوودا. بەڵام لە دیوی ڕوحییەوە، بەندیت، لەمەودایەکی تێکەڵبوون و پەیوەندیی تەسکدا ژیان دەبەیتە سەر، بەلاتەوە بووەتە ئاسایی، ژیان بردنەسەر تەنها لە ژوورێکی زیندانی بە دیلی دەزانیت، بەڵام کە بەڕوح ڕەهانیت، دیلیت، تەنراوی لە تەونی جوغزێکی هاتوچۆی کەمی ژیانداو ئازاد نیت لە پیادەکردنی مافەکانی ژنێتیدا. خۆت هەستی پێبکەی یان نا، زیندانی ڕوحیت، هەر کاتێک هەستت بە زیندانیبوونی خۆتکرد، بۆت ئاشکرا دەبێت قەتیسبوونی ڕوحی ناو داوی تەنراو تەواو فشارت بۆ دێنێت، هەست بە نا ئاسودیی دەکەیت، چونکە سەربەست نابیت لە پیادەکردنی پەیوەندییەکانتدا، پانتایی ئازادیت کۆنترۆڵکراوەو ڕەهانییە، ئەگەر ئێستاش بەندیبوونی خۆت بەلاتەوە ئاساییە، کاتێک بیرت بە تەواوی کرایەوە، بەراوردی ژیانی خۆتکرد لەگەڵ

ژیانی ئەو ژنانەی لە سـنوری ئازادیدا ژیان دەبەنەسـەر، هەست بەدیلبوونی ڕوحی خۆت دەکەیت. کە قوربانییەکی ڕێبواری ڕێگای پڕکێشـمەو نەبوونی دەروازەی ڕزگاری ئەو دیلیەی، کە کۆمەڵگە بە گشـی داوەکەیان بـۆ ناویتەتەوە بەهۆی بیرتەسـکی زۆربەی تاکەکانـی هـەردوو ڕەگەزەکـەوە لـە کۆمەڵگـەدا. پانتایی فەزای ئازادیت تەنراوە، بە نەریتی دروستکراوی حەشاردەر، ئازادییەکی کەموێنەی سنورێکی تەسکی داخراویان بۆ فەراهەم کردویت. ئەی مرۆڤـە جوانەکـەی دیلی دەسـتی نەریت و نادادپـەروەری ژیان، سـەرت بڵندو نـەوی مەکە، ئەوە ڕۆژگارە ئەو دۆخە ترسـناکەی دروستکردوە نەک ڕەگەزو بوونی خودت لە کومەڵگەدا، دڵت پڕکە لە هیواو ئاییندەی پرشـنگدار، کۆششی بەردەوام بکە، بڕوانە دڵی پڕ سۆزی مرۆڤە میهرەبانەکانی تر، هەرچەندە دانسقەو دەگمەنن، بەڵام لە دەورووبەرتن، دۆزینەوەیان ئەستەم نییە، بوونیان هەیە. هەسـتکردن بەبوونی خۆشـت وەک ژن، لەڕوویەکـەوە بەمانای هاوتایـی وەک یەکـی و گەورەیی مرۆڤە بـێ جیاوازیی ڕەگەزی، بـە خۆزگەوە بۆ بینینی جوانییـە هەمەڕەنگەکانی داهێنانی مرۆڤ بڕوانە، هەوڵبدە، لە هەموو بوارەکاندا کۆشـش بکە، بە یەکسـانی بواری کۆمەڵایەتیشـەوە، ژنە ناخ خۆ دۆزەرەوەکانی لە وێنەی تۆ بوونیان هەیە، کە لە ڕوخساردا بەدیلی دەبینرێن، بەڵام لە ناوەرۆکدا لەدنیای پڕ هیواو خۆشەویستی پڕ بەهاو ئارامکەرەوەی ئاسودەیی ڕووحدا دەژین، دڕ بە دیاردە نەشیاوەکان دەدەن، دڵنیابە دیلبوونت کاتییە و کۆتایی دێت، پێکەوە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانت بەکۆششـی نەبڕاوەتـان لە ڕۆژگاردا کەپرێکی سـێبەر ڕەهای ئازادیی بۆ ژن بوونتان دروسـت کەن، ناکرێت بەشـێکتان بەڕوخسار دیل بن بە کرۆکی بیرکردنەوی ڕوح ئازاد. دەبێت هەمووتان لەژێر چەترێکدا کۆبکرێنەوە، دڵ و بیر شوێنی کۆکردنەوەو گۆڕینەوەی ئاڵوگۆڕی نهێنـی دوور لـە عەقڵـە ژەنگگرتووەکانە، هاوکێشـەی دڵ و ڕوح

هاوتا کەن، لەســەر دوو ڕاستەهێڵی تەریب بێ یەکتربڕین هەنگاو بەرەو پێشــەوە ببەن، زۆرتر جوانییە شاراوەکانتان بێننە مەیدان، بیســەلمێنن مــرۆڤ مرۆڤــەو ڕەگەزبــوون جیاوازی بــۆ توانای مرۆڤبــوون دروســتناکات، ئــەوە کەڵەکەبوونــی خەرمانــی چەند ساڵەی نەریتە، پەتی ئەو جیاکارییەی دروستکردوەو خستویەتییە گــەرووی کۆی بیرە تیژەکانی مرۆڤایەتی، بە جوانی نەخشــاندنی ژیان دڕ بە ناشیرینبینەکان بدەن لە کۆمەڵگەدا، پەتی نایەکسانییەکان بپچڕێنن، تا بە پچڕاندنی پەتەکان و دڕدانی نادادییەکانی کۆمەڵگە، ژنکوشــتن کۆتایی بێت، مافەکانتان دەستەبەر بێت. هەوڵی خۆتان لەگەڵ پاڵپشــتی پیاوان تاکە ڕێگەی زامنی ئازادیی ڕەهاتانە وەک مــرۆڤ نــەک ژن. بوێــری بێنە مەیدان شــوێن و کاتــێ دابنێ بۆ بینین و تێکەڵبوون، با شــنەیە ســۆزی گەرمی ناخی هەڵقرچاومت ڕووبەڕوو کەمەوە.

* کاتێک بە ئەرشــیفی ســەردەمی ســەرەتای نوســینەکانمدا چومــەوە، ئەم نوســینەم بینی بە شــێوازێ ســادە نوســرابوو، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســەرەتای ساڵانی هەشتاکان، بەباشــم زانی جارێتر دایبڕێژمەوە، ئەم وتارە پەخشان ئامێزەی لێدروست بکەم.

## (٥)

## جوانترین ژنی دنیا لە هزری عاشقاندا

ڕەنگــە هەردەربڕینــی ڕســتەکە کــە بەرگــوێ دەکەوێت و بە هــزری کەســەکاندا گــوزەر دەکات، نەچێتــە خانــەی ڕەزامەندی ژیرییــەوەو بڵێ: خۆ مرۆڤە عاشــقەکان هەموو دنیایان بســت بە بست تەی نەکردوە، تابزانن ئەو ژنەی پێی سەرسامن و خۆشیان دەوێت، دانســقەترین کەسی ســەرزەمین و جوانترین ژنی دنیایە، لەتێڕوانینانــدا بۆ کۆی پەری و شــاجوانەکانی ســەر هەســارەی ژیــان. ئەمە ڕاســتە وەک دەربڕینێکی گشــتی بۆ هەمــوو تاکێکی کۆمەڵگە کە ئەم ڕســتە بەگوێیــدا بدرێت، کارێکە نەک هەر بڕوای پێناکرێــت، بەڵکــو ناکرێت تەنها ژنێک ببێتــە جوانترین ژنی دنیا... ئەگــەر ژمارەی جوانترین ژنەکانی دنیا پۆلێن بکرێن و بەراوردی لە نێوان جوانییەکانیاندا بکرێت، دیاردەی جوانترین ژنی دنیا، تەنها لە کەسێکدا ناگیرسێتەوە کە هەڵگری کۆی هەموو جوانییەکان بێت بێخــەوش. ڕەنگە کۆمەڵە کەســێک هەبن بخرێنە خانەی جوانترین ژنەکانی جیهانەوە، کەســیان بە تەنها کۆی هەموو جوانییەکان لە خۆیــدا کۆ نەکاتەوە. بــەڵام لەدیدی تایبەتی ناوەڕۆکی عاشــقاندا دیاردەیەکی ڕەچاوکراوە، نهێنییەکە پەنهانەو عاشقەکان لە هزری

خۆیانەوە تێڕامان بـۆ دەوروبەریان و هەڵبژاردەی دڵیان دەکەن، چاویـان لەئاسـت جوانەکانـی تردا کـە ناخیان ناتەنێـت نابینایە. لـەم کڵاوڕۆژنـەوە دەربڕینەکـە بەرگێکـی ئاسـایی دەپۆشـێت، چونکـە عاشـقانی ڕاسـتەقینە هێنـدە بـە حەسـرەتن بـۆ بینینی خۆشەویسـتەکانیان، هەمیشـە سۆزی عەشـق دڵ و دەروونیانی داگیرکردوە لەخۆشەویسـتەکانیان زیاتر بەولاوە کەسیتر نابینن، تێکەڵـی ئەندێشـەو خەیاڵاتیـان بێت. هـەر ئەوە خـەوو خولیای داگیرکـردون، یاخـود هێندە لەگـەڵ جوانی خۆشەویسـتەکانیان دەژیـن و کۆنترۆڵی هزری کردون، تێڕامانی سەرنجڕاکێشـانەی ڕوخسـار بۆ کەسـیتر ئەنجـام نـادەن. ڕۆژانە جوڵـەو ڕەفتارو ڕوخسـاری خۆشەویسـتەکانیان بەڕادەیـەک بـە بیریانـدا دێ و دەچێت، هەر بەو گینگڵدانەوە پەیوەسـتن. لەم ڕوانگەوە دەربڕینی ڕسـتەکە لای عاشقان ڕاسـتی پێکاوە. هەر عاشقە جوانی هەموو دنیا لە ڕوخساری مەعشوقەکەی خۆیەوە دەبینێت. لە دەمێکیشەوە وتراوە: چاوی عاشق کوێرە، پێی وایە، هیچ ناشیرینی و خەوشێک لـە دڵدارەکەیدا نییەو لە ناخی ئەودا جوانترین ژنی دنیایە. چونکە چاوی عاشـقان کە بۆ بەژنی شۆخەکانیان دەڕوانێت، بەجوانترین ژنـی دنیایان دەبینـن، نغرۆی حەپەسـان و تێڕامانی دوای نیگای چـاوە پڕنهێنییەکانیـان دەبـن، نهێنییەکان دەخوێننەوە، شـتەکان بێژنەو تەتەڵە دەکەن، سـەر دەردێنن و سـەر دەبەن هەر جوانی دەدرەوشێتەوە لە ئەنجامی بەردەوامی ڕوانینی چاوی عاشقەکاندا بۆ یەکتر. ئەو عاشقانەی کە بێ ژووانن، زۆرتر گیرۆدەی تەلیسمی ئازاری گیرخواردوی ژیانی نەبینینی دوور لە یەکتری لە چاویاندا ڕەنگ دەداتەوە. هەر چاوی عاشـقانە کۆی دەربڕینە شاراوەکانی بەرهەمی بیرکردنەوەی مێشـکی مرۆڤی تێدا حەشاردراوە. دواتر ئەگـەر بیانەوێـت وەسـفی جوانـی یارەکانیان بکـەن، پیاهەڵدانی جوانییـە نەوتـراوەکان لە دەربڕیندا دێتە داڕشـتن. شـاردنەوەو

نەبینینــی جوانییــەکان لای هەمــووان، بەزومی هەمــان کامێرای چاوی عاشــقان، کرانەوەی بیر بۆ دەربڕینی وەسفی جوانییەکانی کە عاشــقان دەیبینن، گیرۆدەبوون و ملدان بۆ خواستی نەریت لە چەقــی نەبینین و دووریــدا، چەوســانەوەی ژن بەهۆی جیاوازی ڕەگەزییەوە، ڕەنگە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پیاهەڵدان بە بەشێک لە جوانییەکانی ڕەگەزی مێینە بن، لای پیاوان، بەشێوەیەکی خەیاڵاوی و بە پەردەپۆشــکردنی دیاردە دزێوەکان بۆ جوانی لەحەســرەتی دیدێکی عاشقانەوە. حەشاردانی جوانی جەستەش هۆکارێکی تری عاشــقانە، کە هەموو جوانییەکانی تری بە ژن، لەڕوخساردا ببینن، دەتوانین ئاماژە بدەین بەو هۆکارەی کە ئاراســتەکەری عاشــقانە تــا کۆی جوانییەکان لە ڕوخســاردا ببینن، بەبینینــی جوانییەکانی ڕوخســارەوە پەیوەســت بــن، داپۆشــینی جەســتەو نەبونی جێ ژوانە. چونکە بەیەکنەگەیشــتن ڕێگرێکە، عاشقان ناتوانن هێڵەکانی نواندنی هەموو جوانییەکانی لەش وەک چۆن لەخەیاڵیاندا کێشراوە ببینن. بۆیە بەدەم حەســرەت و ئومێدەوە هەوڵەکان چڕدەکەنەوە لــە کڵاوڕۆژنەی بینینی جوانییەکانی ڕوخســارو لــەو مینبەرەوە بڕیار لە ســەرکۆی جوانییەکانی بە ژن و ناوەرۆک دەدەن. نیگای تەلیســماوی بەرامبەری چاوی مەعشــوقیش کانــگای هەڵهێنجانی شــنەبای ســۆزی زۆرە بــۆ دڵی خــاوەن نیگاکەری بە پەرۆشــی چاوان. ئەو کاریگەرییەی سۆزهەڵڕشتن ئەنجامی نیگاکردنی تیلی ئــەو چاوانەن کــە کار لە دەروون دەکەن، تا ســۆز دێتە کایەوەو هەڵدەقووڵێت، ســۆزی تەقیوی کانیاوی عاشــقان جگە لە دڵداران، ناتوانرێت بۆ کەســی ئاســایی بگاتە پلەی فەنابوونی ناو قووڵایی عەشــق، هەر بۆیە عاشــقان بەهەمان شــێوەی بێخەوشی جوانی ڕوخسار، تێکڕای جوانی شاراوەی جەستەو بە ژنی مەعشوقەکەیان دەبینــن، لایــان دەبێتە جوانترین ژنــی دنیا. ئەو مێشــکەی دیوی نــاوەوەی جوانــی بــە ژنــی عاشــقەکان دەخوێنێتەوە مێشــکێکی

کراوەی قاڵبووی بە ئەزموون و تێڕوانینی پڕ هەســت و خرۆشە، بۆ خوێندنەوەی جوانییەکانــی دیوی ناوەوەی دڵە گڕگرتووەکان، هەرچەندە هێڵە کێشــراوەکانی هــزرو بیر بێن و بچن گینگڵ بدەن بــۆ بیینی دیاردەیەکی دژواری ڕوخســاری عاشــقان لای یەکتر، بێهودەیە، چونکە عاشقان بە نیگاکردن، حەسرەت، ئەندێشەو خەیاڵ، سۆزهەڵڕشتن بۆ یەکتر، بەرەنگاری دژوارییەکانی نێوانیان دەبنەوە، ناشــیرینییەکان بوونیان نامێنێ و هەموو دەبن بە جوانی. ژنان و چالاکوانانی بواری دابینکردنی مافەکانی ڕەگەزی مێینە، یەکێکە لە ڕێگەکانی چارەســەر بۆ نەمانی نایەکسانی و نادادی جیاوازی ناو کۆمەڵگە لە بەرامبەر ڕەگەزەکاندا، کە بەشــێک لە عاشــقانی مێینە ناتوانن پریشــکی جوانییەکانیان بگەیەننــە دڵخوازەکانیان، بەهۆی ڕێگرییەکانەوە، ناچارن بە دەربڕینی سۆزی عاشقانە لە نوسینداو دەرخســتنی هێڵە کێشــراوەکانی نادادی، تیشک بخەنەسەر سوێی برینــەکان و کێشــانی هەڕەمی چارەســەر، دەیانەوێــت تاکەکانی کۆمەڵگــە هۆشــیار بکەنەوە، تــا دیاردە دزێــوەکان بنەبڕ بکەن و یەکســانی نێــوان ڕەگــەزەکان بهێننــەوە مەیدان، مێشــکی مرۆڤە چالاکوانەکانــی بــواری یەکســانی نێــوان ڕەگــەزەکان، مێشــکی مرۆڤانێکــی ڕزگارکەرن، ڕێبواری بڕینــی ڕێگایەکی پڕ دڕکوداڵی بێ بەزەییانەی دروستکراوی ئەفسانەو نەریتی کۆمەڵگەن، کاتێک ڕێگەکە دەبڕن و پاکی دەکەنەوە، لە شــوێنی دڕکەکان گوڵی هیوا دەچێنــن، ئــەو ژنانەی لــەم بوارەشــدا کاردەکــەن دەچنە خانەی جوانترین ژنەکانی کۆمەڵگەوە، لای کەســە ویستراوەکانی بواری نەهێشــتنی جیاوازی ڕەگەزییەوە، ئەگەر ئــەم ژنانە بکەونە داوی عەشقیشەوەو عاشقیش بن، لای مەعشوقەکانیان دەبنە جوانترینی ژنەکان لە ڕوخســارو ناوەرۆکیشــدا، چونکە بێباکانــە قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە، عەشــق لەگەڵ کەســانێکدا دەکەن کــە هەڵیان دەبژێرن ناوەرۆکیان دەخوێننــەوە جیاوازی ڕەگەزیبوونــی لە ڕەفتاریاندا

نابێــت. بەشــێک لــە ژنانــی کەمپێــدراوی مافیش کە لە باوەشــی خێزانــە داخراوەکاندا پــەروەردە بوون، خۆیــان دەخزێننە دۆخی ژنانی گیرۆدەبوو بە کۆتی کۆمەڵگەوە، هیچ بەرگرییەک لە خۆیان ناکــەن، دەبنە قوربانی و بێ دەنگانەو ناچارانە، دەچنە ژێر ڕکێفی نەریتە خۆسەپێنەرەکان و تەوقێک دەئاڵێننە ملی خۆیانەوە. مرۆڤ کەنیگا بۆ ســیمای ئەم ژنانەش دەکات، زانیاریی لا گەلاڵە دەبێت، کــە ئەمانە قوربانی دەرەوەی بازنەی ویســتی خۆیانن، بەناچاری و لــە ژێر گوشــاردا ملیان بــۆ دۆخەکە داوە، ئــەم ژنانەش دوای ئاشــنابوونیان بەڕەگەزی بەرامبــەر ئەگەر لە دڵی پیاواندا جێگەی خۆیــان کردەوە، بەهەمان شــێوەی ژنانی تر دەچنــە خانەی ژنە جوانەکانــەوە، چونکە بێتاوانن، ئەگەر لەگــەڵ پیاوێکی بیرکراوەدا تێکــەڵ بن، ڕەنگە بتوانن پشــویەک بێننەوە بە بــەرداو لە کۆت و زنجیری پێشوتر ڕزگاریان بێت، کە هەر ڕەگەزێکی مێینەش چووە دڵەوە لای ڕەگەزی بەرامبەر، دووبارە دەخزێتە خانەی جوانترین ژنەکانــی دنیــاوە لای دڵدارەکەی. بە هەمان شــێوەی ژنەکانی تر بــواری جێکردنــەوەی جوانترین ژنی دنیایان لە دڵی عاشــقانیاندا دەبێــت، چونکە زەمینە ڕەخســانی گۆڕانکاریــی خودیان لە ناخدا هەبــووە، دوای ڕەهابوونیــان لەگیرۆدەبــوون بەکــۆت و نەریتی توندئــاژۆ. هــەر ژنێک کــە لێهاتوویــی هەلومەرجــی گۆڕانکاری لــە ناخیــدا هەبێت و بکەوێتە ژێــر چەتری پیاوێکــی بیرکراوەوە، هاوجووت بەیەکەوە دەبنە دوو خۆڕاگری پشتبەســتوو بە یەکترو بەهەردووکیان دەتوانن گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیاندا بهێننە ئاراوە، کاتێــک عاشــقی یەک دەبن، ژنیش کە بەعەشــقێکی ڕاســتەقینەوە یەکێکــی خۆشویســت، هەمــوو جوانییەکانــی بۆ مەعشــوقەکەی پەخــش دەکات، بۆیــە دووبارە دەبێتە جوانتریــن ژنی دنیا لە دڵی عاشــقەکەیدا. چونکــە چــاوی عاشــقانی گیــان و ڕوح لــە جوانی مەعشــوقەکەی زیاتر جوانی کەســی تر نابینێت، دیدی عاشــقانی

ڕاســتەقینەی پیاوانیش، جوانی ژنە مەعشــوقەکانیان بەجوانترین ژنی ســەرگۆی زەوی دەبینن، بێگومــان بۆ ڕەگەزی بەرامبەریش هەروایــە، بۆیــە لای یەکتر دەبنــە جوانترین بوونــەوەری جیهان. بەڵام ژن کەمتر هەســتی خۆشەویستی دەردەبڕێت، لەو ژینگانەی کــە مافەکانــی ژنان ڕەچــاو ناکرێت، ژنــە عاشــقەکانی کۆمەڵگە داخراوەکان نهێنییــەکان لەدڵی خۆیدا پەنهان دەکەن، ڕەنگە دوای بەســتنی پەیوەندییەکی توند لە جێ ژواندا بۆ خۆشەویستەکانیان پەردەی داپۆشــراوی نهێنییەکانیان لابــەرن تا ببنە جوانترین ژنی دنیا لە هزری عاشقەکانیاندا.

(٦)

## کاریگەری سیماو ناخی مرۆڤ، لەهەڵکردنی سۆزی خۆشەویستیدا

سۆزی خۆشەویستی، دەرهاویشەیەکی ناوەوەی ئەنجامی گینگڵدان و هەژانی ناخی مرۆڤە بۆ بایەخدان بە کەسێک یان بوونەوەرێک یان ڕێبازێک، ڕەگی داری سۆزی خۆشەویستی لە قووڵایی ناخدا دەڕوێت، پاشان چەکەرەو باڵا دەکات و نەسیم و بۆنی ئەوین دەنێرێ، ئەم سۆزە لە خۆیەوە نایەتە بوون، بەڵکو زۆرتر ئەنجامی سەرسامبوونی ڕەگەزی مرۆڤەکانە بە یەکتر، یەکەم وێستگەی سەرسامبوونی مرۆڤەکان لە ڕووانینی سیماوە دێت، ڕووانینی سیماش بە نیگای چاو ئەنجام دەدرێت، چاو بەشێوازی جیا جیا، نەسیمی شنەبای هەستپێکراوی سەرسامبوون بۆ کەسی بەرامبەر دەنێرێت، پاشان دوو ئاراستەی ڕوانین دەکەوێتە سەر شانی کەسی بەرامبەر، ئەگەر بەهەمان تەلیسمی چاو نیگای کردەوە وەڵامی نیگای دایەوە بە بەرامبەرەکەی کاریگەری سەرسامبوونی نواند، هێدی هێدی بیری سۆز لە قووڵی دەروونی ئەویشدا دێتە تەقین، بەڵام ئەگەر کەسی بەرامبەر نیگای سەرسامبوونی ئەنجام نەدا، کەسی نیگاکەر دەکەوێتە نێوان دوو بەرداش، یان وازهێنان

یـان بەردەوامبـوون لـە نیگاکردن تـا وەدەسـتهێنانی وەڵامێکی یەکلاکەرەوە، سۆز لە کەسە ڕۆمانسییەکاندا زۆرتر ناخ دەهەژێنێ تـا سـەر دەردێنێت بۆ خۆشەویسـتی، لە کەسـە ئاڵودەبووەکەی توشـبوو بە پەیوەندییە سـۆزدارییەکەدا، سـەردەرهێنانی سـۆز بەرامبەر کەسێک، یان بیروباوەڕێک، یان بوونەوەرێک، تا حزبێکی سیاسـیش دێتە بوون، لەسـەرەتاوە مەڵۆ مەڵۆ سـەردەردێنێ بۆ ڕێکـردن بـەرەو دانانـی خەرمانی ئەویـن، بە ناسـین و دواندنی کەسـەکان یان تێکەڵاوبوونی ئایدیاکان زیاد دەکات و خەرمانەکە گەورەتر دەبێت، سـۆزی ڕاسـتەقینە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر زۆرتر لەهەستپێکردنی جوانییەکانی ناخی مرۆڤەوە چەکەرە دەکات، نەک سـیمای هەڵخەڵەتێنەری ڕوخسـار، هەسـتکردن بە جوانییەکانی ناخی مرۆڤیش ڕەخسانی کات و دواندن و تێکەڵبوونی کەسەکانی دەوێـت، بێگومـان سـەرەتا بینینـی ڕوخسـار ئـاوی لە ئاشـی هەڵڕشـتنی سـۆزەکە ناوە لە ڕێگـەی زمانی چـاوەوە کە بەتاکە مینبەری سەرسامی ڕوخسار لەقەڵەم دەدرێت. دواتر هێدی هێدی گۆڕانکاری بەسـەردا دێت، سـۆز بۆ بینینی ناخ و هەسـتکردن بە سـیفەتە جوانەکانی مرۆڤ هەنگاو دەنێت، دەوترێت: سـۆزی بەر ئەنجامـی کەڵەکەبوونی سەرسـامبوون دوای بینینی ڕوخسـارو وەدەسـهێنانی حەزە کاتییـەکان ڕووەو کپکردن هەنـگاو دەنێت، چونکە سـۆزێکی کاتییە بـە پڕکردنەوەی کەلێنی حـەزەکان کەم کـەم ڕووەو نشـێوی وشـکبوون تـەوژم دەدات، بەڵام سـۆزی هەمیشـەیی دوای خوێندنەوەی ناوەرۆک و گونجاندنی ڕەوشـتی مرۆڤـەکان، ڕەنگـە گۆڕانکاریـی گـەورە بـە دوای خوێـدا بێنێ، کەسـەکان زیاتر شـەیدای یەکتر بکات، عەشـقی پاکـی بەرهەمی سـۆز یەخەی هەردوولا بگرێت، سۆزی بەرئەنجامی خوێندنەوەو هەسـتپێکردنی ناوەرۆکی مرۆڤە جوانـەکان هەژانی ناخی مرۆڤی بیرکراوەی زیاتر لێدەکەوێتەوە، ڕۆچوون و دواندن و تێگەیشتنی

نێــوان مرۆڤەکان زیاتــر دەکات، دەتوانن زیاتر بەیەکەوە هەڵکەن، دەیانخاتە گلێنجانەی لێکتێگەیشــتن و هەڵوەدای یەکترییەوە، بەبێ یــەک هەڵناکەن لێکتێگەیشــتن و بەیەکەوە گونجــان و وەک یەکی بیرکردنەوە، تا دێت سۆزی زیاتری عاشقانە هەڵدەهێنجێنێ، لوتکەی هەڵهێنجانی سۆزی ڕاستەقینەش خۆی دەبینێ لە سۆزی دەربڕینی خۆشەویســتی بۆ ڕەگەزێکــی هاوتای ناوەرۆک جوانی ســیفەت جۆراو جۆری دەگمەن و دانســقە، سۆزی هەڵقرچاوی دایکێک بۆ ڕۆڵەکەی، یان ســۆزێ ســادەی پاکی دڵســۆزانەی دەروێشێ بۆ شــێخەکەی کە هەرلە ناخدا هەڵدەکات. ســۆزی عاشــقانیش، هەر ناردنی پەیامە، بەڵام بە شــێوازێکی تایبەت، لەســەرەتاوە بەسیما بینین دەســت پێــدەکات، بەڵام کە بینینی جوانییەکانی ڕوخســارو ناوەرۆک یەکدەگرن لە دەرهاویشــتنی ســۆزەکەدا، خۆشەویستی دێتە ئاراوە، هەرچەندە چۆنێتی دەربڕینی جۆرەکانی سۆز جیاوازن، بەڵام هەڵڕشــتنی هەموو ســۆزێکی ڕاستەقینە، شــنەی شەماڵێکە لەڕوحــی پاکی مرۆڤەوە هەڵدەکات. وەک شــنەبایەک لەڕووبەری چیمەنێکی بەهاری ســاڵێکی هاتەوە هەڵی کردبێت هەمیشە هەست بزوێنە، کە مرۆڤ دەبزوێنێت، ئاسودەیی دەروونی کەڵەکە دەکات لــە بوونی بەخشــەری ســۆزدا، ئەو ســۆزەی نوقڵانــەی مژدەی ژوانــی بەیەکگەیشــتنەوەی دوای ســاڵانێکی دووری دابڕانی دوو خۆشەویســتی لە ئامێز گرتوە، لە یەکتــر بینیندا دەگاتە نمرەیەکی تایبەتی هەڵڕشــتن، لە هەڵڕشــتنی سۆزیشــدا ســۆزوەرگر زیاتر هەســت بە ئاسودەیی ڕوحی دەکات، دیاردەکە سۆز بەخشەریش دەگرێتەوە.

هەمیشــە بەردەوامــی نیگاکــردن بۆ ڕوخســار لەســەرەتاوە، عەودالبوونــی دەســتپێکردنی دزەکردنــە بــۆ بینینــی ســیفەتە حەشــاردراوەکانی نــاوەرۆک بە فەراهەمبوونــی بینین و دواندن، جوانییەکانی ڕوخسار زۆرتر هەڵخەڵەتێنەرن، ئەو کەسانە دەکەونە

داویەوە کە شـــەیدای جوانی ســیمان و لەجوانی ناخ تێناگەن، هیچ جوانییەکــی ڕوخســاریش دروســتکەری بونیــادی مــرۆڤ نییەو زۆرتر خۆڕســکەو دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پێکهاتەی مرۆڤەکە، بــەڵام جوانــی نــاخ بەرهەمی دروســتکراوی مرۆڤەکــە خۆیەتی، بــە پێی پێکهاتەی کەســەکەو خێــزان و ژینگەو کۆمەڵگە، کەســە ســادەکانی کــە ڕۆناچــن بــۆ قووڵاییبوونی مرۆڤ، هــەر جوانی ڕوخســار دەخوێننــەوە دنیــای ئاڵــۆزی پێکهاتــەی مرۆڤبوون لە سیمادا دەبینن، دەکەونە بڕیاردانی هەڵەوە، لە کاتێکدا جوانییەکانی ناوەرۆک سیفاتە وەدەستهاتووەکانی مرۆڤن کە بەرهەمی کۆشش و تەقەلای کەســەکانن، لە ڕێڕەوی بەڕێکردنی ژیانی کەســایەتیدا وەریگرتووە، ئەو سیفاتە جوانانەی کە مرۆڤ لە ژینگەو ویژدان و ئەزموونی ژیان و کرانەوەی پانتایی بیری خۆیەوە وەدەستیهێناوە، ڕۆڵیان گێڕاوە لە دروســتکردنی کەســایەتییەکەیدا بەشــێوەیەکی ســەرکەوتوانە. کێشــە ئەوەیــە خوێنەری جوانییەکانــی ناوەرۆک دەگمەن و دانسقەن، هەموو کەس ناتوانێ نوغرۆی زومی کامیرای بینینی جوانییەکانی ناوەرۆک بێت، جگە لە کارامەیی، کات و سات و دواندنــی ناخــی مرۆڤەکانی دەوێت، بەڵام هەمیشــە تێڕامان بۆ ڕوخسار مایەی وەدەستهێنانی چمکێکی جوانی مرۆڤ و نەبینینی قووڵایی جوانییەکانی ناخە، دواتر دوواندن و تێکەڵبوون تەیکردنی نــاوەوەی مرۆڤ زیاتر پــەی بە نهێنییە شــاراوەکانی ناخ دەدات. ڕێبوارە قاڵبووەکانی تێڕامان و دزە نیگا بۆ ناوەڕوک و پەیبردن بە ڕازە پەنهانەکانی ناوەوە خۆشەویستی بێگەرد وەدەسدێنن. شەن و گێژەنەیەکی خوێندنەوەی بەرامبەرو هەڵهێنجانی کاکڵەی ڕاکانی کە لات گەڵاڵە بووە، دەتگەنێتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، کە ئەگەر ڕەگەزی بەرامبــەر بەجوانی بخوێنیتــەوە، دوای خوێندنەوەیەکی ســەرەتایی دەگەیتە کونجی قەناعەت، کە کەســێکی ناخجوانی پڕ هیواو ئەندێشــەو خەیاڵــی هەمەڕەنگت هەڵبژاردووە، کەســایەتی

مرۆڤــە هەڵبژاردووەکــەت دەکەوێتــە ســەنگەری پانتایــی مرۆڤە باشەکانەوە، ئەگەر ژینگەو باری چەپی ڕۆژگار بهێڵێت، قاڵبوون و ئەزموونکردنی ژیان بە بەهاوە مرۆڤێ سەرکەوتووت لێ دروست دەکات لــە مامەڵــەی پەیوەندیدا، بیرکراوەیــی و دواندن، تێکەڵ بە ئازارەکانــی ڕەگەزەکەی تــرت دەکات، دەردەدڵی ڕۆژانە بۆ یەک هەڵدەڕێژن و زۆرتر بەناخی یەک ئاشــنا دەبن. هەمیشــە شەوان و تەنهایی ســۆزو بیرکردنەوە دەتوانــرێ بەرئەنجامی ئەزموونی ڕۆژی لێ بڕوێنرێ و بەرنامە بۆ ئاییندەی دواتری لەسەر دابنرێت، ئەمە سەرەتای ئاشنابوونە بەدۆزینەوەی مرۆڤە جوانەکان، دوایی دەکەوێتە زەنگلێدان بۆ گفتوگۆی گونجاو، تابزانی زایەڵەی زەنگی ســەرنجەکانت بــە هاوتابوونــی کام لادا زەنــگ لێــدەدات، ئەگەر لەمەشدا مەڵۆی خەرمانی تێبینییەکانت هەنگاوی نا بەرەو ویژدانی مرۆڤبوون، کەســەکە گەورەتر لە بازنــەی خولانەوەدا دەرکەوت، تێدەگەیت کە کەمێک تولەڕێی پڕ دڕکوداڵی ناسینیت بڕیوە، ڕۆژگار دەری دەخــات بڕینی ڕێگاکە دەتگەیەنێتە تەختی تەواوی ناســینی مرۆڤی جوانی هاو بیرکردنەوەت یان نا، دوای هەورازو نشــێوی ڕێکردنی بێشــوماری شــەکەتی ژیان. بێگومان ئومێدەکان زۆرن ئاماژە بە بوونی تەختایی پشــو دەدەن لە نیگای پڕسۆزی سیمای بەژنی مرۆڤدا، دەکرێ وەڵامدانەوەکانی بەرامبەریش پاڵپشت بێت لــە دۆزینەوەی زووتــری بەرهەمی نیگاو ســۆزە ناردوەکەت، بە گشتی لە نیگا بۆ ڕوخسارو سیمای مرۆڤدا کەمتر جوانی ناوەرۆک و هیوا دەردەکەوێت تا هەنگاوی زیاتر بەرەو مەنزڵگەی ناســینی مــرۆڤ نەبەی، بوێریش ســیفەتێکی ڕێنیشــاندەری دڵخۆشــکەرە زووتر دەتگەیەنێت بە ئامانج.

(٧)

## دەربارەی هەست

هەست، وەک پەیامێکی نێردراوی مرۆڤ، بوونێکی ئۆنتۆلۆژیانەی نەبیســتراو و نەبینراوی هەڵهێنجراوی پێکهاتەی ناوەوەی تاکە، لە ناخــی مرۆڤدا گەڵاڵە دەبێت، بەرامبەر مــرۆڤ، یان بوونەوەرێکی تر، بەڵام بە ئاسانی درکی پێدەکرێت لە ساتی ناردنی دەربڕینێکی هەســتئامێز لە نیگاکردن یــان مامەڵەکردنێکی نێــوان مرۆڤەکاندا، وەک بوون لە هەموو مرۆڤێکدا چەکەرە دەکات، کاتێک هۆکارێکی دەرەوەی ناخــی مــرۆڤ هەســت دەبزوێنێت بــۆ دەربڕین، بەڵام بەپێی تێکەڵەی هەمەچەشــنی کەســایەتیی مرۆڤــەکان دەگۆڕێت، مرۆڤ هەیە، کەم هەستە، یان هەستەکانی خەفە دەکات و درەنگ دەریان دەبڕێت، وەک هەستی هەڵڕشتنی سۆزی خۆشەویستی لە ڕەگەزێکی نێرەوە بۆ ڕەگەزێکی مێی بەرامبەر، یان بە پێچەوانەوە، مرۆڤیش هەیە هەســت ناســکە و ڕەفتاری جوان و داهێنان دێنێتە بەرهەم، بەڵام بە وریاییەوە لەگەڵ دەوروبەردا مامەڵە دەکات، زۆر ســیفەتی تر دەدرێتە پاڵ هەســت، وەک سەرسامبوون، بەدڵڕفێنی جوانی سروشت دەوترێت: دیمەنێکی هەستبزوێن، یان هەستڕفێن. شــاعیرێکیش کە شــیعرێ جــوان دادەڕێــژی دەوترێت هەســتی

ناسـکە، وەک دەربڕین بۆ درککردنی ڕازێکی شـاراوەی مرۆڤیش کـە خودی خۆی ڕازەکـە نادرکێنێت، بـەڵام بەرامبەرەکەی درک بەبوونـی ڕازەکە دەکات، دەتوانێ بڵێ: هەسـتی پێدەکەم کە فلان بۆچوونت هەیە، یا هەست بەبوونی سۆزت دەکەم، مرۆڤیش هەیە ڕاستەوخۆ هەستێکی جوانت بۆی هەیەو ئاکارەکانی ڕاتدەکێشێت، تەنها بە نیگاکرن، تەنانەت پێش درکاندن و دواندیش، ئەو هەسـتە تۆ دروستت نەکردوە سیمای جوانی خۆی بوونیاتی ناوە لەناخی تۆدا، ڕاتدەکێشێت بۆ پانتایی زیاتری لێکنزیکبوونەوەو تێکەڵبوون، هەموو سـیفەت و کردەوەیەکی باشـی تاک دوای نزیکبوونەوە لە کەسـەکە، زیاتر بۆ خۆی ڕاتدەکێشـێت، هەستە جوانەکە لەناختدا بوونەویانەتر دروسـت دەکات. مرۆڤیش هەیە هەستی جوان زۆر کەم بەلایدا گوزەر دەکات. ئەگەر لەسـەرەتادا بڕیاردان لە جۆری هەسـتی جوان یان ناشـیرین، لەسەر ڕوخسـاری مرۆڤە هەست بۆچووەکـە بێـت هەڵەیە، بەڵام ئەگەر دوای ئاشـنابوون بە ناخ و دەروونی مرۆڤەکە، هەر هەستی جوانی بۆ خۆی ڕانەکێشا، دەبێت مرۆڤەکـە هەڵوێسـتە لە ڕەفتارەکانیدا بـکات، چونکە هۆکارەکانی ڕاکێشـانی هەسـتی جوانی بەرامبەرەکانی لە خۆیدا قەتیسکردوە. کەمتـر لە پێکهاتنـی ئۆنتۆلۆژیدا هەسـتی جوان ڕادەکێشـێت بۆ نزیکبوونەوەی خەڵک لە خۆی، بزوێنەرە هەستیارەکانی ڕاکێشانی هەستی جوانی خەفە کردوە، دەبێت بیانهێنێتەوە ناو پانتایی بوونی کەسـایەتییەکەی، تـا هەسـتی جوان بـۆ خۆی ڕاکێشـێت، ئەگینا لەبازنەی دروستبوونی هەستی جوان بەدەرەو دەکەوێتە ژیانێکی گۆشـەگیرەوە، ڕەنگە بەکردەوەکانی زیاتر هەسـتی ناشـیرین بۆ خـۆی ببزوێنێـت، خلۆربوونـەوە مرۆڤ بە ڕاکێشـانی هەسـتی ناشیرین، مایەی ڕووشانی ئاکاری بوونەویانەی کەسایەتی مرۆڤەو جگە لەخانەی تەنهایی و گۆشـەگیری ڕەنگە کێشەش بۆ مرۆڤەکە دروسـت بکات، ناردنی هەسـتێکی جوان بۆ مرۆڤێک، کە ئاشنایت

پێی نییە، لەسەرەتاوە بەنیگای ڕوخساری کەسە هەستڕاکێشەرەکە دروست دەبێت، بێ ناسـین، هەستێکی یەکلاکەرەوە نییە، ئەمە لە دەسـەڵاتی ویسـتی مرۆڤ بەدەرە لە هەنـگاوی یەکەمدا، چونکە تەنها ڕاکێشـەری ڕوخسـارە، بەڵام کە پێشـبینی هەسـتی جوان شـۆڕبووەوە بـۆ دەرخسـتنی ئاکارە باشـەکانی دیـوی هەناوی مرۆڤ، ناخی مرۆڤ لە بناتنانیدا ڕۆڵی دیارە، چ بە ئەرێنی بێت یا نەرێنی، جوانی سـیفەتەکانی ناخی مرۆڤ زۆرتر لە دەسـتی تاک خۆیدایە، کردەوەی جوان دروستکەری هەستی جوانە، ڕوخسار تا ڕوخساریش جیاوازی هەیە، هەرچەندە هەڵەیەکی گەورەیە لەسەر ڕوخسار بڕیار بۆ ناوەرۆک بدەین، ڕوخساری زۆر کەس جوانی کەسایەتی لای مرۆڤەکان دروست دەکات، کە هەستێکی جوانی بۆ دەربڕی، هەر ڕوخسـارە دەروازەی چوون بۆ ناوەرۆک دەخاتە سەر پشت، ئەگەر ناوەرۆک هەمان شێوەی ڕوخسار جوان نەبێت، شەپۆلی هەسـتی جوان دەوەسـتێت. ناوەرۆکی مرۆڤەکان ڕۆڵی کاریگـەر دەبینێـت، دوای ڕۆچـوون بە ناخی بەرامبـەردا، کاتێک هەسـتەکە بـەردەوام بێت، مایەی جوانی ئـاکاری ناوەوەی ناخی مرۆڤ دەگەیەنێت هاوشانی سیمای دەرەوە. سیمای مرۆڤەکان لە سـەرەتاوە کاریگەرە لە دەربڕینی بڕێکی کەمی هەستی تێڕوانینی جوان یان هەستێکی کەمی بێسەرسامبوون بە بەرامبەر، تا هەستی ناشـیرینیش. ئەوە مرۆڤی ویست ڕەوشت جوانە، جوانی ڕەوشت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەرامبەردا دەخوێنێتەوە، پاشان هێدی هێدی هەستی خاوەن ئاکارە جوانەکە بۆ خۆی ڕاتدەکێشێت. خوێندنەوەی قووڵایـی ناخـی مـرۆڤ تێکەڵبـوون و بەردەوامـی پەیوەنـدی دەوێت، چونکە هەسـتی جوان بزوێنەرێکە، ئەنجامی بینینی شـتە جوانـەکان لە مرۆڤدا دێتە ئاراوەو بـەردەوام دەبێت، کارکردن تا وەدەستهێنانی تێکەڵاوبوون و زیاتر لێکنزیکبوونەوەو تێگەیشتن و ڕاگۆڕینەوش یان بەردەوامی هەستە جوانەکەی لێدەکەوێتەوە یان

بنبڕکردنی سـەرچاوەی هەسـتی جوان، بەزووومی بینینی هەستە جوانـەکان نیگای باش بـۆ مرۆڤە ئاکار جوانـەکان دەکرێت و بە پێچەوانەشـەوە، ناکرێت مرۆڤ نیگای هەستی جوان بەتێڕوانینی هەسـتە ناشـیرینەکان وەربگرێـت، مەگەر جۆری هەسـتەکان و ئاوێزانبوونیـان لێکجیانەکاتـەوە. هاوکێشـەکە ئاڵۆزییەکی تێدایە، خاوەن مێشکە کراوەکان جۆری هەستەکان لەبزواندندا دەدۆزنەوە، هەستی جوان و ناردنی بۆ مرۆڤی ڕەوشت باش، کێشەی ئەوتۆی نییە، ئەگەر قبووڵیشـی نەکات، سەرئێشـە نانێتەوە. چەند نیگا بە هەسـتێ جوانـەوە بگریتە مرۆڤێ کە لەبازنەی سەرسـامبوون بە ئاکارەکانیـدا دەخولێیتەوە کێشـە نییە، کاتێک هـەردوو مرۆڤەکە یەک ڕەگەز بن، کێشـەکە زۆرتر لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا دروست دەبێت، چونکە زۆرترین هەستی سەرسوڕمان بە یەکتری، لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا سەردەکێشێت بۆ خانەی هەستی خۆشەویسـتی، چ پیـاو بـۆ ژن دەریببڕێـت یان بـە پێچەوانەوە، کاتێک کە پەیامی هەست بۆ ڕەگەزی بەرامبەر دەنێریت، لەڕێگەی ئاماژەیەکـی چـاو یـان زمانی جەسـتەوە، دەکەوینە نێـوان دوو بەرداشـی ئەرێنی و نەرێنی وەڵامەوە، لە کۆمەڵگەی پیاوساڵاریدا کەمتریـن ناردنـی هەسـتێ جوانی ڕەگـەزێ مێ بۆ نێـر نەرێنیە لەلایەن پیاوانەوە، هەمیشە پیاوان دڵیان واڵایە لە ئاست هەست و سۆزی ناردوی خۆشەویستی ژنان، زۆرتر پیاوان هەستی جوانی ژنـان قبووڵدەکـەن و دوایی قۆناغی هەسـت دەچنـە قۆناغەکانی ترەوە، تا دروسـتبوونی پەیوەندی هەستگۆڕینەوەو ئەوین، ڕەنگە پیاوانیش هەبن، هەسـتی نێـردراوی ژنان وەرنەگـرن، بەڵام لەم کۆمەڵگەدا دانسقەو دەگمەنن، کێشەکە لەناردنی هەستی سەرەتایی خۆشەویستی پیاوانە بۆ ژنان، کە زۆربەی کات، وەڵامەکە نەرێنیە، کاتێک ژنان پێشـینەیەکی هەمان هەسـتیان نەبێت، یان کەسـەکە لە نزیکەوە نەناسن، هەسـتەکە وەرناگرن، لەکاتێکدا هەردووکیان

مرۆڤن لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا، بەڵام چونکە زۆرترین کێشە بۆ ژنان دەنێتەوە، ڕەوایی دەدەن بە ناخیان کە هەستەکان وەرنەگرن. زۆربەی ژنان پێش دەرچوونیان بۆ بازاڕو شـوێنە گشتییەکان بە زۆرترین بریقوباق و خۆڕازانەوە دەردەچن، سـەرنجی پیاوانیش ڕادەکێشـن لە نیگاکردن بە ڕوخساریاندا، ڕازانەوەکە وەک نەریت دەکـەن، بـەڵام ئەگـەر پیاوان بـۆ جوانییەکەیـان نیـگا بکەن کە جوڵاندنی هەستێکی ئاسـاییە، ئامادەی وەرگرتنی نین، مەسەلەکە مامەڵـەی تونـدی کەسـوکاری ژنان و ڕووشـانی کەسـایەتیانە لەلایەن پیاوانەوە، بۆیە ژنان سڵ دەکەنەوە، چونکە لە یەکەم ساتی وەرگرتنی هەسـتەکاندا پیاوان ناناسن، دەکەونە خانەی گومانەوە، بەشـێکی کەمی ژنانیـش، وەڵامی نیگای ئەرێنـی بەرامبەرەکەیان دەدەنەوە، ئەوانەشـی کە کەمترین هەست لە یەکەم نیگای پیاواندا وەردەگرن، دەبێ پیاوی هەسـتناردوو لەبازنەی حەزو خولیاکانی ئەواندا بێت و پێی سەرسام بن. ژنان گیرۆدەی داوی تەنراوی پڕ دڕکوداڵی کێشـەی ڕەگەزین، بۆیە بەڕێژەیەکی کەمتر لەڕەگەزی بەرامبەریان، هەسـتی پیاوان وەڵام دەدەنـەوە، ژمارەیەکی کەمی ژنانیـش مافـی ئـازادی مامەڵەکردن لەگـەڵ پیاوانی نەناسـدا بە خۆیان دەدەن، پاش یەکترناسینی تەواویش، هەنگاوی لەسەرخۆی بـۆ دەنێـن. ئەم دیاردە زۆرتـر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتـی تەنیوە لە ڕۆژئـاوادا ڕێژەکە بەو جۆرە جیـاوازی نییە، ڕەنگە هەردووڵا بە ئەرێنی و نەرێنی وەڵامی یەک بدەنەوە، بەڵام هەنگاوی گەورەیان ناوە بۆ گەیشـتن بـە تەختایی وەک یەکی ژنـان و پیاوان. ئەگەر ئازادییەکـی وەک یەکـی ژنـان و پیـاوان بێتە کایـەوە، جیاوازی جێندەری نەمێنت لەکۆمەڵگەدا، نە پیاوان زۆرترین ڕێژەی هەستی دوانـدن، دەنێـرن بۆ ژنـان و نەژنانیش بەو ڕێـژە کەمە وەڵامی ئەرێنیان دەدەنەوە، ڕێژەکە وەک یەکیش نەبێت جیاوازی ئەوتۆی لە نێوانیاندا نابێت، جیاکارییەک نامێنێ لە هەستناردنی ژن و پیاو،

دەبێتە هەستناردن لە نێوان دوو مرۆڤی ڕەگەز جیاوازدا. پێویستە تێکڕا ژن و پیاو جەخت لەسەر وەکیەکی مافی ژن و پیاو بکەنەوە، وەک مرۆڤ، ئەوکاتە نەک هەســت، هەموو هەنگاوەکانی یەکسانی جێندەری خۆی دەگاتە ترۆپکی سەرکەوتن.

## (٨)

# ژن و خۆڕاگری

لەم کۆمەڵگە پیاوسالارییەدا، هەرچەندە ژن لە پیاو ناسکترە، لە ڕووی پێکهاتەی جەستەییەوە، بەڵام بەهێزترو خۆڕاگرترە لە بەرامبەر خۆپارێزی لە دیاردە دزێوەکانی ڕەوشتدا، کە دەبنە هۆی ڕووشانی کەسایەتی بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵگە کە هەمووومان پێوەی پەیوەستین. لادان لە نەریت ئاکاری نابەجێن، لای زۆرترین ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگە. ژنان زۆرتر لە پیاوان جڵەوی حەزەکانیان دەگرن، لە ناخی خۆیاندا ڕاپێچیان دەکەن و دەیانشارنەوە، ناهێڵن سەربهێننەدەر، کاتێک خۆڕاگرانە بەرەنگاری کێشەکان دەبنەوە زۆرتر حەزو ئارەزووە گەڵاڵەبووەکانیان خەفە دەکەن، لەکاتێکدا ئەگەر هەمان ئەو ئارەزووانە بۆ پیاو شیاوبن بۆ ژنانیش شیاون و بەپێچەوانەشەوە، چونکە هەردووکیان مرۆڤن، لە بۆتەی دوو ڕەگەزی جیاوازدا، حەزو ئارەزووەکان، بۆ هەردوولا وەک یەکن، ژنانیش وەک ڕەگەز هەر مرۆڤن و جیاوازییەک لەپێکهاتەی وەکیەکی کەسەکاندا نییە، لە ڕووی هۆرمۆن و ئارەزووی تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانی مرۆڤەوە، بەڵام زۆربەی ژنان ئارەزووەکانیان بۆ بەستنی پەیوەندیی لەگەڵ

پیاواندا نوغرۆ دەکەن، چونکە زۆر لە پیاوان پەیوەندیی سۆزداری دەقۆزنـــەوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی حەزو ئارەزووەکانیان، دوای تێربوونـــی حـــەزە سێکســـییەکانیان دەکەونـــە هاویشـــتی پلان و تەشـــەر لە ژنەکەو دەیانەوێت کەســـایەتییان بڕوشـــێنن، لەکاتێکدا هەردووکیـــان کارەکەیان ئەنجامداوەو بگرە پیـــاوان تا بەدیهاتنی حەزەکانیـــان فشـــاری جۆراوریان بۆ وەدەســـتهێنانی ڕاکێشـــانی دڵی ژنـــان بەکارهێناوە، بـــۆ ملدانی جێبەجێکردنی ویســـتەکانیان، دواتریش جگە لە قەپگرتن، هیچ ســـۆزێکیان بە ژنان نەبەخشـــیوە، دوای خاڵیبوونـــەوەی حەزەکانیان، دەســـتیان کردوە بە ئازاردانی ویژدانی ژنە کەســـیرەبووەکانی ژێردەســـتیان. لەو کۆمەڵگەیانەدا کـــە ژنان بوونەتە کاڵای دەســـتی پیـــاوان. بێگومـــان ئەمە هەموو جۆرە پیاوێـــک ناگرێتەوە، هەروەک چۆن هەمـــوو ژنێکیش نابێتە کاڵا، پیاویش هەیە ویژدانی کراوەیەو وەک مرۆڤێکی هاوڕەگەزی خـــۆی مامەڵـــە لەگـــەڵ ژنانـــدا دەکات، نهێنییەکانـــی دەپارێـــزێ و ڕێزی ژنەکەش دەگرێت. بەشـــێ لە ژنانیش لە پێناو نەڕووشـــانی کەســـایەتییەکەیاندا، هەمیشـــە دەرگای دڵیـــان دادەخەن و خۆیان دەخەنـــە بازنەیەکـــی داخـــراوی بێهەســـت و نەســـتی مرۆڤەوە لە ژیاندا، بۆ ئـــەوەی ئارەزووە خەفەکراوەکانیـــان نەبزوێت، خۆیان لە قوژبنی ســـوچێکی ژیانێکی قەتیســـدا مـــەلاس دەدەن لەپێناوی پاراســـتنی کەســـایەتییەکانیاندا. بەشـــێک لە ژنانـــی حیجابداریش ئارەزوومەندانە خۆیان لە شـــولاریان دادەپۆشن. تەنانەت خۆیان لـــە نیـــگای مەبەســـتداری پیاوانیـــش لادەدەن، لەکاتێکـــدا ژنانیش هـــەن تەواوی جەســـتەیان بە فشـــاری خێـــزان و داوی هەڵدراوی دابونەریـــت دادەپۆشـــن، تەنانـــەت ئـــازاد نیـــن لـــە بەکارهێنانـــی ئامێرەکانی پەیوەندیشـــدا، بواریان نادەن ئامرازەکانی پەیوەندیش بەکاربهێنن، بەشـــێکی دەگمەنیش هەن، کە لە کاردانەوەی فشاری توندی کەسوکارو پۆشینی بەزۆری حیجابدا، نهێنیانە ڕوودەکەنە

کاری نابەجێ و کەسایەتییان دەڕووشێنن، دوور لە یاساو نەریتی باو خۆیان تەسـلیمی پیاوان دەکەن و کەسـایەتی ژنان لە کەدار دەکەن، بێگومان لە هەموو ئەم دیاردانەدا ژنان زۆرتر بێتاوانن بە بەراورد لەگەڵ پیاواندا، چونکە فشاری توندی کۆمەڵگەو نانەوەی بۆسـەی پیـاوان، زەمینە دەڕەخسـێنن ژنانی تێبکـەون، نەبوونی ئـازادی و ناداپـەروەری مامەڵـەی وەکیەکیـان لەگـەڵ پیاوانـدا دەیانخزێننە بازنەی دیاردە نەشیاوەکانەوە. مرۆڤی بیرکراوە ژنبن یـان پیاو، ڕەگـەزەکان بێ جیـاوازی، وەک دوو مـرۆڤ دەبینن، فەزڵی هیچیان نادەن بەسـەر ئەوی تریانـدا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا نابینن و هاوشانی یەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن لـە مرۆڤبووندا، بێگومان ژنان کـە بیریان کرایەوەو وەک مـرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، لەشـیان تەسـلیمی کاڵفامێ ناکەن کە دواتر کەسـایەتییەکەیان بڕووشـێنێت، بەشـێکیتر توندڕەوانە گیـرۆدەی دابونەریتی سـەپێنراوی کۆمەڵگە ببـن و بەزۆر خەفە بـە هەموو خولیاو ئاواتـە گەلاڵەبووەکانیان بکەن، بەڵکو دەکەونە ناوەندی مرۆڤبوونێکی ئاسـاییەوە، وەک مرۆڤ ژیان بەڕێدەکەن، ژنانی بیرکراوە نە هەموو لەشـی بێ خواستی خۆی دەشارێتەوە نە هەموو لەشیشی نمایشدەکات، لەسەر داوای بەرامبەر، بەڵکو بە پێی سـنووری دیاریکراوی نەریت و تێگەیشـتن و بیروڕای خۆی مامەڵـە لەگەڵ هەردوو دیاردەکە دەکات، ڕەفتاری توندی هەردوو دیوەکـە، بە نائاسـایی دەبینێـت، هەڵسـەنگاندنەکان دەیخەنە ژێر ڕکێفی بیرکراوەیی خۆی و سنووری ڕێگەپێدراوەوە لەکۆمەڵگەدا، چۆن بیەوێ بەپێی ڕەزامەندی ڕێپێدراوی کۆمەڵگەو دەورووبەرو هەلومەرجی ڕەخسـاوی خۆی مامەڵە دەکات، ئـەو کاتانەی دوو بەرژەوەندخـوازی ئـارەزوو هەڵچووی ژن و پیـاو، کە ئاوێتەی یەک دەبن و دەگەنە خاڵیبوونەوەی حەزەکانیان بەیەکتر، پاشـان یەکتـر بریندارو لەکەدار دەکەن، لە قۆناغی ڕەوشـتی ڕێگەپێدراو

چوونەتەدەرو سنووری ئازادی هەموو ژن و پیاوەکان دەبەزێنن. دیاردەکـە زۆرجار بۆ چۆنێتی بیرکردنـەوەی هەردوو ڕەگەزەکە دەگەڕێتـەوە، بێگومان هەردووکیان لە ئاسـتێکدان، ئەگەر کارەکە لەکەدارکردنـی ڕەوشـتی لێبکەوێتـەوە هەردووکیـان لـە خانەی ڕووشـانی ڕەوشـتدان، بێ زیادو کەم، بەڵکو ئەوە بیرتەسـکانی کۆمەڵگەیە زۆرتر ژنەکان لەخانەی ڕووشانی کەسایەتیدا دەبینن، شـانازیش بـۆ پیـاوەکان تۆمـار دەکەن، ئـەو ژن و پیاوانەشـی بیرکراوانـە نیگا بۆ ژیـان دەکەن، مرۆڤبوون دەخەنە سـەرووی ڕەگەزبوونەوە، دەکەونە نێوان هاوکێشەیەکی تەریبی وەکیەکییەوە، ڕێزی لەشـولاریان و خێزان و یەکتریش دەگرن لەناو کۆمەڵگەدا، بـە پاراسـتنی نهێنی نێوانیـان و هەنگاونان بـۆ تێکەڵبوون بەپێی ڕێکەوتـن و لانەدان لەسـنوری ڕێگەپێدراوی نەریـت و وەکیەک تێڕامانی زوومی کامێرای بینینی جیهان بۆ ژیان و کەسـەکان بێ جیاوازی ڕەگەزی. سـیمای جوانی مرۆڤەکان، نەک ناڕووشـێنن، بەڵکـو بەهێزیشـی دەکـەن، دەیسـەلمێنن مرۆڤەکان لـە بنەڕەتدا وەک یەکـن و بگـرە لە منداڵیـدا بێگوناه هاتوونەتـە دنیاوە، ئەوە پەروەردەی خێزان و ژینگەی خراپ و دەورووبەرو نەریتی کۆنی بەسـەرچووە، لە گەورەییدا بێ ویسـتی سـەرەتاییبوونی پاکێتیی منداڵی، کاریگەری لەسەریان دروستکردوە، هەریەکەیانی بەجۆرە بیرکردنەوەیەک گـەورە کردون، تێڕوانینی مرۆڤـەکان بۆ یەکتر، ڕەنگدانـەوەی ژینگەی ژیانـی ڕابردو و ئێسـتایانە، مرۆڤە جوان دروسـتبووەکانی کۆمەڵگـە، کە مرۆڤبوون زیاتر لەکەسـایەتیاندا ڕەنگـی داوەتـەوە لەلایەن مرۆڤە تەسـکبینەکانی کۆمەڵگەو پیاوە قەپدەرەکانـی جەسـتەی ژنانـەوە دەدرێنەبەر تانەو تەشـەر بێ جیـاوازی، دیاردەکـەش لـە بنەڕەتـدا ئیرەیـی پێبردنە، بەشـێک لـە ژنانیش هاوکاری سـەرەکی دروسـتبوونی ئـەو بیرکردنەوە توندئاژۆیانـەی پیاوانـن، دژ بەژنان. کێشـەکە ئەوەیە ئەو مرۆڤە

بیرکراوانــە (ژن و پیاو) کە وەک مرۆڤ بەیەکەوە مامەڵە دەکەن، نەک دەگمەنن، بەڵکو بە ئاسانیش یەک نادۆزنەوە، لەبەرئەوەی تەڵە تەنــراوەکای ڕۆژگار لەیەکبینین دووری خســتونەتەوەو هەریەکە لە ســوچێکی جیهاندا بە بەڕێکردنی ژیانەوە سەرقاڵن. تاکوتەران ئەوانەی کەوتونەتە سەر شاڕێی ئازادیی ژیان، نەخشەی داهاتوی وەکیەکی مرۆڤەکان دادەدێژن، لەئێستادا زمانی ئامار ئاماژە دەدات ئەوانەی کە دیوی ڕاســتی ژیان وەک چۆن هەیە ناپێکن، زۆرترن بە بارتەقای بینەری دیوە ڕاســتەکانی ژیان وەک خۆی، بۆیە لەم کۆمەڵگایانەدا ڕووشــانی ڕەوشتی کەســایەتی هەڵکشانی زۆرەو تادێت پەرەدەســێنێت، لێکتێنەگەیشتن و ئاشــنابوون بەیەکیش لە بۆسەی ڕاونانی مرۆڤەکاندان بەدوای یەکدا، متمانەنەبوون بەیەک، هێندەیتــر قوڕەکــەی بۆ هەمــووان خەســتکردووەتەوە، بوار نییە مرۆڤــە تێڕوانینە جوانەکان بۆ جیهان چ ژنبن یان پیاو بەئاســانی یەکانگیری ناســینی یەکبن، بۆیە زۆربەی ژنان بۆ ئەوەی بەگرتنی قولاپی گیرۆدەبوونی ڕووشــانی کەســایەتیانەوە نەبن، خۆپارێزو خۆڕاگرن، خۆیان دەبوێرن لە سەرجەم ڕەگەزەکان بێ جیاوازی، دەبێــت چاوەڕوانــی هەڵکردنــی ڕەشــەبایەکی بەهێــزێ گۆڕینی دڵ و دەروونــی مرۆڤــەکان بین، تــا گۆڕانکاری گــەورە لەبیری مرۆڤەکانــدا دروســت بکات، جیاوازیی ڕەگــەزی نەمێنێت، مرۆڤ وەک مــرۆڤ مامەڵەی لەگــەڵ بکرێت، ئازاد بێت لــە مامەڵەکردن لەگەڵ دەورووبەردا، بەپێی ویست و ئارەزووەکانی خۆی.

## (٩)

# دڵناسکی و تێنەگەیشتن

دڵ، ئامێرێکی سەرەکی جەستەو بوونی بەردەوامی ژیانی مرۆڤە. هیچ بوونەوەرێکی دڵهەڵگر بێ دڵ ناژێت، دڵ پاڵنەرو هێنەری خوێنە بەلولە و مولولەکانی جەستەدا بۆ گواستنەوەی خۆراک و ئۆکسجین بۆ خانەکانی لەش، ئەمە وەک بوونی ئەندامی دڵ لە جەستەی هەموو بوونەوەرێکدا، بەڵام لەبەکارهێنانی وشەسازیدا، وشەی دڵ لەزۆر بواری تردا بەکاردێت، پاشگرو پێشگر بەوشەی دڵەوە پەیوەست بووەو پێکەوە مانای جۆراوجۆری مەودا جیاواز دەبەخشن، وەک وشەکانی نواندنی ئاماژە بۆ بوارەکانی سۆزو خۆشەویستی، ڕەزامەندیدان لەسەر شتێک، بڕیاردانی پێویست بۆ کارێک و زۆر مەبەستی تر، وەک: بەدڵمە، دڵدار، دڵویست، دڵگر، لەگەڵ وشەی تریشدا دەلکێن بەیەکەوەو دەبنە وشەیەکی لێکدراو لە دوو وشە، بۆ نواندنی مەبەستی جۆراو جۆری تر بەکاردێت، وەک دڵشکان، دڵداخورپان، دڵگەش، دڵڕەش، دڵگیر، لەگەڵ دڵناسک، کە زۆرتر مەبەستەکەی ئێمە دەپێکێ. دڵناسک، وەک وشە وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشەی (دڵ)و (ناسک) پێکدێت وشەکە پێکەوە سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ ئەو کەسانەی کە زوو زوو زویر دەبن و

دڵیــان دەڕەنجێ لەڕووداوێک کە ڕەنگە ئەوە نەهێنێ زویر بوون، لێکتــرازان یان نەدواندن بێتە ئاراوە، زویربــوون و دڵڕەنجان بێ تێگەیشــتنی کرۆکی مەبەســتی بەرامبەر یــا ڕوودانی ڕووداوێکی گــەورە، وەک ســیفەتێکی مرۆڤ بە دڵناســکی نــاوزەد دەکرێت، دڵناســکەکان تەنها بەڕووداوێکی سادەی کەم بەها دڵیان دەشکێ و لالوت دەبن لە کەســی بەرامبەریــان و مامەڵەکردن دەگۆڕن لە گەڵیاندا، جاریش هەیە هێندە ڕووداوەکە بچووکە کەسی بەرامبەر دڵناسکەکە هەست بە ئەنجامدانی تاوانێک دژی هاوکارەکەی ناکات و نازانێ لەســەرچی دڵی شــکاوە، دیاردەکــەش زۆرتر پەیوەندی بە بوونی کەســایەتییەوە هەیە، کەســیفەتەکە لەبەشێکی بوونێتی کەســەکاندا بوونی هەیە، تا ڕادەیەک لە دەسەڵاتی کۆنترۆڵی تاک وەدەرە. بەڵام مرۆڤەکان دەتوانن ڕۆڵ لە کەمکردنەوە یان نەمانی دڵناسکی لە بوونیاندا بگێڕن بە فشارکردن لە لێبووردەیی خۆیان، جاریــش هەیــە دڵناســکەکان زوو زوو هەڵدەچــن و دەچن بە گژ کەســی بەرامبەردا کە ڕەفتارێ سادەی نواندوە، دەنگە دەنگ دێتە ئاراوە، لەکاتێکدا ڕەنگە دڵناســکەکان لەســەر حەقیــش نەبن، یان ڕووداوەکە ئەوە نەهێنێ، کەس لە خۆت زویر بکەی، جاریش هەیە دوای هێوربوونــەوەی دەروونیان پەشــیمان دەبنــەوە لە نواندنی هەڵوێســتی توندیان، بەڵام پەشــیمانی دوای نواندنی هەڵوێســتی نەشــیاو، دادی ئەوتۆ نادات هەرچەنــدە جار هەیە داوای لێبوردن دڵی کەســە دڵشکاوەکە دەگێڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، جاریش هەیــە تێنەگەیشــتن لە چەقــی ڕووداوەکە دەبێتە بــەردی بناغەی قووڵتربوونی کێشــەکە، دڵناســکەکان، بێ گوێدانــە ڕونکردنەوەی کەسی بەرامبەر بڕیاری بەپەلەی خۆیان دەدەن و زویربوون دێننە ئاراوە، بەڵام کە دوایی چۆنێتی ڕوواوەکە ڕوون بووەوە، دەرکەوت وانییــە ڕەنگــە داوای لێبــووردن بکــەن. ئەمەش زۆرجــار مایەی تێڕامان و سەرنجڕاکێشــانی بەرامبەرە، کاتێک بەخۆی و نواندنی

هەڵوێستەکانیدا دەچێتەوە. هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەو ڕاڤەیان بۆ دەکات، هەســت دەکات بەرامبەرەکەی کارێکی وای نەنواندوە ئەم لێکدابڕانــەی لێبکەوێتــەوە، دەگەڕێ پاســاوی بیانوویەکی ڕەوای ماف پێدراوی دڵناســکییەکەی بدۆزێتەوە، ئەگــەر هیچ بیانویەکی هاوتــای پاســاودار بوونی نەبــوو، دەبێت لە ئەنجامــی تێڕامان و دانبەخۆداگرتــن خۆپیاداچوونــەوە، هەوڵبدات مامەڵەی دڵناســکی خــۆی بگۆڕێت، لە بەرامبــەردا گۆڕینی مامەڵەی کەســی نواندنی کردارەکە بۆ شــێوازێکی هەســتیار تر لەگەڵ کەسە دڵناسکەکەدا، تاڕادەیەکی باش کێشــەکە چارەســەر دەکات، هەردوولا کەشێکی باشــتر دێننــە ئاراوە، بۆ لە یەکتێگەیشــتن، لەبەردەوامی ناســینی کەسانی دڵناسکدا کەسانی بەرامبەر بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، چونکە شــارەزای کەسایەتیان بوون، هەوڵ دەدەن نەگەنە سنووری زویربوونی کەسی بەرامبەر، زۆربەی جار ڕەنگە دوای ڕوونکردنەوەی پێویســت دۆخەکە ئاسایی بێتەوە، بەڵام بە گشتی کەســە دڵناسکەکان هێڵی بازنەی دڵناسکی خۆیان کێشاوە، خەڵک کە شارەزای دڵناسکییەکەیان بوون، دەبێت هەستیارانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و ســنووری زۆر شــت دیاریکراوە لەگەڵیاندا، نابێت ســنوورەکە ببەزێنن، بێگومان هەڵگری ســیفەتی دڵناسکی بڕیاری هەڵەو بێبنەمات پێدەدات و کەســانی ئازیــزت لێدەتۆرێنێ، چونکە بەرامبــەر دڵناســکی، دڵڕەقیش لــە ئارادایە کە ســیفەتێکە لە زۆر مرۆڤــدا دەبینرێــت و ئەمیــش زۆرجــار پەیوەندی بە سروشــتی پێکهاتــەی مرۆڤەکانــەوە هەیە، کەســە دڵڕەقــەکان، نواندنی هەر هەڵەیــەک بەرامبەریان بە ئاســانی لەبیر ناکەن، دڵڕەقەکان هەمان جۆری دڵناسکی کێشە بۆ مرۆڤەکان و خودی خۆشیان دەنێنەوە، چونکە دڵڕەقی لەو سیفەتانەیەکە تا ڕادەیەک پەیوەندی بە جۆری کەسایەتییەوە هەیەو جار هەیە کەسی دڵڕەق بیر لەتۆڵە دەکاتەوە، دڵڕەقی، کەمتر لەلایەن مرۆڤەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، کێشــەکە

گەورەتر دەبێت کاتێک کەسێکی دڵڕەق ڕەفتاریێ بەرامبەر کەسێ دڵناسک بنوێنێ و ئامادە نەبێت داوای لێبوردن بکات، بێگومان لێکدابڕانی لێدەکەوێتەوە، دوو سیفەتی ناوازەی ئاراستە جیاواز هۆکاری دوورخستنەوەی کەسەکانن لەیەکتری.

تێنەگەیشتنیش، ڕاڤەکردنی هەڵەیە بۆ دیاردەیەک یان شتێک، کە ڕووی داوە، کێشەکە لەوەدا خۆیدەنوێنێت، کەسە ناحاڵیبووەکە کرۆکی بابەتەکەی وەک هەیە نەپێکاوە، هەردوولا یان لایەکیان بەهەڵە لێی تێگەیشتوون، ئیتر هەڵەکە لە هەر لایەکەوە بێت، کەسی بەهەڵەتێگەیشتووەکە بێت یان بکەری دیاردەکە، ئەمەش یەکێکە لەو دیاردانەی ئەگەر ڕاست نەکرێتەوە، بڕیاری هەڵەت پێدەدات و دۆخەکە دەچێتە بوارێکی خراپتری ئاڵۆزی پەیوەندییەکانەوە، ڕەنگە، زویربوونی هەردوو لایەنەکە بۆ ماوەیەک بێ لەخۆبووردن کارەساتیشی لێبکەوێتەوە، باشترین دەرفەت ڕاستکردنەوەی هەڵەکەیە پێش بڕیاری دراو لەسەر هەڵوێستە هەڵەکە، چونکە ڕاستکردنەوەی هەڵە دوای ڕوودانی کارەساتێکی ئەنجامی هەڵەکە، بایەخی ئەوتۆی نابێت زۆرتر پەشیمانی دێنێتە ئاراوە، پەشیمانیش دوای کارەسات داد نادات، بەڵام سنووری تەشەنەکردنی ڕووداوەکە دەوەستێنێت، جاریش هەیە هەڵوێستی بەهەڵەتێگەیشتن لە نێوان دوو کەس یان دوو لایەندا بە ناڕوونی، ئاوی پاکی ڕاستی لەسەرچاوەکەوە لێڵ کردوە، دەبێت بە کەسی سێیەم یان لایەنێ تر هەڵوێستەکە ڕاست بکرێتەوە، کە هەردوولا بڕیاریان لەسەر زانیاریی هاتووی هەڵە داوە، پێویستە ڕوونکردنەوەی تەواو و متمانە پێکراویان بدرێتێ، جاریش هەیە هەڵوێستەکان هەر ڕاست ناکرێنەوە، بە هەڵەتێگەیشتنی زۆرەوە دیاردەکە دەچێتە کاروانی تۆمارکردنی مێژووەوە. تێنەگەیشتن و دڕاندنی بەرگی ڕاستی زۆرتر لە بیری لایەکی بە هەڵەداچووەکاندا جێگیر بووە، چ لەناڕوونی پەیامەکە بێت، یا تەسکبینی لایەنی

پەیامەرگر بۆ دیاردەکەو نەخوێندنەوەی ڕاستییەکان وەک خۆی کە هەیە، لە هەموو بوارەکاندا دڵناسـکی و دڵڕەقی، دوو سـیفەتی بوونی کەسـایەتی بەشـێک لـە مرۆڤەکانن، دەکرێت کار لەسـەر کۆنترۆڵکردنـی ڕوونەدانیان بکرێت، بە چاندنی خۆشەویسـتی و دڵپاکی نێوان مرۆڤەکان.

**(١٠)**

## ئەڤین و خۆشەویستی و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن

ئەڤین و خۆشەویستی دوو وشەی هاوتاو هاوماناو هاوئاراستەو هاومەبەستن، وشەکان بەپێی زاراوەی ناوچەکان دێنەسەر زارو لەبنەچەدا هەردووکیان کرۆکی یەک مەبەست دەپێکن، کە پەیوەندیی سۆزداری نێوان دوو بوونەوەر، یان دوو کەسایەتی یان دوو ڕەگەزی ژن و پیاون، ئەڤین بەتەقینی کانی سۆزی ناخی مرۆڤێک بەرامبەر بوونەوەرێک یا مرۆڤێ تر دەست پێدەکات، کە لە نیگا یان بینینێکەوە چەکەرەی کردوەو ناخی هەژاندوە، تا حەوزی کانیاوی سۆز هاتۆتەبوون، جار هەیە سۆزی ئەڤین پێش لەدەرگادانی دڵی بەرامبەرەکەش دروست دەبێت، تەنها بە بینینی ڕوخسار، سەرسام بووە بە کەسەکەو کاریگەریی لەسەر داناوەو شنەبای فێنکی شەماڵی سۆز دەستیکردوە بە هەڵکردن لە گەرمی تێڕووانینی ناخپڕوکێندا، تەنها لە ئەنجامی زمانی جەستەو بینینی جوڵەی چاوو خوێندنەوەی ڕازە حەشاردراوەکانی دڵ، پێش چاوپێکەوتن، نیگاکەر کە ناخی بووە بە کانگای سۆزهەڵڕشتن دەیەوێت ببێ بە سۆزبەخش و شنەی سۆزەکە بنێرێ بۆ کەسەکە بۆ هەڵڕشتن، بەئومێدی دانانی بەردی بناغەی دیواری

خۆشەویستی، لە ئەنجامی کاریگەریی ڕادەی سەرسامبوون بە کەسەکە. هەوێنی سەردەرهێنانی سۆزی عاشقانە لەسەرەتاوە دیمەنی سەرنجڕاکێشی سیمای مرۆڤەکانە لای یەکتر، کە بەلای کەسی نیگاکردوەوە جوانەو تێڕامانی لادروست کردوە، ئەگەر لایەنی دوومیش کە نیگابۆکراوە هەمان تێڕوانینی بۆ یەکەم هەبێت، دیدی سۆزدارانە بنوێنێ، هەردوولا پێکەوە بە کۆکردنەوەی پوش و پەڵاشی سۆزی خۆشەویستی، هێلانەی ئەوین دروست دەکەن، هێلانەیەک بەرهەمی تەقەلاو کۆششی ڕووانینی هەردوولایە بەیەکتر، سۆزی ئەڤین زۆرتر لە قووڵایی ناخەوە هەڵدەقوولێ لە شێوازی جیاجیادا خۆی دەنوێنێ، بەپێی پەیوەندی نێوان کەسەکان و جۆری دەربڕینی بەرامبەرەکەشی خۆی دەگۆڕێت. سۆزیش هەیە خۆڕسکانە دروست دەبێ لە ناخی سۆز بەخشەردا پەیوەستە بە پەیوەندی خوێنییەوە، وەک سۆزی دایک بۆ منداڵ و بە پێچەوانەشەوە، سۆزیش هەیە لە بەرگێکی سادەو ساکاردا لە ڕوحی پاکی کەسەکەوە سەردەردێنێ وەک سۆزی دەروێشێ بۆ شێخەکەی. هەستکردن بە ئامێزی گەرمی سۆزی بێوێنەی دایک لە لایەن منداڵەوە، لە سۆزە هەمیشەییە بێ کۆتاییەکانە، کە ئاسودەیی دەدا بەڕوح، سۆزی دایک لەکاتی تووشبوونی منداڵ بە کێشەیەک یان نەخۆشی منداڵەکەدا دەگاتە ترۆپک و منداڵ زیاتر هەست بە خرۆشی و گەرمی سۆزەکە دەکات، مرۆڤ تا دەمرێت پێویستی بە سۆزی دایکە، لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت، چونکە هیچ سۆزێک ناتوانێ جێگەی سۆزی دایک بگرێتەوە لەدەروازەی ئەو کانگایەوە کە لێی هەڵدەقوولێت، سۆزی دەروێشیش لە کاتی بینینی شێخەکەی و گەرمبوونی حاڵەتە سۆفیگەرییەکەیدا زیاتر دەردەکەوێت، ئەم سۆزەش جار هەیە لە نواندنی دیمەنی سەرنجڕاکێشی دەروێشدا کە مایەی هەڵوێستە بۆ کردنە، وەفای خۆی بۆ شێخەکەی هەڵدەڕێژێت. گەرمترین

سـۆز کە ناخ دەهەژێنێ تا سـنووری سـوتاندن، سـۆزی ئەوینی نێـوان دوورەگـەزە، ئەم سـۆزە دەگاتە پلـەی فەنابوونی ڕوح لە هەندێ کەسـدا، زۆر لەعاشـقان کە بەیەک نەگەیشـتوون توشـی گرێیی دەروونی سـەخت بوون، سـەرەتا لە نیگایەکی سەرەتایی سەرسامبوون بەرامبەر یەکێکیان لەلایەن ڕەگەزێکیانەوە دروست دەبێت، پاشـان بالآی ئەم سـۆزە هەڵدەکشـێت، کاتێک بیروڕایان گۆڕییەوەو بیریان ئاوێزانی یەکتربوو، دەرکەوت هەردوولا لەسەر ڕاسـتەڕێی ڕێکەوتن هاوڕاو جووتـن، بەڵام بەهۆی لەمپەرێک کە لە دەرەوەی دەسـەڵاتیانە، دوور دەکەونەوە لە یەکتری و درەنگ درەنـگ یەکتـر دەبینن، نەبینیـن دەبێتە کانگای تەقینی سـۆزێکی بێشـوماری کەموێنە، زۆرتـر نیگاکانی چاو زمانی قسـەی نێوان ئـەم دوو ئەویـندارە بـووە لەسـەرەتاوە، پـاش گفتوگۆکردن و گینگڵدان و ڕاگوزەری فلاشباکی بینینەکان لە هزردا بووەتە مایەی کەڵەکەبوونی سـۆزێکی بێشـومار، لـە سـاتی دوورکەوتنەوە لە یەکتر. ئەم دوو سۆزهەڵگەرە توانیویانە بەڕازە حەشاردراوەکانی چاو، لە یەک نزیک ببنەوە، پاشـان بـە دواندن بیروڕا بگۆڕنەوەو بیروڕاکانیان لای یەک پەسەند بێت، تا سەرسامکردن بەیەک زیاتر بێـت لە بۆتەی یەکتردا دەتوێنەوەو زۆرتر شـەیدای یەکتر دەبن، هەڵکردنی ئەم سـۆزە بێگەردە خۆشەویستی ناخی لێدەکەوێتەوە، ئەم سۆزە لە ژێر کاریگەری ناخهەژانی کەسەکانەوە سەر دەردێنێ و لەگەڵ تێکەڵبوون و ناسـینی زیاتردا تادێت زیاد دەکات، ئەگەر دوو ڕەگەزەکە بیرکراوەو تەسکبین نەبن و لەیەک ئاستی فراوانی بیرکردنەوەدا بن، خۆشەویستییەکە دەگاتە بەرزترین لوتکە، جوان خوێندنەوەی یەکتری زیاتر بە سۆز وێنا دەکرێت، ڕەنگە لەمەودای نەبینین و دووری نێوان کەسەکاندا ئەم سۆزە بەردەوام هەڵبکات و گەرمی ببەخشـێت وەک ناردنی پەیامی دووری یەکتر نەبینین، هەڵکردنی سۆزی ناخهەژێنیش هەوێنی ژانی لە دایکبوونی داهێنانی

ئەدەبییــە لای نوســەرو داهێنکاران، بــە پیاهەڵــدان و وێناکردنی وشــەی جوان بۆ خۆشەویســتەکانیان، ئەوانەی عاشق و خاوەن قەڵەمــن. هەرچەندە بینینی دوو ئەوینــداری یەکترو تێکەڵبوونیان لەدەرەوەی حەرەمی ســۆز، وادەکات هەڵکردنی شــنەی شەماڵی ســۆزی ئەوین کەمتر بێتەوە لەسەرچاوەی هەڵهێنجانی سۆزەوە، تاســەیان لە یەکتر بشــکێت، بەڵام کارێزی پاراوی ســۆز وشــک نــاکات، زۆرتر دووری و تێکەڵنەبوون زادەی هەڵقرچانی ناخە بۆ هەڵکردنی ســۆزدەربڕین و هەســت و نەســتی جوان لە ئەنجامی بوونــی کەلێنی یەکتــر نەبینین، ئێســتا ئاســانکاریی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیــاو کەناڵەکانــی پەیوەندیکــردن، دنیــای هەڵکردنــی شنەی ڕاســتەقینەی سۆزی ئەوینی تەنیوە، ســۆزی ڕاستەقینەی ناخهــەژان کەمتر دێتــە گوزەرو گۆڕاوە بــۆ پڕکردنەوەی کەلێنی حەزەکان بەهۆی ئاسانکاریی دواندن و بینینی سیمای ڕووکەشی هەڵخەڵەتێنەرو نەبینینــی ناوەرۆکی جوانەوە، چونکە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ڕێگەکانی بەیەکگەیشتن و ژوانی عاشقانی ئاسانتر کردوە، بەیەک گەیشتنی عاشقان بەهۆی ئاسانکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە، وشــکبوونی کانی سۆزە کە زۆرتر لە نەبوونی ژوان و بەیەکترنەگەیشــتندا هەڵدەکات، بایەخی ڕووحی ســۆزی عاشقانەی گۆڕیوە بۆ سۆزێکی کاتی کەم ناخ هەژێنتر، تەنیا سۆزی دایــک میهرەبانــی خۆی لەدەســتناداو هەمیشــەییەو ئامرازەکانی پەیوەندیــش ناتوانــن کاریگەریــی ســۆزی ئامێــزی گەرمی دایک ڕووەو نشــێو و نغرۆبــوون بەرن، بەڵکو زیاتــر گەرم و پیرۆزی دەکەن، چونکە بە پێچەوانەی ســۆزی عاشــقانەوە نەمامی سۆزی دایک بەیەکتربینین زیاتر باڵا دەکات. تا تێکەڵ بیت لەگەڵ ســۆزی دایــک میهرەبانتر دەبیت. پێویســتە مرۆڤەکان لــە مانای پیرۆزی ئەڤیــن تــێ بگــەن، کار لەســەر هەڵکردنی ســۆزی ڕاســتەقینەی ئەویــن بکــەن، بــە ســۆزی هەڵچووی کاتــی گۆڕەپانــی پیرۆزی

سـۆزی ئەوین داگیـر نەکەن، ئەگەر لە دنیـای فراوانی ئەوین تێ بگـەن و لە سـوێی ناخبرژانی سـۆزی ئەویـندا ڕۆبچنە قووڵایی، سـۆز دروستبوونی ڕاسـتەقینە لەڕێی ئامرازەکانی پەیوەندییەوە کەمتـر هەڵدەهێنجرێ، کە سـۆزێکە زۆرتر بـۆ وروژاندنی حەزو پڕکردنەوەی ئارەزووەکان و پێویسـتییە فسیۆلۆژییەکانی مرۆڤە، سـۆزی ڕاسـتەقینە لە تەیکردنی قوژبنەکانی ناخـی مرۆڤەکان و پەیبردن بەجوانییەکانەوە دێتەبوون، لەوێوە سەردەردێنێت، بەیەک گەیشـتنی دوو عاشقی ئەنجامی سـۆزی ڕاستەقینەش بە ئاسانی لێکدابڕانی لێناکەوێتەوە لـە کاتێکدا پێکەوە گونجاندنی ژیانی دوو کەسـی لـێ هاتبێتە بەرهـەم. بەپێچەوانـەوە بێسـۆزیش ئازاری برینێکـی قووڵی ناخهەژێن دروسـت دەکات، مـرۆڤ لە نەبوونی سۆزدا جارجار هەست بە پشێوی دەروونی دەکات، هەموو جۆرە مرۆڤەکان پێویستیان بەسۆزە، مرۆڤ کەمتر هەست بە ئاسودەیی دەکات لـە نەبوونی سـۆزدا، بەتایبەتی سـۆزی دایک، مرۆڤ بێ بوونی سـۆزی دایک. جەستەیەکی کەمئەندامە تا ئەو کاتەی خۆی دەبێتە کانگای سۆز بەخشـین بەمندالان، دواتریش هەر پێویستی بـە سـۆزێ دایکـە، بەلام جگـە لە وەرگرتنی سـۆز، بەخشـەری سۆزیشـە، ناتوانرێـت بە هەوڵ و تێکۆشـان و فشـارلەخۆکردن سۆزی ڕاستەقینەی ئەوین دروست بکرێ بەرامبەر ڕەگەزێکی تر، تا مرۆڤەکان کەسایەتی سەرسوڕهێنەر لای یەکتر دروست نەکەن، چ سـۆز وەرگربن یا بەخشـەری سـۆز، ئەمە ڕاسـتییەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ هەر بوونەوەرێکی هەڵهێنجەری سۆزی ڕاستەقینەی ئەوین. شـنەبای سـۆزی ئەوینیش بەئاڵوگۆڕکردنی سۆزی نێوان دوو ڕەگەز دێتە بوون، ئەگەر ڕەشەبای هەوێنی سەرهەڵدانی سۆز لەبەرامبەریشـەوە هـەڵ نەکات، داری سـۆزی تاکلایەنەی ئەوین تەمەنی کورتە دوای ماوەیەک وشـک دەکات. ئەڤینی ڕاستەقینەی بەرهەمـی خەرمانـی سـۆز کاتێک دەگاتـە دوندی سـەرکەوتن،

کـە ڕێگەکانی پەیوەندیکردنی کەســەکان تەنهـا بەئاویزانی یەکتر لە بینینی ڕوخســاردا پەیوەســت نین، هەل ڕەخســاوە بۆ بیروڕا گۆڕینەوەو شــارەزایی و تێڕامانی یەکتر، بــە بنیادنانی جیهانێکی جوانتــری لێکتێگەیشــتن، دوای هەڵکردنی بای وەشــتی ســۆزی بێگەرد، خۆشەویســتان لەناو دنیای خەیاڵ و ئەندێشــەی یەکتردا دەخولێنەوە، هێندە تەزووی بیریان دەچێ بۆ جیهانی یەکتر، سۆز هەڵهێنجان دەگاتە دوندی بێگەردی، بە هاوســەنگی تێڕوانینەکانی هــەردوولا بۆ ژیان، ســۆزی پاک لە دایک دەبێ، هەر ئەم ســۆزە پاکە ســۆزی کەڵەکەبوونــی زادەی لەدایکبوونی بەرهەمی ئەدەبی دەگمەن یان شاکاری هونەرییە، کاتێک هەردووکیان یان یەکێکیان لەکەســە داهێنــەرەکان بــن، لە ئێســتادا زۆربوونــی ئامرازەکانی پەیوەندیکــردن و زوو بەیەکگەیشــتنی دڵخــوازان، ڕێگەکانــی بەیەکگەیشــتنی هەڵڕێژانــی ســۆزی زۆر کــردوە، کە ئاشــقەکان بەیــەک دەگــەن، خۆیان خاڵی دەکەنەوە لە هەڵڕشــتنی ســۆز، کە هاوسەرگیریش پێکدەهێنن زۆربەی جار جیابوونەوە ڕوو دەدات، هەر ئەم ئامرازی پەیوەندییکردنانەیە هۆکاری نوغرۆبوونی سۆزی ڕاســتەقینەی پاک و لێکتێگەیشــتنن پێش تێکەڵبــوون، هەربۆیە لە هاوسەرگیریدا پێکەوەگونجانی هەمیشەیی مەیسەر نابێت.

## (١١)

# لەشساغی و سۆزی خۆشەوستی

لەشســاغی، دۆخێکی خوازراوی مرۆڤەو تاج لەســەرکردنە بۆ وەدیهێنانــی هەموو خۆشــییە وەدەســتهاتووەکانی تری ژیان، کە مرۆڤ بەدوایاندا عەودالەو کار بۆ فەراهەمبوونیان دەکات، چونکە بارێکە مرۆڤ لەڕووی جەســتەیی و دەروونییەوە کێشەی نییە و دەتوانێ تێیدا کار بۆ وەدەستهێنانی ئاوات و خۆزگە گەلاڵەبووەکانی تــری ژیان بکات، وەدەســهێنانی خۆزگــە گەلاڵەبووەکانی مرۆڤ بەدیوەکــەی تردا وەدەســتهێنانی خۆشــی و ئاســودەییە کە وزە بەمرۆڤ دەبەخشــێت، چونکە ئەگەر بە ئاواتگەیشتن خۆشیهێنەر نەبێــت مــرۆڤ خۆزگــەی بــۆ ناخوازێــت و چاوەڕوانــی کات و ســاتی گەیشــتن بەئاواتە خوازراوەکانی نێو دڵی ناکات، بێگومان هەموو خۆشــییەکان کە مــرۆڤ خولیایەتی و کاریــان بۆ دەکات تا وەدەســتیان بێنێ لە کەشــوهەوای لەشســاغیدا دێنــە بەرهەم، ئاســودەیی بەرئەنجامی کۆششە بۆ کەشــوهەوای جێگیری باری تەندروســتی. بەپێچەوانەوە مرۆڤ کە باری تەندروستی ناجێگیر بــوو هەمــوو هەوڵەکانی بــۆ گەڕانــەوەی باری تەندروســتی بۆ

دۆخی ئاسـایی چڕدەکاتەوەو کۆششـەکانی بۆ پێویستییەکانی تر دەوەسـتێنێت، واتە تەنها دۆخی لەشساغییە زەمینەی کارکردن و هەوڵدان بۆ دابینکردنی خۆشـییەکانی تر دێنێتە ئاراوە، کە مرۆڤ بە دوایاندا وێڵەو پێویسـتییە ڕووحی و بایۆلۆژییەکانی خۆی پێ پڕدەکاتـەوە. تەواوی پێویسـتی فەراهەمبوونی خۆشـییەکانی تر بەبێ بوونی دۆخی لەشساغی ئەنجامدانیان زۆر دانسقەو دەگمەنە، مرۆڤ تەنها لە دۆخی لەشسـاغیدا دەتوانێ کار بۆ فەراهەمکردنی خۆشـییەکانی تر بکات، جێگیریی باری تەندروستی تاکە دەلاقەی ڕەخسـانی چالاکی مرۆڤە بۆ ئەنجامدانی ئەو خۆشیانەی لەژیاندا پێویسـتن، پڕکردنـەوەی کەلێنەکانـی ڕۆژانـەش بـۆ بەردەوامی ژیانی مرۆڤەو کارکردن بۆ وەدەسـتهێنانیان پێویسـتە، ناکرێت لە هەندێ باری دانسـقەی زۆر پێویسـتدا نەبێت، لە ناجێگیریی باری تەندروسـتیدا کار بـۆ دابینکردنی خۆشـییەکان بکرێت، جگە لەو کارانەی پەیوەستن بە گەڕانەوەی دۆخی لەشساغییەکەوە. کاتێک مرۆڤ لە دۆخی لەشسـاغیدا نەبوو، نەک کار بۆ وەدەسـتهێنانی خۆشـییەکانی تـر ناکات، بگرە هەموو هەوڵەکانـی بۆ گەڕانەوەی بـاری تەندروسـتییەکەیەتی، تـا لەشسـاغی دەگەڕێتـەوە دۆخی جێگیری خۆی، بەپێچەوانەوە وەدەسـتهێنانی هەرخۆشـییەک کە چالاکییەکـی کەمیشـی بوویت، بەهای ئەوتۆی نییـە لە ناجێگیری بـاری تەندروسـتی سـەختدا، بەتایبەتـی ئەگەر خۆشـییەک بێت نەتوانـێ بـاری تەندروسـتی بگەڕێنێتەوە دۆخی ئاسـایی خۆی. بێگومـان ڕادەی ناجێگیری باری تەندروسـتیش ڕۆڵی کاریگەری هەیە بەپێی شـیرازەی تێکچوونی بارە تەندروسـتییەکە، ئەو بارە نـا تەندروسـتییانەی کەئێش و ئازاری زۆرەو مرۆڤی هەراسـان کردوە، جگە لە هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی جێگیری باری تەندروستی بۆ دۆخی ئاسایی، کۆشش بۆ وەدەستهێنانی هیچ کارێکی تری تێدا ناکرێت. ئەو خۆشییانەی کە لە ناجێگیری باری تەندروستیدا هەوڵ

بۆ دابینکردنیان دەدرێت، بە دیوێکی تردا پەیوەستە بەگەڕانەوەی باری ناجێگیری لەشساغییەکەو هێند کاریگەریی لەسەر دۆخی گۆڕاوی مرۆڤەکان نییە بۆ فەراهەمبوونی خۆشیتر، ئەو بارە ناجێگیرانەی تەندروستی کە هەمیشەین و ناسۆرو ئازاریان کتوپڕ نییەو بەرگێکی هەمیشەیی پۆشیوە، مرۆڤەکان لەگەڵیاندا ڕاهاتوون، کاریگەریی ناجێگیری بارە تەندروستییەکە زۆرتر وەک نەخۆشییەکی هەمیشەیی کەمئازار یان بێ ئازار دەردەکەون، ئەگینا هەموو خۆشییەکان لە ناجێگیری باری تەندروستی توندا، فەراهەمبوونیان بەلای مرۆڤەکانەوە بەهای تەوتۆی نییە کە کاریگەرییەکانیان شفا بەخشانە نەبێت. بەپێچەوانەوە لەشساغی بێ نەبوونی خۆشییەکانی تریش هەڵدەکات و بەهای تایبەتی خۆی لەدەستنادات، هەمیشە لەشساغی دۆخی تایبەتی درێژەپێدانی ژیانەو ڕازیبوونی مرۆڤە بەو دۆخەی تێیدا دەژی بەبوونی کەموکوڕییەکانی تریشەوە، بەڵام زیاتر ئەو مرۆڤانە بەهای ئاسودەیی زیاتری لەشساغی هەست پێدەکەن، کە جاروبار باری تەندروستییان بە پلەیەیەکی ئازارهێنی بەهێزەوە ناجێگیر دەبێت، لەو ساتانەدا کۆی کۆششەکان جگە لە گەڕانەوە بۆ لەشساغی مانایەکی نامێنت، چونکە لەش تەختایی زەمینەی کارکردنە بۆ وەدەستهێنانی خۆشییەکانی تر. کە مرۆڤ لەشی ساغی بەخۆیەوە بینی، ناکرێ خۆشییەکانی تر پەراوێز بخات و کار بۆ وەدەستهێنانیان نەکات، چونکە خۆشی و پێداویستییەکانی مرۆڤ بە دۆخی لەشساغییەوە تەواوی کەلێنەکانی ژیان پڕ دەکاتەوە ئاسودەیی تەواو دێنێتە ئاراوە، ناکرێت بڵێین بەبوونی لەشساغی خۆشییەکانی تر ڕۆڵیان نییە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکدا، بۆیە دەبێت تاک و کۆ کار بۆ وەدەستهێنانی پێداویستییەکانی تری ژیان بکەن کە خۆشی بەخشن. یەکێک لە بابەتەکانی کە مرۆڤ لە سات و کاتی لەشساغیدا دەتوانێ ئەنجامی بدات. ئاسودەیی دەروونی

پێبێنێته بوون سۆزو عەشق و خۆشەویستییە، کە پێویستییەکی ڕووحی و ئاسودەیی مرۆڤە، سۆزڕشتن و سۆز وەرگرتن لەکات و ساتی جێگیری و ناجێگیری باری تەندروستیدا پێویستییەو تەواو کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان هەیە، وەک سۆزوەرگرتنی دایک یان خۆشەویست لەشێلان و وەدەنگەوە هاتن لە دۆخی ناجێگیری لەشساغیدا، یان سۆز بەخشین بە منداڵ لەگریان و گرفت و کێشەو نائارامی باری تەندروستیدا، عەشق و سۆزوەرگرتن و سۆزڕشتن لەفرەجۆریدا خۆی دەنوێنێت، وەدەستهێنانی هەموو جۆرەکانی پێویستی پڕکردنەوەی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە بە پێی تەمەن و دەرفەت و هەلومەرجەکان، وەک خۆشویستنی منداڵ، سروشت، ڕەگەزەکان بۆ یەکتر تا بابەتی نوسین و خوێندنەوەش عەشق و خۆشەویستی گەرەکە، داڕشتن و داهێنان پێویستی بە بیرکردنەوەو خۆشەویستییە، مرۆڤ ئەگەر خۆشەویستی بۆ کارەکەی نەبێت ناتوانێ ئەنجامی بدات و داهێنان بهێنێته ئاراوەو هیچ ئەنجامێک هەڵبهێنجێنێت، مامەڵەکردنی هێمنانە لەگەڵ دەوروبەردا هەر عەشقەو بێکێشەیی و ئارامی ڕوحی دەبەخشێت، بەهەمان شێوەی خۆشییەکانی تری ژیان، ڕاستە، عاشقبوون بە ڕەگەزێک ناسۆریشی زۆرەو هەموو کات ئاسودەیی بۆ مرۆڤ فەراهەم ناکات، جار هەیە ئازاری عاشقبوون سەختە، بەڵام بینین و ژوانێکی دوای ئازار، چێژ بەخشەو جار هەیە لە هەندێ بواری بێهیواییدا فریای مرۆڤ دەکەوێت، بەوەی مرۆڤ شانازی بە خۆشەویستەکەیەوە دەکات و لەدڵی خۆیدا دەڵێ: مادام ئەوم هەیە، باکی بەبێهیواییە کاتییەکە نییەو ئاسودەیی دەروونی بۆ خۆی فەراهەم دەکات، وەدەستهێنانی لەشساغیش لەڕووی دەروونییەوە لە هەندێ حاڵەتی دانسقەو دەگمەندا بە عەشق، سۆزڕشتن و سۆز وەرگرتن دەستەبەر دەکرێت و ئاسودەیی دەروونی دەبەخشێت، وەک خۆشەویستی و سۆز هەڵڕشتن لەدڵەوە بۆ ڕەگەزێکی

بەرامبەر دوای خەیاڵ و ئەندێشـــەو ساتەکانی نائارامی دەروونی، پاشان بینین و پێکەوەبوون لەشساغی دەروونی فەراهەم دەکات، بەگشتی خۆشەویستیکردن کە دڵخۆشی و ئارامی ببەخشێت، ئەو جۆرەیە کە بەدڵ و ڕاســتگۆیانە دەکرێت و ناخ دەهەژێنێت، سۆز بەرئەنجامی دۆخی لەشساغی دەروونی و جەستەییە، هەردووکیان پێکــەوە گــرێ دراون، دیــوی دراوی لەشســاغی ســۆز بەدوای خۆیدا دێنێ و تەواوکەری درێژەپێدانی دۆخی لەشساغییەکەشــە. لەشســاغی خۆی دۆخێکە ســۆزی دڵخۆشــی و ئارامی دەروونی تێــدا فەراهەم دێت، لەشســاغی جەســتەیی و دەروونیش پێکەوە دواپێنتکــی مەنزڵــی برینــی ڕێــی خۆشــی و ئارامییە، کــە مرۆڤ هەمیشــە عەوداڵیەتــی. کەواتــە کــەم و زۆر دابینکردنــی هەموو پێویســتییە فسیۆلۆژییەکان لە ژیاندا پێویســتی بەردەوامی ژیانی مرۆڤەکانــە، بەڵام لەدۆخی لەشــی ســاغیدا دەتوانیــن زۆرتر کار بۆ ئەنجامدانیان تەرخان بکەین، لەڕووی پێویســتیی ڕوحیشــەوە خۆشەویستی پێداویستی پڕکردنەوەی کەلێنی ژیانی تەنهایە، ژیان بێ ســۆزوەرگرتن و سۆزڕشــتن کە ژیانی بەشــێکی مرۆڤەکانی ســەردەم دەگرێتــەوە، گۆشــەگیری دێنێتــە ئاراوە، ســۆز کە لە پێویســتییە ڕووحییەکانی مرۆڤە، مرۆڤ خۆی هەڵی دەهێنجێنێ و پاشان هەڵی دەڕێژێ بۆ بەرامبەر، وەک چۆن بەشێک لە مرۆڤەکان وەرگــری ســۆزن لەبەرامبــەردا بەشــێکی تریان سۆزبەخشــن، ئاســودەیی پێ دەچێــن. بێگومان تەمەن ڕۆڵــی کاریگەر دەبینێت لە پێداویستی سۆزی خۆشەوســتیدا، زۆرتر مرۆڤ لەگەنجایەتی و تا ســاڵانێکی ســەرەتای ڕۆچوونی تەمەن پێویســتی بە سۆزی خۆشەویســتیی ڕەگەزی هاوتایەتی، مــرۆڤ کە چووە ناو تەمەن و خێــزان و منداڵــەوە کــۆی خۆشەویســتییەکانی دەگــۆڕێ بــۆ خۆشەویستی سۆزڕشتن بۆ هاوسەرو ماڵ و منداڵ، بەدەگمەنیش هەڵکەوتــەی مــرۆڤ هەن تا بێ ئومێدبوونی هیــوای درێژەپێدانی

تەمەن هەر پێویستی بە سۆزی خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر هەیەو ڕۆژانە عەودالّی وەرگرتنی سۆزە، ئەمەش بەپێی کاریگەری دابونەریت و ڕادەی پەیوەستبوون بە ئایینەوە دەگۆڕێت، لە هەندێ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا، سۆز گۆڕینەوەو خۆشەویستی لە نێوان ڕەگەزەکاندا ڕێگە پێدراو نییە، دەبێت لە مەداری بازنەی نهێنیدا ئەنجام بدرێت، تا سەریەشە زۆر نەنێتەوە بە تایبەتی دوای پرۆسەی هاوسەرگیری، بۆیە زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەناچاری و لەژێر فشارەکانی نەریتدا دەستبەرداری سۆزی خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر دەبن، ئەو مرۆڤانەشی کە بەردەوام سۆزی خۆشەویستی دەگۆڕنەوە، بەنهێنی و شاراوەیی مامەڵەی ڕازو سۆز لەگەڵ یەکتردا دەکەن، ئەوانەشی کە گوێ بە فشارە کۆمەڵایەتییەکان نادەن، مل بۆ نەریتی داسەپێراو دانانەوێنن کێشە بۆ خۆیان دەنێنەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا کەمتر پێوانە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، مرۆڤ ئازادە لە کومەڵداو سنوری داسەپێنراوی دابونەریتی کۆمەڵایەتی بەشێوەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان جێهڵراوە، زۆربەی گەنجانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بە ئاشکرا پەیوەندیی خۆشەویستی دەبەستن و ئارامی دەروونی فەراهەم دەکەن لە ساتەکانی دۆخی لەشساغیدا.

## (١٢)

# ژن و بوێری

بوێـری، نیشـانەی ڕاسـتی پێـکان و درکاندنـی نارەزاییە، بۆ دیاردە نەشیاوەکانی ئەم ڕۆژگارە پڕ هەڵبەزو دابەزەی زۆربوونی کێشـەو تەنگوچەڵەمەکانـی مـرۆڤ، پەنجە خستنەسـەر نادادیی نێـوان ڕەگـەزی ژن و پیاوە لـە کۆمەڵگەدا، یەکێک لـە جوانترین سـیفەتە وەدەسـتهاتووەکانی ئەمـڕۆی مرۆڤـە، کە بە تەلیسـمی درکاندنی ناخدا گوزەر دەکات و سـەردەردێنێت لە کردارو وتندا، ئەم سـیفەتە خۆڕسکە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا ڕاستەوخۆ بەتەواوی نایەتـە مەیـدان، بەڵکو ئـازادی و بیرکراوەیی مـرۆڤ و ژینگەی تەندروست و تێڕامانی جوان بۆ ژیان لە بوونی کەسایەتی مرۆڤ و نادادی نێوان ڕەگەزەکان دروستی دەکات، بوێری جوانتر مەدای کێشراویی بەڕوونی وەک سیفەتێکی کەمۆینە، دەنەخشێنێت کاتێک کە مرۆڤەکە ڕەگەزی مێ بێت، نەک نێر لەو کۆمەڵگەیانەی تائێستا جیـاوازی ڕەگەزیی لە ئاسـتێکی باڵادایـە لەنێـوان ڕەگەزەکاندا. مرۆڤبـوون، هیـچ جیاکارییەکـی بنەڕەتـی ڕەگەزی تێـدا نییە لە بنەڕەتـدا، وەک ئاماژەیـەک بـۆ دوو بۆتەی جیـاوازی مرۆڤ لە

پێکهاتنــی دوو مرۆڤی بوونی پێکهاتــە جیاوازیی ژن و پیاودا، کە یەکێکیان هەیمەنەی تەواوی لەسەر ئەوی تردا هەبێت و ئەوی تر کۆیلەی نەریت بێت و دەسەپاچە دانیشتبێت، ڕەگەزیش مرۆڤبوون هەڵاوێــردو جیاناکاتــەوە لە یەکتــری بۆ دوو مرۆڤــی فۆرمەڵەی پێکهاتنی تەواو جیاواز، تەنها هەندێ گۆڕانکاری کەمی جەســتەیی نەبێــت کە ئەوانیش ئاماژە نین بــۆ دوو مرۆڤی پێکهاتە جیاواز لە یەکتری، بــەڵام لەوڵاتی تەلبەندو ئەنگوســتەچاوی تاریکی دۆخی ژن بوونــدا کە تەنها پیاوی پارێزەری نەریتە کۆنەکان و خەڵکانی بیرتەســکە، کە هەیمەنــەی هەیکەلــی بەڕێوەبردنی ژیــان دەبەن بەڕێوە، ژن بوون نەک جیاواز دەبینن، بەڵکو کێشە دروستدەکەن بــۆ خودی ڕەگــەزی مێ، بەتایبــەت لای پیاوە برســی و عەوداڵ و هەڵوەدای چێژە جەســتەییەکان، ئەوانەی شــەیدای ڕوخســارو سیمای ژنانن، بێ بینینی ناخ و هەموو جوانییەکانی ژن لە جەستەدا کۆدەکەنــەوەو چاویان ناوەرۆکی پڕ داهێنانــی ژنان نابینێت، ئەم پیاوانە هەمیشــە دڕکن دەچەقن بەجەســتەی ناسکی ژناندا نەک گــوڵ بن و بۆنی ئاســودەیی ڕوحی بپرژێنن بەناخــی ژناندا، لەم کڵاوڕۆژنــەوە کــە بوێری لە ســیفەتەکانی ناخەو لە ڕوخســاردا بــێ نزیکبوونەوەو تێکەڵبــوون خۆی نانوێنێــت، دەچێتە جوغزی کرۆکی جوانترین ســیفەتەکانی ژنانەوە. چونکە تولەڕێی ئاســایی بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتدا، بەچیلکەو چەواڵی کەڵەکەبــووی خوارو خێچ و دڕکــی نووکتیژی ئەمبەرو ئەوبەری تولــە ڕێگەکە تەنراوە، ڕێکردنی برینی ڕێگەی ڕۆژانەی ژن بوون بــێ چەقینــی دڕک بە جەســتەدا مەحاڵــە، هــەر لالێکردنەوەیە بە ڕاست و چەپدا، چەقینی دڕکێکە بەناخی پڕ حەسرەت و ئەندێشەو هیواو کردەوەکانی ژناندا، دەگمەن و دانســقەن ژنە بوێرەکانی کە بــێ ئاوڕدانەوەو بەرکەوتن ڕێگەکــە دەبڕن و بەرەنگاری چەقینی دڕکــەکان دەبنەوە بە دەرهێنان لە لەشــیان و ئارامگرتنی ســوێی

ئازاری شــوێنی چەقینی دڕکەکان، بەشــێکی زۆریشــیان لەترسی بریندارب‌وونیــان لە چەرخی چەپگەردی تەنــراوی ڕۆژگار خۆیان لە کێشەکان دەبووێرن و بەڕێگەی مەترسیی پڕ دڕکوداڵدا گوزەر ناکــەن، پێــوەری دونــدی بەژنــی جوانــی ناوەرۆکــی ژنانیش لە کۆمەڵگەدا، لە بوێرییەوە سەردەردێنێ و باڵا دەکات بۆ جوانییەکانی تر، بۆیە ژنە بوێرەکان سەرمەشقی پاککردنەوەی ڕێگەی پڕ درک و داڵن لە مێژوودا، ئەوە پەلاماردەرە برسییەکانی جەستەی ژنانن جوانییەکانی ناخی ژن لە فراوانی بیرو جوانییەکانی ناخیاندا نابینن و ڕێگەی ئاســایی تەمەنی ژن بوون بە دڕکوداڵ دەچێنن، بیریان قەتیــس کردوە لە تێڕووانین بۆ ڕوخســاری ژنــان. نازانن بوێری ئاماژەدانــی ســیفەتێکی جوانــی ناخی ژنانە، کە لەڕێــی درکاندنی وشەو نواندنەوە بەکردار ئاماژە دەدات بەدڕدانی دیاردە دزێوەکان و پاککردنەوەی ڕێگەکە، وەک ڕچەشکێنی کاروانەکە لەکۆمەڵگەدا، ژنــان لەم هەرێمــەدا ڕێبــواری قاڵبووی ڕێبڕینــی زۆر تەگەرەی ژیانــن، خەرمانــی ئەزموونیــان کەڵەکــە کــردوەو بەرخوردانــی بــەردەوام دەکەن لە پێناوی یەکســانبوونی ڕەگــەزدا، بەردەوامی بوێری ژنان و هەڵوێست نواندن، دەستکەوتێکی پڕ بەهایە کە ژنان دابینی دەکەن، لە پێناوی وەکیەکی ڕەگەزدا، بکوژو تەسکبینەکانی ئازاردەرانــی ڕوحی ژنانیش هــەر دەکەونە لێوارو کەناری چاڵ و کەلێنەکانــی مێژووەوەو نوغــرۆ دەبن لە شــەرمەزاری و تاواندا درەنــگ یــازوو، هەرچەندە پیاوی پاڵپشــت و خوێنەرەکانی ناخی ژنانیــش هەن، کە هاوکاری ژنــان دەکەن، لە بڕینی تولەڕێگەکەدا، بەڵام بەڕێژە دەگمەنن، بەشێک لە پیاوانیش کزو مەلوول و بێدەنگ و دەستەوەســتان دانیشتوون و بێهەڵوێستن لە بەرامبەر کوشتنی ژناندا، هەست بە پانتایی جوانییەکانی سیفەتی بوێری ژن ناکەن.

## (١٣)

# مەحاڵ

مەبەســت لە بەکارهێنانی مەحاڵ وەک کردار لێرەدا، نەگۆڕان، یــا ڕەچاوکردنی ڕوونەدانی ڕووداوێــک یان ئەنجامنەدانی کارێک یــان دیاردەیەکــە، کە جەخت لــە یەقینی نەگۆڕیــن و نەجوڵان و مانــەوەی دۆخەکــە وەک خۆی دەکرێتــەوە، لەکاتێکدا مرۆڤ یان کۆمەڵگە هیوای گۆڕانکاری بۆ دەخوازێت و چاوەڕوانە ڕێگرەکەی کە مەحاڵی هێناوەتە ئاراوە لابچێت، مەحاڵ کاتێک دێتە ئاراوە کە کەســانی هیواخــواز بۆ گــۆڕان لــە ڕێگرییەکــەی هاتۆتەپێش بۆ ڕوونەدان توانای ئەنجامدانی گۆڕانکاری دۆخەکە، یان دیاردەکەیان نییە، لەســاتی بوونی مەحاڵدا دەوترێت: گۆڕانکاری نایەتە ئاراوەو کاتی لاچوونی ڕێگرەکــەش بوونی نییە، چونکە لە بازنەی توانای هیواخوازان بەدەرە، مەحاڵ، وەک بوونی ڕێگر یان ڕوونەدان یان نەبوونــی گۆڕانکاریــی جاروبــار لە ڕێــڕەوی بەڕێکردنــی ژیانی ئاسایی مرۆڤدا بوونی دەبێت و هەستی پێدەکرێت، یەخەی مرۆڤ دەگرێــت و دەبێتــە لەمپــەر لــە وەدەســتهێنانی هیــواو ئاواتــە گەڵاڵەبووەکانی ناو مێشک و دەروونی مرۆڤەکاندا، کاتێک مرۆڤ بەپێــی پێویســتی قۆناغەکانی ژیانی بۆ ئەو نەمانــی تەگەرەی کە

مەحاڵـی دروسـتكردوە لای، خۆزگـە دەخـوازێ، هەندێكجـار گۆڕانـكاری حەتمییـە بـە هیچ جۆرێـك ڕوو نـادات و مەحاڵەكە هەمیشـەییە، هەوڵدانی مرۆڤ بۆ گۆڕانكاری بێهودەییەو لەخانەی هیواو ئاواتی مرۆڤ دەچێتە دەرو مرۆڤ هیوای لەسەر هەڵناچنێت، وەك مەحاڵـی گەڕانـەوەی تەمـەن لـە سـەردەمی پیرییـەوە بۆ سەردەمی گەنجێتی، كە مەحاڵێكی حەتمییەو گۆڕانكاری بەسەردا نایەت هەرچەندە ڕەنگە مرۆڤ جاروبار ئاواتی بۆ بخوازێت، بەڵام ڕوونـادات. بەشـێوەیەكی گشـتی دوو جـۆری مەحـاڵ بـە پێی قۆناغەكان و تەگەرەكەی پێشڕاگرتنی گۆڕانەكە هەیە، كە ڕێگرەكان لەهـەردوو حاڵەتەكـەدا لـە توانـاو ویسـتی مرۆڤـە ئـاوات بـۆ دوورخوازەكانـی ڕێگرەكە بـەدەرن، مەحاڵ هەیە بەپێی قۆناغ بێ دەسـتلێدانی مرۆڤ نامێنێ، تەگەرەكـە لەكاتی قۆناغەكەی بوونی مەحاڵەكـەدا هەیە، چونكە تا تەگەرەكە هەبێ مەحاڵەكە دەمێنێت و لەبەرئـەوەی نازانـرێ كـەی ڕێگرەكـە لادەچـێ و لەتوانـای چاوەڕوانیكـەر بەدەرە، دۆخەكـە لای چاوەڕوانیكەر هەرمەحاڵە، چونكە تەگەرەكە ڕێگرێكە دوور لەتوانای ویستی مرۆڤ بۆ زانینی كاتـی لاچوونەكـەی و ئاسـۆی دیارنەمانـی، ڕەنگـە ڕێگرەكـە ڕێگرییەكی سروشتی، یا دوور لەئیرادەی ژینگەی ژیانی مرۆڤەكان بێـت، لە نیگاكردن بۆ سـاتی ویسـت بـۆ لادانـی تەگەرەكە هیچ لەبارەیەوە نەزانرێت، بۆیە ئەنجامدانی لابردنی تەگەرەكە مەحاڵە، لە سـنووری هەوڵدان بەدەرەو چاوەڕوانـی هیواخوازی لابردنی مەحاڵەكەش هەمیشـەییە، بەڵام كە ڕێگرەكـە نەما، مەحاڵ بوونی نامێنێ، لەهزری چاوەڕونیكەردا، ماوەی پێشـتری مەحاڵەكە وەك ڕێگرێكـی كاتی دەمێنێتـەوە لەمێژوودا، چونكـە تەگەرەكە دوور لەتوانـای مرۆڤ خـۆی نەمـاوەو مرۆڤـە چاوەڕوانكەرەكە هیچ ڕۆڵێكـی لە لابردنـی پێش تەگـەرەی مەحاڵەكەدا نەبـووە، دوای لاچونی تەگەرەكە مەحاڵە هەمشـەییەكەی دوور لە توانای مرۆڤ

گۆڕاوە بــۆ کاتی، مەرجیش نییە هەمووکات مەحاڵی هەمیشــەیی ڕوودان یان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ڕەنگە زۆربەی کات مەحاڵی هەمیشەیی وەک مەحاڵێکی کاتی دیاری نەکرێت لەمێژووداو وەک هەمیشەیی بمێنێتەوە، ئەگەر تەگەرەی پێش ڕوونەدانی مەحاڵەکەش نەمێنێ خۆڕسـکی لاچووەو لەتوانای ئیرادەی مرۆڤ بەدەربووە، بۆیە ئەو مەحاڵەی دوای لاچوونی ڕێگرەکەی لە مێژوودا بە کاتی جێی خۆی دەگرێ لەســەرەتاوە وەک هەمیشــەیی خۆی نواندوە. لەمەحاڵــی هەمیشەییشــدا لادانــی تەگــەرە ئاوات بــۆ خوازەکەی مرۆڤــەکان هــەر دەمێنــی و لاناچێ و هیــچ هیوایەک بــۆ لادانی تەگەرەکە لە ئاییندەشــدا لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا ڕەچاوناکرێت، بۆیــە مەحاڵەکە هەمیشــەییە، کاتێک مەحاڵ بۆ هەمیشــەیی خۆی دەنوێنێ، مرۆڤ هیوای لادانی تەگەرەکە لە بازنەی خۆڕســکانەش نابینێــت، ئــەو تەگەرانەش لابردنیان لەدەســتی مــرۆڤ بەدەرەو ڕەچــاوی گۆڕانی سروشــتیش ناکرێــت، تا بەگۆڕانی کارەســاتە سروشــتییەکانیش ڕێگرەکە لابچێت، ئەو تەگەرانەشی کە لادانیان لــە دەســەڵاتی مرۆڤ بــەدەرەو خۆڕســکی لاچــوون، لەتۆماری مێژوودا لەهەمیشەییەوە دەگۆڕێن بۆ کاتی هەرچەندە لەسەرەتاوە ڕەچاوی لاچوونیــان نەکراوە، بەڵام چونکە ڕێگرەکە لاچووە هەر بــووە بە مەحاڵی کاتی لە مێــژوودا، ئەم دیاردەش زۆرتر تەگەرە هەمیشەییەکانی کە لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە دەگرێتەوە، ڕەنگە تەگــەرەی مەحاڵــی هەمیشــەییش هەبێــت هەرگیــز گۆڕانکاریی سروشــتیش نەیگرێتەوە، تەگــەرەش هەیە بــە بەکارهێنانی هێزو توانــای مرۆڤەکان لادەچێت، بــەڵام لادانی لەتوانای ویســتی ئەو مرۆڤەدا نییە کە ئاواتی لادانی بۆ دەخوازێت، مرۆڤەکانی تریش بە هانایانــەوە نایــەن، بۆیە لای چاوەڕوانیکەر هــەر ڕودانی مەحاڵە، بەڵام بەگشــتی مەحاڵ چەند ڕێگرەکەی پتەو بێت مەرج نییە هەتا هەتایــە مەحاڵی هەمیشــەیی بێت، لابردنی مەحاڵ یا ســەرکەوتن

بەســەر مەحاڵــدا، هێزو ئیــرادەو بوێــری و خۆڕاگریــی دەوێت، بەتایبەتــی ئەو ڕێگرانەی کە مەحاڵیان دروســتکردوە لە ئێســتای ئاواتــی مرۆڤەکاندا، پەیوەندی بەکاتەوە هەیە، بە تێپەربوونی کات ڕێگرەکــە دەتوێتەوە، چاوەڕوانی نادیارو پشــوی درێژی دەوێت، هێــزی ئیرادەش زۆرتــر ورەی بەردەوامــی خۆڕاگرییە بەرامبەر بەبوونــی ڕێگرەکە، نەک جێهێشــتن و دەســتبەردابوونی هیواکە، مــرۆڤ کــە هێــزی ئیــرادەو خۆڕاگری هەبــوو، دەتوانێ شــێرە بەفرینەکانــی بــەردەم ئەو مەحاڵانە بتوێنێتەوە کــە توانەوەیان لە توانای کارکردنی مرۆڤی بێدەسەڵاتدایەو کارنەکردن بۆ توانەوەی ڕێگرەکە کردویەتی بە مەحاڵ، بە لابرنی مەحاڵیش مرۆڤ دەتوانێ بــەدوا دوندی مەنزڵگەی هیواکانی بــگات، ئەمانە هەمووی بۆ ئەو مەحاڵانــەی کە کاتین، کارنەکردن بــۆ لابردنیان، ئەو بارودۆخەی هێناوەتــە ئــاراوە کە خۆیان لە خانەی هەمیشــەییدا بنوێنن، بەڵام ئەگەر لابردنی تەگەرەکەی پێش مەحاڵی کاتیش لە توانای ویستی مرۆڤــە هیواخوازەکەی لادانی مەحاڵەکەدا نەبێــت دەبێتە مەحاڵی هەمیشــەیی لای مرۆڤــە ئاواتخوازەکــەی نەمانــی مەحاڵەکــە. لە مەحاڵی هەمیشەیدا بینین یان هەستپێکردنی ڕێگرییەکی هەمیشەیی حەتمییــەو هیــچ ئومێدیکــی نەمانــی تەگەرەکە لە بینینی ئاســۆی ئێســتاو دوارۆژی هیواخــوازدا نییــە، هەرچەنــدە مەحاڵەکــە لەســەردەمانێکدا گۆڕانی بەســەردابێت، ســەردەمی گەیشــتن بە ئومێدی هیواخواز بەســەردەچێت، هیوای ئاواتخوازەکە نایەتەدی، بۆیە مەحاڵەکە لای چاوەڕوانیکەر هەمیشــەییە، دەتوانین هەردوو حاڵەتەکــە لەوەدەســتهێنانی دڵی شــۆخێکدا لەلایــەن گەنجێکەوە ببینین، زۆرجار ئەو ئومێدەی لە ساتی ویستی وەدەستهێنانی دڵی شــۆخێکدا ڕەنجــی بــۆ داوە، ڕێگر پەیــدا بــووە لای هیواخوازی وەدەستهێنەری دڵی شۆخەکە، هەرچی هەوڵی بۆ لەدەرگادانی دڵی شــۆخەکە داوە، وەدەســتی نەهێنــاوەو شــۆخەکە ئــاوڕی لــێ

نەداوەتـــەوە، بۆیـــە وەک مەحاڵێکی هەمیشـــەی بـــۆی دەڕوانێت، بێگومـــان بەڕێژەیەکـــی کەمتـــر لە ڕەگـــەزی بەرامبەریشـــدا هەیە (شـــۆخێک بۆ ڕەگەزی بەرامبەر)، کەسەکە خۆی لەنێوان هەوڵدان لەچاوەڕوانییەکی بێ کۆتاییـــدا یان کردنەوەی دەروازەیەکی هیوا یـــان وازهێنـــان لەچاوەڕوانیـــدا بینیوەتەوە، جاریـــش هەیە چۆتە چوارچێـــوەی چاوەڕوانییەکـــی نادیـــاری هەمشـــەییەوەو هەمـــوو دەرگاکان بۆ ئاییندەش داخراون، ڕەنگیشە لەناکاوێکدا بێڕەچاوی چاوەڕوانیکەر دڵی شـــۆخەکە گۆڕابێت، نیشـــانەی ڕەزامەندی بۆ گۆڕانـــکاری بینـــراوە، لەکاتێکـــدا هەوڵـــدەری لابردنـــی مەحاڵەکە هیوایەکـــی نەمـــاوە، لـــەم حاڵەتەدا تەگـــەرە هەمیشـــەییەکەی لای چاوەڕوانیکـــەر دوای نەمانـــی تەگەرەکە گۆڕاوە بـــۆ تەگەرەیەکی کاتـــی دوای چاوەڕوانییەکـــی زۆر پاشـــان هێـــدی هێـــدی نەماوە، بێگومـــان بەهای وەدەســـتهێنانی دڵی شـــۆخێک لەکاتێکدا مەحاڵی هەمیشەیی بووە لای دڵویست، گۆڕاوە بۆ مەحاڵی کاتی لەمێژووداو پاشان ڕێگرەکە نەماوە. مەحاڵیش بۆ وەدەستهێنانی دڵی شۆخێک بـــە هەمیشـــەیی دەمێنێتەوە، ئەگەر گۆڕانکاری لە هەڵوێســـتی دڵی شـــۆخەکەدا ڕوونـــەدات و هیچ ئاســـۆیەکی دووریش نەبینرێت بۆ گۆڕانـــکاری، چاوەڕوانیکـــەر دوای ماوەیەکـــی زۆر واز دێنێـــت، وازهێنانیـــش بـــۆ دووحاڵـــەت ئاراســـتە وەردەگرێـــت، جـــار هەیە چاوەڕوانیکەر نەک هەر واز لەچاوەڕوانی دێنێت، بەڵکو بەیەکجاری بەردێک لەســـەر ئـــەو بابەتە دادەنێت و لەبیری خـــۆی دەباتەوەو دەگاتە هەڵوێستێک کە هیچ ڕووی نەداوە، جاریش هەیە وازدێنێت، بـــەڵام بەرد ناخاتە ســـەر بابەتەکەو ئاســـەواری سەرســـامبوونی بەشۆخەکە لەناخی خۆیدا بەکپی دەهێڵێتەوە، تەناتەت هیچ بینینێکی بەمەبەســـت لەنێوانیاندا ڕوو نادات، بەڵام کە بەڕێکەوت شۆخەکە دەبینێت لە ڕێگەی دزەنیگاکردنێکەوە بۆی دەڕوانێ یادەوەرییەکان دێنـــەوە گوزەری بیرکردنەوەی، هەموو بینینێک دۆخەکە دێنێتەوە

پێش چاوی، بەڵام بە خەفەکراوی لە هزری خۆیدا دەیهێڵێتەوە، زۆر دانسقەو دەگمەن، جاریش بووە، بینین ناخۆشیشی لێ کەوتۆتەوە لە ئەنجامی نیگاکردنێکی چاوەڕوانیکەرو خێسەیەکی نیگابۆکراو، بەم ڕووداوە هێندەیتر لەلایەن نیگابۆکراوەوە دوورکەوتنەوە ڕوودەدات، ڕەنگیشە بێ زوویربوون مەحاڵە هەمیشەییەکە لای یەکێکیان یا هەردووکیان هەربمێنێ، بەڵام کە دوو کەسەکە یەک دەبینن، هەڵویستی وەک یەکترنەناسین بەرامبەریەک دەنوێنن، فلاشباکی هەوڵ بەرپەرچدانەوەکانی هەردوولا دێتەوە خانەی بیریان بێدواندن و نیگاکردن بۆ یەک، ئەو دڵانەی دوای ڕوونبوونەوەی مەحاڵی هەمیشەیی هەر بەهیوای ئاوڕدانەوەیەکن لە ناخیاندا، سۆزەکە تەواو سەرنانێتەوەو وشک ناکات، تا ساڵانێکی زۆر هەر ویست دەمێنێت. یەکتربینین جۆشێک دەداتە سۆزە خەفەکراوەکە، مەگەر هەردوو ڕەگەز لەدوو ژینگەی لێکجودادا بژین جارێکیتر یەک نەبیننەوە، ئەگینا ئاسەواری سەرسامبوون دەمێنێت بەبوونی ڕێگرەوە، بەساڵاچوونی تەمەن، سۆزی خۆشەویستی کەم دەکاتەوە یان نایهێڵێت، بەمەش گۆڕانکاریی چاوەڕوانی لاچوونی مەحاڵ دێنێتە ئاراوە، زۆرجار چاوەڕوانی بۆ گۆڕانی دڵی شۆخەکە نامێنێت، کە چاوەڕوانیش نەما مەحاڵی بەرپەرچدانەوە بوونی نامێنێت، مەحاڵی هەمیشەیی چاوەڕوانی لە خۆشەویستیدا بەهیچ پاساوێک بەئاسانی گۆڕانی بەسەردا نایەت، مەگەر بە هەڵکشانی تەمەن، یان گەیشتنە خاڵێک ئیتر هەوڵدان بێهودەییەو هەوڵدەر خۆڕسکانە وازدێنێت، چونکە مەحاڵ لەگەڵ بوونی هەوڵداندا خۆی دەنوێنێت. لەبەرامبەردا گوشارەکانی هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی دڵی کەسەکەی کە بێهودە هەوڵی بۆ دەدات بێ سود دەبێت، بەڵام ڕووداوەکان وەک یادەوەری لەناوەرۆکی مرۆڤەکاندا دەمێننەوەو هیچیتر.

## (١٤)

# شەڕو ئاشتی و خۆشەویستی ژنان

لەگۆرانییەکی کوردیدا هاتووە:

ژیــان لــە هــەور پێکدێــت پێکەنیــن لــە وەنەوشــە
شەڕکردن لەگەڵ یاردا ئاشتبوونەوەی زۆر خۆشە.

لێرەوە تێدەگەین. پەیوەندی و دڵداری نێوان ڕەگەزەکان دۆخێکی ئاشــتی و خۆشی، جارجار شەڕیش لەخۆدەگرێت، بەڵام ساتەکانی ئاشــتی زۆرتــرن، ئاســودەییهێنی دەروونیــن بــۆ هــەردوولا، بە پێچەوانەوە دوورکەوتنەوەو لێکدابڕان، خەمهێن و دوودڵییە بەرۆکی هەردوولا دەگرێت، هەمیشــە ســاتەکانی ئاشتی و سۆزگۆڕینەوەی هەردوولا بۆ یەکتر چەند بارەی ساتەکانی لێکدابڕان و شەڕن لەنێوان خۆشەویستاندا، لاپەڕەی جوان لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی مرۆڤدا دەنەخشــێنن، بــۆ هــەردوولا، لەڕاگوزەرانی فلاشــباکی لێدانەوەی یادگارییەکانــی تەمەنی بەســەرچووی پێشــتر، بەهاو خۆشــییەکی تایبەت بە مرۆڤ دەبەخشــن. پەیوەندی عاشقانە هەیە لە ماوەیەکی زۆری بەردەوامی پەیوەندییەکەیاندا لێکدابڕانی بەخۆیەوە نەبینیوەو هەمیشە ئاشتی و خۆشی باڵی بەسەر ڕاگوزەرانی ساتی درێژخایەنی پەیوەندییەکانــدا کێشــاوە، هەرگیــز لێکدابــڕان و دوورکەوتنەوەی

لێنەکەوتۆتـــەوە، لێکدابڕانـــی هەمیشـــەیی ئەنجامـــی ڕووداوێکـــی نەخوازراوی ڕەچاونەکراوە، کەمتر لەســـەرەتای تەمەنی پەیوەندیدا ڕوودەدات، چونکـــە پەیوەندییەکە گەرمەو سۆزبەخشـــینەوە زۆرە، زۆرتـــر دوای بەســـەربردنی تەمەنێکی زۆری خۆشەویســـتی دێتە ئاراوە، جار هەیە سەردەکێشـــێت بـــۆ کۆتاییهاتنی پەیوەندییەکە، کە شەڕ ڕوودەدات لێکدابڕانێکی کاتی بۆ ماوەیەک دێتە ئاراوە، ئەگەر دوای ماوەیەک ئاشـــتبوونەوە ڕوو نەدات، دەتوانرێ ئاماژە بدرێت لێکدابڕانەکـــە باز دەدات بۆ لێکدابڕانێکـــی درێژخایەن، دواتر ئەگەر لێکدابڕانەکە بەردەوام درێژە نەکێشـــێت ئاشـــتبوونەوە ڕوودەدات، زۆربەی ئاشتبوونەوەکانیش بەدەسپێشخەری پیاوانە، ژنان زۆرتر خۆڕاگرتـــرن لـــە چاککردنەوەی پەیوەندیدا، کەمتـــر بەهاناوە دەچن لەملـــدان بـــۆ ئاشـــتبوونەوەی دوای شـــەڕ. زۆر لەعاشـــقان دەڵێن: ئاشتبوونەوەی دوای شەڕکردن لەگەڵ یار تام و بەهایەکی تایبەتی هەیە، عاشـــقان بە گـــوڕو تینێکـــی دوای لێکدابڕانێکـــی کاتییەوە بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە باوەشی سۆز بۆ یەکدەکەنەوە خۆشی و ئاسودەییەکی دەروونی بەیەک دەبەخشن، دوای ئەوەی ماوەیەک لێکدابـــڕان، ئەمە لەکاتێکدا کە شەڕفرۆشـــتنەکە زۆرجار نازکردن و شەڕفرۆشتنێکی بەهانەداری سوکە بە بەرامبەرو لێکدابڕانێکی کاتی لێکەوتووەتـــەوە، نازەکە ڕەگەزی مێ نواندویەتی، دەسپێشـــخەری ئاشتیش پیاوان ئەنجامیان داوە، جاریش هەیە بەپێچەوانەوە بەبینینی جارێکیش ئاشتبوونەوە ڕوونادات، کە نازکردنەکە درێژە دەکێشێت بۆ ئاشـــتبوونەوەیەکی دوای چەندجارێ یەکتربینین و ڕونکردنەوە دان بەیەکتری و ڕاســـتکردنەوەی هەڵوێســـتە هەڵەتێکەیشتووەکانی هـــەردوولا کە شـــەڕکردن دابڕینی لێکەوتەوە، دەبـــێ بارودۆخەکە بەلایەکدا بکەوێ، کەوتنی دۆخەکە بەلای ئاشتیدا، بەهایەکی تایبەتی هەیە، ئەمە ئەنجامی ئەو شـــەڕەی کە زۆرتـــر بەرهەمی نازکردنەو پاســـاوێکی بەهێزی ئەوتۆی نەبـــووە لێکدابڕانـــی لێبکەوێتەوە، یان

پاساوەکەیان پاســاوێکی لاوازە، پیاوانیش زۆربەی جار نازەکەیان قبووڵەو باوەش بۆ نازەکە دەکەنەوەو ژنان ئاشتدەکەنەوە. جاریش هەیــە، پێچەوانەکەشــی ڕوو دەدات بەڵام دەتوانیــن بڵێین نازکردن زۆرتــر ژنان دەینوێنــن، بەرامبەر پیــاوان، بەتایبەتی ئــەو ژنانەی ســیمایەکی جوان و ناسکیان هەیەو دەزانن ســەرنجی پیاوەکەیان ڕاکێشــاوە، نازکردنیــان هەڵدەگیرێت، وەک دەوترێــت: ژن و نازو ناســکی و جوانــی، بەگشــتی نــازو ناســکی دوو ســیفەتن زۆرتر بەژنانــەوە دەلکێن، بەڵام بەو مانایە نا کە پیاوان هەمان ســیفەتیان نییە بەڵکو ڕێژەکە لەپیاواندا کەمترە.

شــەڕی نێــوان عاشــقان، هەردوو جــۆری کاتی و هەمیشــەیی لەخۆدەگرێت، زۆربەی جاریش دوای شەڕەکان عاشقان پێکدێنەوەو لێکدابڕانی یەکجاری لێناکەوێتەوە، لە ئەنجامی لێکحاڵێنەبوونێک یان نواندنی ڕەفتاری نەشیاو یان نازکردنەوە دێتە ئاراوە، بەڵام شەڕی بچــوک و لێکدابڕانــی کەم ئاشــتبوونەوەی زووتــر لێدەکەوێتەوە، ڕەنگــە دوای کردنــەوەی گرێکوێرەی هەڵەتێگەیشــتنی هەردوولاو ڕوونکردنــەوی پێویســت هێندە نەخایەنێت عاشــقان ئاشــتببنەوە، بەڵام ئەگەر شــەڕێکی قورس ڕوو بدات، کەلێنی لێکتێنەگەیشــتنەکە گــەورە بێت ڕەنگــە ماوەیەکی زۆری پێبچێت تا ئاشــتدەبنەوە یان پێکنەهاتنــەوەو لێکدابڕانــی یەکجــاری لێبکەوێتەوە، لەم ســاتانەدا خۆشــی پێکهاتنــەوە بوونی نامێنێ، ڕەنگــە دوای ماوەیەکی زۆری هــەوڵ و کۆشــش ئاشــت ببنەوە، دوای ئاشــتبوونەوەش هەســت بەناســکی کاتەکــە دەکرێــت تاماوەیەک دۆخەکە ئاســایی نەبێت و هەردوولا هەوڵدەدەن هێدی هێدی بگەنەوە قۆناغی پێش لێکدابڕان، چونکــە ڕوودانــی لێکدابڕانەکە قۆناغێکی ســەختی بڕیوە، ڕەچاوی ئاشــتبوونەوەی زووبــەزووی لێنەکــراوە، لــەم جــۆرە شــەڕەدا، هۆکاری لێکدابڕانەکە نازکردن نییــە، دوورکەوتنەوەو لێکدابڕانێکی قووڵ هاتۆتە ئــاراوە بەنازکردن نایەتەدی، لەهــەردوو حاڵەتەکەدا

هەمیشەیی یان کاتی، ساتی لێکدابڕانی خۆشەویستان لەیەکتر ئازاری سەختە. ئەگەر ڕەچاوی ئاشتبوونەوە بکەن یان نا، چونکە ساتی لێکدابڕان بە کەشێکی سەختدا گوزەر دەکات، کاتی کۆتاییهاتنی لێکدابڕانەکەش دیار نییە کەی کۆتاییدێت. بەڵام دابڕانی کاتی بە نازکردنەوە بێت یان لێکتێنەگەیشتنێکی کەم، ئاشتبوونەوەی هەر بەدواوادا دێت، ئاشتبوونەوەکەش ئاسودەیی دەروونی دەبەخشێت، کرۆکی مەبەستی دێڕی ناو گۆرانییەکە لێرەدا خۆی دەنوێنێت. خۆ ئەگەر دابڕانە کاتییەکە ئەنجامی نازیش نەبێت، هەر ئاشتبوونەوەی دوای شەڕکردن، خۆشی و ئاسودەیی دەبەخشێتە هەردوولا، بەڵام ئاشتبوونەوەی دوای دابڕانی شەڕو نازکردن تام و بەهای تایبەتی هەیە، چونکە ئاشتبوونەوەیەکی مسۆگەرو چاوەڕوان بۆ کراو بووە، حەسرەت و تاسە بۆ ساتی دەسپێکردنی ئاشتبوونەوەی لێکەوتووەتەوە لە دڵ و دەروونی هەردوولادا. ناخۆشترین دابڕان ئەو ساتە خۆی دەنوێنێت کە لای عاشقان دیار نییە، لێکدابڕانەکە کاتییە یان سەردەکێشێت بۆ هەمیشەیی، دڵی عاشقان دەکەوێتە چاوەڕوانییەکی سەختەوە، چاوەڕوانی ڕوونبوونەوەی جۆری دابڕانەکە، کاتییە یان درێژە دەکێشێت بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەگەر دوورکەوتنەوە یەکتربینینی بەگفتوگۆو گلەییەوە لێکەوتەوە، سەردەکێشێت بۆ دابڕانێک کە کۆتایی دێت و چانسی ئاشتبوونەوەی هەیە، لایەنی تاوانبارکراو دەکەوێتە هەوڵی هێنانەوەی دڵی بەرامبەر تا ئاشتبوونەوەی لێبکەوێتەوەو ماوەکە هێندە درێژە نەکێشێت، لە هەموو حاڵەتەکاندا چاوەڕوانی عاشقان بەئازارەوەک دەڵێن: هەر عاشقان دەزانن چاوەوانی چەند سەختە، جاوەرە چاوەڕوانییەکە بۆ یەکالاکردنەوەی جۆری لێکدابڕانەکەش بێت، کە نازانێت بەیارەکەی دەگاتەوە یان نا، هەڵویستەکان بەپێی سروشتی کەسەکان دەگۆڕێن، عاشقانیش مرۆڤن، ڕەنگە عاشق هەبێ دڵشکانەکەی شایانی لێکدابڕانێکی کاتی بێت، بیگۆڕێ بۆ هەمیشەیی، ئەنجامی

چاوەڕوانــی لێرەدا ســەختترە کاتێک ڕەچــاوی لێکدابڕانێکی کاتی کردبێــت، بەرنامــەی بــۆ ئاشــتبوونەوەی دوای لێکدابڕانێکی کاتی دانابێت، لەکاتێکدا هەڵوێستی بەرامبەر خۆی وابنوێنێت سەربکێشێت بــۆ لێکدابڕانێکــی هەمیشــەیی، بێگومــان لێکدابڕانی هەمیشــەییش لەشــێوازی جیاوازدا خۆی دەنوێنێت، جار هەیە بەتێپەڕینی کاتێکی زۆر، هەڵویستی دڵڕەنجاوەکە دەگۆڕێت، بەرەو باشترو کەشوهەوای ئاشــتبوونەوە هێــدی هێدی دێتەگــۆڕێ، بێگومان ئاشــتبوونەوەی دوای چاوەڕوانییەکــی زۆر بەهای دەســتکەوتێکی گــەورە دەدات بەتایبەتی کاتێک ڕەچاوی ئاشتبوونەوەی بەئاسانی نەکراوە هەوڵێ زۆر بۆ هێنانی کەشــی ئاشتی دراوە، لێرەدا ئاشتبوونەوە دووبارە گرێدانەوەی ڕایەڵەی سۆزو خۆشەویستییە، بەگوڕو تینێکی ترەوە، پەیوەندیــی خۆشەویســتی دێتەوە مەیــدان، جاریش هەیــە دەبێتە دابڕانێکی هەمیشــەیی جارێکیتر پەیوەندی دروست نابێتەوە، بەپێی سروشتی کەسەکان دەگۆڕێت، جاریش هەیە دوای ماوەیەکی زۆری لێکدابڕان ئاشــتی دێتــەوە مەیدان، بەڵام دەگۆڕێ بــۆ جۆرێکیتری هاوڕێیەتــی و پەیوەندییەکــی ســنووردار، دۆخــی خۆشەویســتی ناگەڕێتەوە کەشوهەوای پێش لێکدابڕانەکە، پەیوەندییەکە بۆ جۆرێ تــر خــۆی دەگۆڕێت، ئاشــتبوونەوە ڕوو دەدات، وەک دوو هاوڕێ پەیوەندی دروســت دەبێتەوە، بەڵام خۆشەویستی نایەتەوە مەیدان، ڕەنگیشــە زۆرجاران لێکدابڕان شەڕو ناخۆشی و سزادانی یەکتری لێبکەوێتەوە بەڕێگەی جیاواز، بەڵام دیاردەیەکی دەگمەنە، ئەم جۆرە پەیوەندییەی کــە لێکدابڕانەکەی دەگاتە هەمیشــەیی، پەیوەندییەکی بەرژەوەندخوازی بووە لە سەرەتاوە، ڕۆنەچووەتە ئاستی فەنابوون و توانــەوە لــە ناو یەکتردا، زۆرتر ڕووکەشــانە بووە بۆ مەرامێکی دیار، بۆیە کە دابڕان دروســتبووە پەیوەندیی خۆشەویستی کۆتایی هاتووەو ناگەڕێتەوە مەیدان.

## (١٥)

# چاوەڕوانی لەجێ ژواندا

لــە ئەزموونــی نواندنــی بەردەوامــی گۆڕینــەوەی ســۆزو خۆشەویســتی و دڵداری نێوان ڕەگەزانی تاکی کوردەوە هاتوەکە: چاوی عاشق کوێرەو ناشــیرینییەکانی خۆشەویستەکەی نابینێت، تەنانەت دەوترێ ناشــیرینییەکان گشت دەبنە جوانی و شتێک نییە بەناوی بوونی بینینی ناشیرینی بەژن و باڵای عاشقان لە نیگاکردندا، ئەمە کاتێک کە هەڵوەدای پەیوەندیی سۆزداری نێوان دوو ڕەگەز ســنوری سەرەتایی یەکترناســینی بڕیوەو دەگاتە دوندی متمانەو بڕواو شــەیدابوونی یەکتــر، لەئەنجامی ڕاگۆڕینــەوەو بینینی ئەو جوانییانەی کە لای یەکتر سەرسامی نواندن دێننە ئاراوە بە زیاتر ئاشــنابوون و تێکەڵبوون بەیەکتری. شــوبهاندنی تری پیاهەڵدانی بینینی جوانی خۆشەویســت بە هەســارەکانی گــۆی زەوی وەک: خۆر بۆ جوانی دەموچاو، شــەو بۆ ڕەشــی پــرچ، مانگی چواردە بۆ تەمەنی چواردە ســاڵی و ڕێکی بــەژن و باڵای ژنان، پیرەمێرد وتەنی: دەڵێن ســاڵێ دوانزە مانگە، من مانگم بینی چواردە ســاڵە، زۆر پیاهەڵدان و وەســف و بینینی جوانیتر لە کەلەپورو شــیعری کوردیــدا هاتــووە لە پیاهەڵدانی عاشــقان بەبــاڵای یەکتردا، بەڵام

زۆرتــر ڕەگەزی نێــر وێنای جوانی ڕەگــەزی بەرامبەری کردوە، نــەک مێ، ئەمــەش بۆ دوو هۆکاری ســەرەکی دەگەڕێتەوە، وەک ناســکی بــەژن و باڵای ژنــان و کاریگەری کاردانــەوەی جوانیان لای پیــاوان، دانبەخۆداگرتنی ژن و نواندنی زۆرترین کاتی مانەوە لەبازنەی شــەرم و بێدەنگی بەپێی پێویســتی کۆمەڵگەی کوردی، کە کۆمەڵگەیەکی خۆپارێــزی دابونەریتی ئایینیە، لەکاتێکدا هەمان ســۆزو جۆش و خرۆش لە ژنانیشــدا بەرامبەر پیاوان هەیە، زۆر جار لەژوان و بەیەکگەشــتندا دەری دەبڕن، بەڵام بە شــێوەیەکی گشــتی دەیشــارنەوە و دان بەخۆیانــدا دەگرن. پڕبوونی ســۆزو تاسوق بۆ بینیی یەکتری خۆشەویستانیش هێندەی تر تاکی کوردی خرۆشــاندوە بۆ پیاهەڵدان بەجوانی یارەکانیان و ئەو سیفەتانەی پێــی سەرســامن. ئەمانە هەموو لــەوەوە ســەریان دەرهێناوە کە بینیــن و پەیوەندیکردنــی لە نێوان عاشــقاندا کەمتر بوو لەجاراندا بــە بــەراوردی ئێســتا، ڕۆژانە حەســرەت و تاســوقی بینین هەر زیادی دەکرد دەرەنجامی دەرهاویشــتەی گرانی بینین و نەبوونی ڕێگەکانی بەیەکگەیشتن، وێنەی هەمیشەی خۆشەویست لەمێشکی عاشقاندا دەچەســپی، ئەنجامی چەسپینی وێنەی خۆشەویستان و تۆمارکردنی ســاتە کەمەکانی بینین بە کامێرای مێشک، ئەو پەندو گوزارشــتانە هاتوونەتە بــواری دەربڕین، بێگومــان لە ڕۆژگاری ئێســتادا ئەو تاسوقەی خۆشەویســتی نێوان دوو ڕەگەز بۆ بینین کەمتــر هەیە، چونکــە ئامرازەکانی قســەکردن و بوارڕەخســانی بینینی عاشــقان زۆرترن. تاکەکانی کۆمەڵگە دەتوانن بە شــێوازی جۆراوجــۆر لەگەڵ یەک قســە بکەن و تا یەکدیــش ببینن، چونکە ئامێرو کەناڵەکانی یەکتر بینین زۆرو فرەو بەردەستی هەموو کەس دەکەون، هەموو بینینێکیش کەمبوونەوەی تاســوق بۆ یەکتربینینی لێدەکەوێتەوە. کە تاسوقی بینینی عاشقان بۆ یەکتر کەمتر بووەوە، هەژانی دەروونی مرۆڤیش کەم دەبێتەوە، کە هەژان و باکگراوندی

بیـرو وێنەی ڕووبەری داگیرکردنی پانتایی تاسـوقی عاشـقانیش لـەدڵ و دەروونـی یەکتـردا کەمبـووەوە، دەربڕینـی سـۆز بـۆ خۆشەویستیش کەمتر داهێنانی لێدەکەوێتەوە، چونکە داهێنانەکان بەرهەمی پانتایی داگیرکردنی هەڵڕشتنی سۆزی عاشقانن لەدڵ و دەروونی یەکتردا. جاران ڕێگاکانی گەیشـتن بەیەک کەمتر بوون، بۆیـە حەسـرەتی یەکبینیـن و بەیەکگەیشـتنی نێوان عاشـقانیش بـۆ یەکتر دەگەیشـتە لوتکە، لەگەیشـتن بەلوتکەشـدا دەربڕین لە داهێنانـدا بەرهەمـی جوانـی لێدەکەوتەوە. دیویٚ شـاراوەی تری بەرنامەدانانی یەکتر بینین چاوەڕوانی کات و سـاتی دانانی ژوان بوو، هەرچەندە چاوەڕوانی بەگشـتی تاڵـە، بەڵام چاوەڕوانی جیٚ ژوانی خۆشەویسـت تاڵییەکەی بیٚ ئەندازەیە، کاتێک کات لادەداو هیـچ ئاسـۆیەکی بەیەک گەیشـتن نییە، کەسـەکە لە جیٚ ژواندا چاوەڕوانە، بە تایبەتی لەکۆندا کە هیچ ڕێگەیەکی پەیوەندی نەبوو لە سـات و کاتـی چاوەڕوانیکـەردا وەک هەواڵـیٚ ڕەچاونەکراو، چاوەڕوانـی نادیاریش بەتەزووی تیـژڕەوی هەزارەها بۆچوونی جۆراوجۆر مێشـکی چاوەڕوانیکەری دەهەژاند. بۆ نەهات؟ تۆبڵێی شـتێک ڕووی نەدابێـت! چاوەڕوانـی ئازارێکی بەسـوێیە، کاتێک مرۆڤ نازانێت، ئەنجامی چاوەڕوانییەکە چی دەبێت، چی لەپشـتی بێدەنگییەکـەوە دەگوزەریٚ، جاریش هەیە نەهاتنی خۆشەویسـت سزادانی چاوەڕوانیکەرە، بەتایبەت چاوەڕوانییەکی دوای وەڵامێکی خۆشەویسـتەکەی کە جێی خۆی نەپێکاوە، ئـازاری ڕوحی داوە، لێکدابڕانـی هەمیشـەیی لێنەکەوتووەتەوە، بەڵکـو دابڕینێکی کاتی بـۆ یەکجـار هاتۆتە ئاراوە، وەک سـزادانێک لەبەرامبـەر نواندنی ڕەفتارێکـی نەشـیاوی خۆشەویسـتەکەیدا کە دڵشـکانێکی کەمی لێکەوتووەتـەوە، چاوەڕوانیکەریـش دوای نەهاتنـی یارەکـەی هەست دەکات وەڵامەکەی شیاو نەبووە، جۆرە سزایەکی ڕووحی لە پشـتەوە هێناوە، بۆیـە دڵدارەکەی نەهاتنی کردووەتە پاسـاو.

لەبەرامبەر نواندنی کارە نەشیاوەکەدا، بۆ پچڕاندنی هێڵی گەیاندنی جێ ژوانی خۆشەویستی، چونکە پێشتر چاوەڕوانیکەر خۆی بۆ سزاکە ئامادە نەکردوە، هەست بەهیچ کەمتەرخەمییەک ناکات، تا ئەگەر جوڵەیەکی خراپی لەعەرشی پیرۆزی سۆزدا نواندبێ داوای لێبوردن بکات، تاسزاکە وەرنەگرێت، بەڵام ئەگەر نەهاتن و بێدەنگبوونەکەش ئازاری بە مەبەست نەبێت و نەڕەخسانی هەل و کات بێت، کە چاوەڕوانیکەر هەستی پێدەکات، هێندەی تر کاتی چاوەڕوانییەکە بەئازاری دەروونییەوە گوزەردەکات، لێرەشدا چاوەڕوانیکەر لە سوێی بەئازارو ماڵوێرانکەری ئەشکەنجەی چاوەڕوانی قوتاری نابێت. لە هەردوو بارەکەدا دەبێ لە ئاراستەی کەسی چاوەڕوانی بۆ کراوەوە شنەی شەماڵێ بێت، پەیامێ بگەیەنێتە کەسی چاوەڕوانیکەر، کە نایەت یان بۆچی نایەت، تا چاوەڕوانیکەر بگاتە هەڵهێنجانی ئەنجامێک و خەمەکانی وەلایەکدا بخات. چ ئەرێنی بێ یا نەرێنی، ئەرێنی زویر نەبوونی لێناکەوێتەوە تەنها سزا گەیاندنی بەمەبەستە، نەک نەڕەخسانی هەلی هاتن بۆ جێ ژوان، بەڵام نەرێنی، هەلی بینین ڕەخساوە، جگە لە سزادانی عاشقی چاوەڕوانیکەر لە پای نواندنی ڕەفتارەکەی، ڕەنگە لێکدابڕانێکی کاتیشی لێبکەوێتەوە.

(١٦)

# ژنان، قوربانیانی کۆتی نەریت

ڤینۆس بە مانای خوای جوانی هاتووە، لای یۆنانی کۆن، جاران لە ئەفسانەی ئایینەکاندا فرەخوایی هەبوو، هەر خوایەک بۆ شتێک، تا خوای شـەڕیش هەبووە، لەشێوە ئەفسانەییەکەی فرە خوایی لە تێڕوانینـی ئایینـە کۆنەکان بۆ کۆمەڵگەدا، پیـاوو ژن هەریەکەیان لەبازنـەی یەکێکیانـدا دەخولانـەوە، مرۆڤەکانیـش کـە پەیڕەوی ئایینەکانیـان دەکـرد، باوەڕیان بـە فرەخوایی هەبوو پەیوەسـت دەبوون پێوەی چ خوای جوانی بووایە یاخوای شەڕ، پیاوان زۆرتر دەخرانە بازنەی خوای شەڕەوە. لەم کۆمەڵگە ڕوژهەڵاتیانەدا پیاو هەرچی ڕەخسـانی کەشـی ڕازیکردن و پێداویسـتی هەیە بۆ ژن دابینـی دەکات، تـا بیخاتە تەڵەی مەبەسـتەکەی و بیکاتە نێچیری حەزەکانـی و مەرامەکـەی سـازبکات، لـە پێش سـازدانی ژوانی تێربوونی حەزەکانی پیاواندا، پیاوان هێمن و لەسـەرخۆن، مل بۆ هەموو شـت دەدەن کە لەلایەن ژنانـەوە لێیان داوابکرێت، مەگەر شتێ لە توانای ئەوان بەدەر بێت، بە کەیف و سەفاو قسەی بریق و باقی مافدان بە ژنانەوە، خۆیان بادەدەن، ژنان دەگەیەننە کونجی قەناعەت، کەشوهەوایەکی وا دەڕەخسێنن ژنان بە تەواوی پەردەی

شەرم هەڵدەماڵن و ئاوێزانیان دەبن، تێکەڵبوونی خۆشەویستی دێتە ئاراوە، ڕەنگە ماوەیەک ئەم پەیوەندیی خۆشەویستییە بەردەوام بێت، هەردوولا باوەشی سۆز بۆ یەکتر بکەنەوە، بەڵام سروشتیی پەیوەندی سەلماندویەتی پەیوەندیی سۆزداری بێ هەنگاونان بۆ هاوسەربوون، هەمیشەیی نییە، هەردوولا دەکەونە نێوان دوو بەرداشی بڕیارەوە، یان پەیوەندییەکە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی سروشتی کەسایەتی هەردوولا بێ کێشەنانەوە لێکیان دادەبڕێت، یاخود لێک دادەبڕێن بەکێشەوە، ئەگەر هەردوولا لەسەر یەکێک لە بەرداشەکان کۆک و تەبابن کێشەیان نابێت، هەرچەندە ژنان کەمتر کێشە دروست دەکەن و زۆرتر بێدەنگی هەڵدەبژێرن، لە ئێستای دنیای سۆشیالمیدیاشدا جاروبار ژنان هەن سنوری نەریت و لەکەداربوونی کەسایەتییان بە پێودانگی ژینگەکەیان بەزاندوە، بەرامبەر بڵاوبوونەوەو ئاشکرابوونی ڕەفتاری پیاوەکان، داوای ماددە دەکەن، ئەم ژنانە ڕەنگە پێشتر نەخشەیان بۆ مەبەستەکەیان کێشابێت، ساتی تەواوبوونی سنوری پێکەوەبوونیان بەپێی بەرژەوەندییان لە مێشکیاندا تۆمار کردبێت، بێ ئاگاداری پیاوەکە، ئەم دیاردەیە، ژمارەیەکی کەمی ژنان دەگرێتەوە لەکۆمەڵگەدا، هەمیشە ژمارەی ئەو ژنانەی دەیانەوێت پیاوان بۆ بەرژەوەندی ماددی بەکار بێنن کەمترن لەو پیاوانەی کە هەمان مەبەستیان هەیە، باری ئابووری تاک ڕۆڵێ گەورە دەگێڕێت لە بوونی ئەم دیاردەدا. بەڵام پیاوان فرە جۆرن، هەیانە هەمان شێوەی ژنان پەیوەندییەکە بە نهێنی دەهێڵنەوەو وەک بیرەوەرەی لای خۆیان هەڵی دەگرن، هیچ ئازارێ بە ژنان ناگەیەنن، بگرە ڕێزیشیان دەگرن، بەردەوامی پەیوەندییەکەش دەمێنێتەوەو دەگۆڕێ بۆ جۆرێ تری پەیوەندیی ئاسایی، بەڵام نمونەی ئەم پیاوانە دەگمەنن، پیاوانیش هەن شەڕو ئاژاوە دەنێنەوەو ژنەکانیش لەکەدار دەکەن و ئاسودەیی دەروونی لە لەکەدارکردنی ژنەکان وەردەگرن، ئەگەر ژنەکان پەیوەندییەکان

بپچڕن. جاروبار هەڕەشـــەی بەردەوامی خۆڕادەســتکردنی ژنەکە دەکەن و دەڵێن: ئەگەر بەردەوام لەژێر ڕکێفماندا نەمێنیتەوە، دوایی نهێنییەکان ئاشــکرا دەکەین، بەزۆر ژنەکان دەبەستن بەخۆیانەوە. پێویســتی ژنــەکان، تا ماوەیەکــی زۆر ئەم پەیوەندییــە بەردەوام دەبێت، زۆرجار جگە لە لەکەدارکردنی، ئازاری دەروونی ژنەکەش دەدەن، ژنانیش لەبەر ڕۆڵی خراپی کۆمەڵگە شتەکان قبووڵ دەکەن و بەردەوام دەبن، پیاوانیش شــانازی بــە خۆیانەوە دەکەن، وەک بکەری کردارەکە، بێ ڕێزو خۆشەویستی دەربڕین بۆ ژنەکان، ئەم پەیوەندییانە زۆربەیان بەکێشەوە کۆتاییان دێت، ئەو پیاوانەی ئەم شانازییە دەکەن ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە، بیرکراوە نین و خۆیان لــە ژنان بە زیاتر دەزانن وەک مرۆڤ، بۆیە شــانازی دەکەن بەو کارەی کردویانە، خۆیان بەسەربەرز دەزانن و بەژنەکانیش دەڵێن لە نەریت لایانداوە، زۆرجار بەچاوی نزمتر سەیری ژنەکان دەکەن لەکاتێکدا هەردووکیان مرۆڤن و کارەکانیان بەیەکەوە ئەنجامداوە، نەشــیاوی کارەکە بۆ هەردوولا دەگەڕێتــەوە، لەکاتێکدا پیاوەکان تەڵەیان ناوەتەوە هەلومەرجیان ڕەخســاندوە سەرنجی ژنەکانیان ڕاکێشاوەو فشاری زۆریان لێکردون، تا کارەکانیان مەیسەر بوون. زۆربــەی تاکی کۆمەڵگەش چاو دەخەنە ســەر ژنــەکان، لەکاتێکدا کردارەکە ئەگەر چووبێتە دەرەوەی نەریتیش بەهاوبەشی هەردوو ڕەگەزەکــە کــراوەو هەردووکیان حــەزو خولیــاو وروژاندنییان هەبووە وەک یەک. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری پیاوانی کۆمەڵگە وا بیردەکەنــەوە، بــەڵام ڕێژەیەکی کەمی پیاوە ڕۆشــنبیرەکانیش بوونیان هەیە، ئــەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە جیاوازی لە نێوان ژن و پیــاودا نابینن، وەک مرۆڤ ســەیری ڕەگــەزەکان دەکەن، نەک ژن و پیــاو، مەمەڵەکــردن لەگەڵ ئەم دیــاردەدا زۆرتر پەیوەندی بــە فراوانی ژیــری و بیرکردنەوەی دروســت و ویژدانەوە هەیە. دۆزینەوەی ئەو پیاوانەی کە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو ناکەن جگە

لە ڕێکەوت، ژنی زیرەک و ئەزموونداری دەوێت تا پێیان ئاشــنابن، دوای ئاشــنابوون و دۆزینەوەی هاوتای ڕەگەز لە بیرکردنەوەدا، تێڕامان، وتووێژ، گفتوگۆو دواندن، ئاســتی فراوانی یەکترناســین، بێگومان کەمتر تووشی کێشەیان دەکات. هەروەک چۆن زۆربەی پیاوەکان بێویژدان و تەســکبینن بەرامبەر ژنان، لە مامەڵەکردندا، لەهەمــان کاتــدا زۆربەی ژنەکان دڵســافن و زوو دەکەونە تەڵەی پیاوانــەوە لەبەرامبــەردا، ئەمــەش لــە ڕەنگدانــەوەی سروشــتی کۆمەڵگــەی کوردییەوە هاتووە، کە تا ئێســتا زۆرتر کۆمەڵگەیەکی پیاوســالارییە، ڕەنگە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی تردا جیاوازی ئەوتــۆ لەنێوان ژن و پیاودا بەدی نەکرێت، تاوانی سێکســیش بۆ هەردوولا تاوان بێت وەکیەک، کۆمەڵگە تا کۆمەڵگە جیاوازی هەیە بەپێی ڕێژەی پێشــکەوتنی کۆمەڵگەکە. ژنانیش هەن لەگەڵ جوانی ناخیاندا، ســۆزو خۆشەویســتی ڕاستەقینە دەبەخشــن بە پیاوان، دەرەنجامی بەردەوامی گۆڕینەوەی ئەو سۆزبەخشــینەش خۆیان ڕادەستی پیاوان دەکەن، وەک تەواوی پڕبوونی کاسەی متمانە بە پیاوان، بێ گوێدانە ڕووشــانی کەسایەتیان لە ئەنجامی کەوتنەناو ئــەو داوەی پیــاوەکان بۆ ژنانیــان دەنێنەوە، چونکــە بە متمانەوە هاتوونەتە بازنەی باوەشی گەرمی پیاوانەوە، بەشێک لە پیاوانیش بەڕەخســانی کەشــی گونجــاو قســەی بریقوبــاق دەیانجوڵێنن تا تــەواو ژنــەکان کۆنتــرۆڵ لەدەســتدەن، لەکاتێکــدا بــە متمانــەو خۆشەویســتییەوە هاتوون، کــۆی جوانییەکانیان بۆ چێژی پیاوان تەرخان دەکەن، ڕێژەیەکی دەگمەنی ژنانیش هەن، بۆ ماددەو پارە خۆیان ڕادەســتی پیاوان دەکەن کە پیاوەکان کارەکانیان مەیسەر بــوو، ژنان ناتوانن لە جڵەویان دەرچن کۆنترۆڵی تەواوی ژنەکان دەکەوێتــە دەســت پیــاوە وروژێنەرەکانی حەزەوە، کــە بەماددە دڵی ژنانیان کڕیوە، بەشــێکی کەمی ژنانیش هەن، بژێوی ژیانیان مســۆگەر نابێت، لەپێناوی خۆشــگوزەرانی و پارەدا کەســایەتیان

دەڕووشــێنن، زۆربــەی ئــەو ژنانــەی لە پێنــاو مــاددەدا خۆیان و جوانییەکانیــان ڕادەســتی پیــاوان دەکــەن. لەدواییــدا لەجیاتی ڕێزنواندن بۆ پاداشــتی بەخشینی ئەو هەموو جوانی و وەفایە کە بەرامبــەر پیــاوان نواندوویانە، لە لایەن پیــاوە چێژوەرگرەکانەوە دەکەونەبــەر تیرو پــلاری پڕوپاگەنــدە بۆ ژنان، ڕەوشــتی ژنان لەکــەدار دەکــەن، جــار هەیــە پیاوە مــەرام حاســڵبووەکان ژنان بەجێدێڵێــن و شــانازی بە کردارەکــەی خۆیــان و لەکەداربوونی ڕەوشی ژنانەوە دەکەن، پیاوانیش هەن، هەڕەشە دەکەن، تا وەک ئامێرێکی بەکارهاتوو بەردوام کەفی حەزەکانیان بەژنان ڕادەماڵن هــەر کاتێــک بیانەوێــت خۆیان لە ژنــان نزیک دەکەنــەوە، ئەگەر ژنان نەشــچنە ژێر ڕکێفیانــەوە هەڕەشــەی بڵاوبوونەوەی کاتی ئەنجامدانی خاڵیبوونەوەی حەزە سێکسییەکانیان دەکەن، ژنانیش لەترســی فشــاری بێبەزەیی کۆمەڵگــە مل بۆ داواکانیــان دەدەن، بێگومــان ژنە متمانەدارەکان دەبێت جوانی جەســتەیان ببەخشــن بەو پیاوانەی کە ڕەوشــتیان لەکەدار ناکەن، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمــای متمانەی هەردوولادا بەنهێنی لە نێوان خۆیاندا بمێنێتەوە، ئەگەر لەیەکیش دابڕێن. لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا کەمبوونەوەی هەردوو هاوکێشــەکە پەیوەندی بە ژن و پیاوی مێشــک کراوەی زیرەکــەوە هەیە، دەبــێ ژنــان بوێرییان هەبێــت، خۆیان لادەن لــەو پیاوانــەی بەرژەوەندخوازن. دیــاردە دزێوەکانی نێوان ژنان و پیــاوان، بەرەنجامــی ئەوەیە هەردووکیــان پەیوەندییەکەیان بە مێشک دروست نەکردوە، تەواو لەیەک حاڵی نەبوون، بەڵکو سۆزو جۆش و خرۆشی حەزەکانیان زاڵ بووە بەسەریانداو نەیانتوانیوە خەفــەی بکەن، تا گیرۆدەی ئەو دۆخــە نەخوازراوە بوون، دەبێت ژنان خۆیان ڕادەســتی کەســانی کۆنترۆڵکــراوی ویژدانی بکەن، تا کەســایەتیان نەڕوشــێن. دۆزینەوەی تێگەیشــتی وەک یەکتری ڕەگەزەکان کۆششــی دەوێ، ئەو پەیوەندییانەی بەمێشــک ســاز

دەدرێن، هەمیشـــەیین، عەشقی ڕووحی لێ بەرهەم دێت، نەک هەر بزواندنی حەز، بەڵام ئەوانەی پیادەی دەکەن دەگمەن و دانسقەن، دەبێ ژنان فینۆســـی جوانیان بدەنە پیاوانێ کە بوونی ئەهریمەنی خوای شەڕیان تیا نییە، یان کۆنترۆڵیان کردوە، ئەمەش بە فراوانی تێڕوانین و دڵی متمانەدار دەکرێت، نەک جڵەو شلکردن بۆ خولیای بەتاڵکردنـــەوەی حـــەزەکان. کتێـــب، بوێری، کرانەوەی مێشـــک...، ڕێگەکانی دۆزینەوەی پیاوی دوور لە خوای شـــەڕو شـــەڕانگێزی لەلایـــەن ژنانی خولانەوەی بازنەی خوای ڤینۆســـەوە، دیاردەکان بەرەو کەمبوونەوەو نەمان دەبەن.

(١٧)

# چاوی ژنان هەستیارترین ئەندامی زمانی جەستە

بە شـۆڕبوونەوەو نغرۆبـوون و تێڕامان و هەڵوێسـتەکردن، بەدنیـای زمانـی جەسـتەدا، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی زۆر لـە ئەندامەکانـی جەسـتە لە کاتـی دەربڕین و قسـەو بۆچوونەکانی هەستدا دێنە جووڵە، بە نواندن و نمایشکردنی جوڵاندنی جیاواز کە هەمان مەبەسـتی دەربڕینی زمانە، شتەکان دەڵێن و مەبەستەکان دەپێکـن، کاتێک زمانی جەسـتە دێتە قسـەکردن، زیاتر جەخت لە دەربڕینـەکان دەکاتـەوە، هەندێ لـە نواندنەکانی زمانی جەسـتە نواندنی گشتین و زۆر کەس لەدەربڕیندا دەیاننوێنێ بۆ مەبەستێکی تایبەت دەکرێن. کە نواندنەکە، هەمان مەبەست لای کەسانی تریش دەپێکـێ، هەمووان لێی حاڵی دەبن، بۆیە لای کەسـەکان دووبارە دەبنەوە لـە دەربڕینەکاندا. هەندێک لەم جوڵە جەسـتەییانە هێندە بەربڵاون ئەگەر دەربڕینی زمانیشـی تێدانەبێت، کەسـی بەرامبەر لـە نواندنەکـە تێدەگات. بگـرە هەندێکیان جیهانیـن، لای زۆربەی گەلانی دنیا بەکاردێن، چونکە هەمان جوڵاندنی زمانی جەستەیە بە هەمان نواندن، بۆ هەمان مەبەست، یان گۆڕانکاریی کەمی لەگەڵە، بەڵام هەمان مەبەسـت دەدا بە دەستەوەو هەمووان لێی تێدەگەن،

هەندێکیــش تایبەتە بە زمانی جەســتەی، گەلێک، یــا ناوچەیەک یا تاکە کەســێکیش، بێگومان ئەو زمانە جەســتەییانەی کە گشــتین، بەرامبەرەکانیان لێیان تێدەگات بێ دوواندنیش، چونکە گشــتین لە زمانی جەســتەی مرۆڤەکاندا مۆرکێکــی وەک یەکیان وەرگرتووە، وەک: لچ هەڵقورتان و شانبەرزکردنەوەو بردنی شانەکان بۆ دواوە، بۆ وەڵامی نازانم لە کاتی کردنی پرســیارێکدا بێ دەربڕینی وشە، تەنانەت ئەگەر وەڵامدەرەکە زمانی پرسیارەکەرەش تێنەگەیشتبێ یــان نەزانێت بەزمانی جەســتە و نواندن وەڵامی (نازانم) دەنێرێت بۆ بەرامبەرەکەی و ئەویش بەئاسانی تێدەگات. یاخود جوتبوونی هــەر پێنج پەنجەی دەســت و بەرزکردنەوەی بــە دیوی ناو لەپدا تا ئاســتی شــان بۆ بەرامبەر، بۆ ناردنی پەیامی وشــەی بوەستە. ئەوانــەی کە تایبەتن بە کەســێک، کەســە نزیکەکانــی تاکەکە لێی تێدەگەن وەک، زمانە جەستە تایبەتەکانی کەڕو لاڵێک بۆ دەربڕین. جگــە لــە نواندنە گشــتییەکانی کە لای هەموو مرۆڤــەکان هەن بە کەڕو لاڵیشــەوە، بەشــێک لەدەربڕینی زمانی جەستەیەکانی کەڕو لاڵێــک کەمتر دەربڕینێکی گشــتی دەنوێنــی لای هەمووان، چونکە جوڵاندنەکەی گشــتیی نییەو شارەزایانی زمانی جەستەو ئەوانەی لێی نزیکن لێی تێدەگەن، دیاردەکە هێندە ڕۆژانە دووبارە بۆتەوە، کەسانی دەوری بازنەی ژیانی کەڕو لاڵەکە مەبەستی کەڕو لاڵەکە دەپێکــن و لێی تێدەگەن، ئەو جوڵاندنە زمانە جەستەییانەشــی کە گشــتین و لەهەمووان‌دا نواندنیان وەک یەکە بەکەڕو لاڵەکانیشەوە هەمــووان لێی تێدەگەن، چونکە هەموو هەســت بە دواندنی زمانی جەســتە دەکەن. لە بواری نواندنی ســۆزی خۆشەویســتیدا، چاو لــە هەمــوو ئەندامەکانی لەش زیاتر دەبزوێ زمانی جەســتەیە لە ســەرەتاوە بەناردنی تەلیســم بۆ تێگەیاندنــی بەرامبەر، هەروەک دێڕێکــی گۆرانییەکی کوردی، کە لە لایەن حســێنی ئەلبوســییەوە دەوترێت، دەڵێت:

مالْتـــان تـــازە هاتـــوە هاوســـێ نازانـــم نـــاوت
خەوت لێم کردوە حەرام بە غەمزەی هەردوو چاوت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاســتییەی کە کەســی تێوەگلاوی سۆزی خۆشەویســی، تەنها بــە غەمزەو نیــگای چاو شــەیدای ڕەگەزی بەرامبــەر بــووە، نەک هەردوانــدن و ژوان ڕووی نــەداوە، بەڵکو ناویشــی نازانێ، چونکە ســۆز ناردن و سەرسامبوون بە کەسێک تەنها بــە نیگای دوورمەودای چاو ئەنجام دەدرێت لەســەرەتاوە، پێــش دواندن و تێکەڵبوون، بگرە چاو دارێــژەری بەردی بناغەی دیواری خۆشەویستییەو ئەندامەکانی تر هاوکاری بەرزکردنەوەو پتــەوی ئەســتووری دیوارەکــەن. نیگاکردن بەچاو نهێنــی تێدایە، دەیەوێ لەگەڵ ڕووانین بۆ بەرامبەرەکەی شــت بڵێت، ســەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشــێت، بەتایبەتی کاتێک چاو زمانی جەستەی درکاندنــی نهێنی ڕازی خۆشەویســتی بێت لە نێوان دوو کەســی سەرســوڕهێنەر بەیەکتر، کە هەر نیگاکانی چاو دەبێتە هەڵکردنی شــەماڵی ســۆزو خۆشەویســتی و عەشــق لــە تێڕوانینەکانــی سەرەتاوە، چونکە چاو وەک یەکەم دەروازەی درکاندنی مەبەستی دڵ، دەیەوێ شــت بڵێ بەو بەرامبەرانەی کە لێی تێدەگات، کاتێک هێشــتا ســاتی دواندن بــە ئامرازەکانــی وتن و بیســتن فەراهەم نەبــوون، بەتایبەتی چاوی ئەو ژنانــەی کۆمەڵگە ئازاریان دەدات، بــە دەســت زاڵمانــی بێویژدانــەوە گرفتــارن، جگە لــە درکاندنی ســۆزی خۆشەویســتی شــتی کەش دەڵێــت، کــە چاوەکانی بۆت دەڕوانێــت ڕاز دەدرکێنێت، نەهامەتــی و نائومێدی ژیانی ژنەکەی تێــدا دەخوێنێتەوە، گرفتــاری دابونەریتی کۆمەڵگەو بێدەســەڵاتی ژنەکــە لە ئاســتیدا بە ڕوونــی دەردەکەوێت، چــاوی ژن دەیەوێ ڕازە شاراوەکان بهێنێتە کەناری ڕاستی بینین و ئاستی دەرخستن و تێگەیشــتن، نەوتــراوەکان بهێنێتــە وتن. ڕازەکان ســەرەتاتکێی خۆقوتارکردنیانە لەدەریای بێپەی نهێنییە حەشاردراوەکانی ناخ لە

ڕێگەی چاوەوە، بە تایبەتی چاوە پڕ حەسرەت و داخ و کەسەری کەسە زمان بەستراوەکانی ئازاردراوی داخراوی ناو کۆمەڵگە، کە زۆرتر ڕەگەزی مێ دەگرێتەوە، لە ڕەگەزی مێشدا ئەو ژنانەی تەنراون بەداوی ئازادینەبوون. کاتێک جەستە بە ئازارەوە دەیەوێ لە دەوروبەر بڕوانی، لەمەینەتییەکان قوتار بێت پەنا بۆ درکاندنی زمانی جەستەی چاو دەبات، تا شتەکان بە دەوروبەری بڵێت، بەڵام ئەوانەی لێی تێناگەن ئازاریان دەدەن، جڵەوی نیگاکردنی ژنان تەنها بۆ مەبەستی بەرژەوەندیی پیاوان خلۆر دەکەنەوە. ڕوانین بۆ چاوی بەشێک لەژنانی بەشمەینەت ئاماژە بەئازاردانیان لەکۆمەڵگەدا دەهێنێتە مەداری نیگاکردنەوە، بە تایبەتی ئەو ژنانەی توانای دەربڕین و ڕزگاربوونیان لە دابونەریتە خۆسەپێنەرەکان لە ڕێگەی نوسین و خاڵیبوونەوەی دەروونەوەنییەو بەدەست داخراوی کەسوکاریانەوە گیرۆدەن، لەخوددا خۆدەخۆنەوەو لە لێواری تەقینەوەی ناخدان، تەنها پەناو پەسێری خۆڕزگارکردن یان جاڕدانی کێشەکانیان چاویانە، لە ڕێگەی ماتی چاویانەوە لە نیگاکردندا کێشەکانیان دەخوێنیتەوە، هەرچەندە زۆربەی چاوەکان، جوانییەکانی ژنان لە ڕوخسارەوە دەبینن، مێخی کێشەی ژنانیش ناوەرۆکی ژنان دەسمێ و لەناخەوە برینداریان دەکات. ئەو کێشانەی سەریەشەی زۆری کۆمەڵایەتی و دوودڵی و فشاری دەروونی ژنانی لێکەوتووەتەوە کاریگەیان لەسەر زمانی جەستەی پێستی ژنان هەیە، کە بۆ سیمایان دەڕوانی تێکچوونی باری ئاسایی پێستیان دەبینیت بەتایبەت لە دەم و چاودا، فشاری دەروونی زۆر، سیمای مرۆڤەکان تێکدەدات. بە بینینی سیمای ژنە کێشەدارەکان، مرۆڤە قاڵبووەکانی شارەزای زمانی جەستە دەتوانن کێشەکانی ژنان لە ڕوخساردا هەست پێبکەن، کە هەنگاوی یەکەمی هەستکردن بەبوونی کێشەکە، لە ڕێگەی زمانی چاوو سیمای ژنە کێشەدارەکانی کۆمەڵگەوەیە، ڕوانینی چاوی

ژنانیش هەیە ڕەنگدانەوەی بێکێشــەیی تێدا دەبینی و کۆشــش بۆ وەدەســتهێنانی ڕاکێشانی ســۆزی هاوڕەگەزی دەکات، دەیەوێت ڕازونیاز بدرکێنێ، بۆ ســەرمامبوون بەبەرامبەرێکی هاوڕەگەزی خۆی. کەسانی مەودا تەسکبینی تێنەگەیشتوی زمانی چاویش هەن، لە گۆشــە تەسکەکەیانەوە هێرشی ناڕەوا بۆ تێڕوانینە پڕ ماناکانی چاوە جوانبینەکانی ژنان دەکەن، چونکە لێی تێناگەن، پڕوپاگەندەی ناقــۆڵاش دێننە مەیدان، ســەبارەت بەتێڕوانینی چاوو کەســایەتی ژنەکە، خوێندنەوەی نهێنییەکانی چاو، خستنەڕووی دنیای تایبەتی ناخــە، خوێنەری زیرەک و بە ئەزموونی گەرەکە، هەموو کەســێ ناتوانــی بچێتە دنیای خوێندنەوەی ڕازە شــاراوەکانی چاوی ژنە کەســیرەبووەکانی کۆمەڵگــەوە، کە پڕن لە جوانی حەشــاردراوی ناوەرۆک. کەساسی، بێنازی، نەبوونی سۆز، گیرۆدەبوون بە نەریتی کۆنی بەسەرچوو، لاپەڕەکانی تری دەرخەری خوێندنەوەی کێشەی ناو چاوە ماتەکانی ژنان، بێگومان گرفتاربوون بە کێشــەکانی ناخ، بەڕێژەیەکــی کەمتر لەچاوانی پیاوو منداڵی بێسۆزیشــدا هەن، کە دووبارە گرفتاری کێشەکانی ناو کۆمەڵگەن، بەڵام کەسانێ کە لێی تێبگەن دانسقەو دەگمەنن. لەساتی مەستی نیگای ڕووانینی هێمندا بۆ ســیمای بەرامبەر، دەریای قووڵی چــاوەکان دەبینی، وێنەکانی هەمەڕەنگــن، خوێنەرانــی ئەزموونــداری نیگاکانی چــاو، هەموو ڕازە حەشــاردراوەکانی نــاخ دەخوێننەوە، هەربۆیــە لە دەربڕینی نهێنییەکاندا چاوی نهێنی دەرخەر لەبەرامبەر کەســە تێنەگەیشــتو و ســادەکاندا ئاوادەبــێ و هیچ نادا بەدەســتەوە، نایەوێ هەڵبێت، بەڵام لەڕووانین بۆ کەسانی عاشق و سەرسامکەرانی چاودا، شت دەڵێ و ڕاز دەدرکێنێت. کەســە سادەکانی بایەخنەدەر بە چاویش ناتوانــن نهێنییەکانی چاو بخوێننــەوە، دەربڕینی ڕازەکان بە چاو، وەک دەربڕینی وتنی گۆرانییەک یان خوێندنەوەی شیعرێ یا هەر دەربڕینێکی تری هەستبزوێن، خۆی دەنوێنێ، خوێنەرانی چاو لێی

تێدەگەن، خوێنەرانی چاو خوێنەرانی چاوی عاشـقانی ڕووحن، چ عاشـقی ڕووحی سـۆفییەک بێت یان دڵی ساوای منداڵێ ژێکەڵەی کۆمەڵگـە، یان عاشـقێکی تازەگیرۆدەبووی سـۆزی ئەوین، وەک عارفێکی رووحانی، کە دەچیتە ناو قووڵایی چاوە هێمن و پڕڕازەکان و تێی دەڕوانێت، ئاسودەیی دەروونی دەبەخشێتە مێشکی خاوەن چاوی ڕازدەرخەر، هەر بۆیە سەوداسەرو قەلەندەرەکان قوربانی خوێندنەوەی چاوی پڕ نهێنی مەعشوقەکانیانن، تا شتیان لێوەرگرن، کاتێک لەگەڵ ڕازەکانیاندا تێکەڵ بوون و لەمپەری مەحاڵ بۆ بینین و ئاڵودەبوون بە یەکتری ڕێگەکانی لێ داخسـتوون. ژنە داخراوە بەئەمەکەکان دەڵێن ئێمە بەفامین و ڕاسـتییەکان دەپێکین و لەڕێی چاوەوە دەیدرکێنین، ئەوە خەڵکە سـادەکانی دەرەوەی مەحرەمی پیـرۆزی چـاون و لەجوانی چاوو ناخی پـڕ مەینەتی ژنان ناگەن. مەزنی پیرۆزی چاویش لە جوانی ڕوخسار جیاوازە، دەروازەیەکە بـۆ ڕۆچوون بـە ناخدا، تێگەیشـتن لە ڕازی چاو ئاشـنابوونە بە جوانییەکانـی ناوەرۆک، زمانی چاو زمانی درکاندنی جوانی ناخە، بـەڵام زمانە جەسـتەییەکانی چاو لە نێـوان مرۆڤەکاندا جیاوازن، چـاوی جوانی ژنان هەیە، جوانی، ماتی، هێمن و گەورەییەکەی بە زمانێ جەسـتەی جوداتر لەکەسەکانی تر، ئاسودەیی بە عاشقانی سەرسـامکەرانی بەرامبـەر دەبەخشـێت، دەتوانیـن بڵێیـن چـاو فریادڕەسی درکاندنی ناخی مرۆڤە بە گشتی و ژنە بەشمەینەتەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالاری توندی ژنانە بە تایبەتی.

(١٨)

## بۆ مەرگی ژنە کوژراوەکە (ماریا سامی)*

ژن بــوون لــە کۆمەڵگەیەکــی پیاوســالاری تەنراو بــە نەریتی داســەپێنراوی بەسەرچوی سەردەم و ژنکوژدا سەختە، لە کاتێکدا ژنان داوی تەشــەنەو تەنینەوەی پڕکردنــەوەی کەلێنی کەمبوونی ژمارەی دانیشتوان بۆ بەردەوامی ژیان دەتەنێت، ژن بوون سەختە کاتێــک ژنــێ لەهەڵکەندنی گڵێنجانــەی جوانی ناخیدا، کەســتەگڵی دیاردە نەشیاوەکانی کۆمەڵگە ورد دەکات، پێکهێنەرە بێسوودەکانی بەکارناهێنێــت و تورِیــان دەدات، تاوەک مرۆڤ نــەک ڕەگەزێکی چەوســاوە بژی، لەشوێنی ڕق و تۆڵە، جوانی و خۆشەویستی بۆ ژیان بنەخشێنێت، ژن بوون سەختە کاتێک ژنێکی قوڵ لێهەڵماڵراوی قاڵبووی ژیان، بیەوێت درِ بەئەنگوســتەچاوی شەوەزەنگی نەریتە بەســەرچووەکان بدات، ژن بوون ســەختە کاتێک ژنێک بیەوێ بە نواندنی بەهرەو توانا وەدەســتهاتووەکانی وەک مرۆڤ بەشداری لە کەڵەکەبوونی خەرمانی داهێنانەکانی تاکی کۆمەڵگەدا بکات. ژن بــوون شــانازییە، کاتێک ژن بێباکانە درِ بــە تەلبەندە کەڵەکەبووە درِکاوییەکانــی کۆی نەریتــە پووکاوەکانی مێژوو دەدات، کە دژی مافەکانی ژنانن و سەربەرزانە لەبەرامبەریدا دەجەنگێت، ژن بوون شــانازییە، کاتێک هاوشانی پیاوەکان ســواری ئەسپێکی چەلەنک

دەبێت بەرەو خواردنەوەی ئاوی کانیاوی تەقینی دیوە جوانەکانی داهێنانی میللەتەکەی ڕەوتی خێرا بەئەسپەکەی دەدات، ژن بوون شانازییە، کاتێک ژنێک دەقێکی ئەدەبی جوان لە زمانێکی بێگانەوە بێ گرێ و گۆڵ وەردەگێڕێتە سەر زمانی گەلەکەی. ئەمانە هەموو دەیسەلمێنن ژن بوون مرۆڤبوونە، بێ جیاوازی ڕەگەزی، کە بەشێک لە پیاوان وەک درک دەچەقن بەجەستەی ژناندا. لە بازنەی وەکیەکی ڕەگەزی مرۆڤبوونی ژن و پیاو دەچنە دەرو کەمتر ژنان دەخەنە خانەی دادپەروەریی مرۆڤبوونەوە، هەروەک بوونەوەرێکی کەم ماف تەماشای ژنان دەکەن، نەک ڕەگەزێکی مرۆڤی هاوشانی پیاو، لەکاتێکدا، مرۆڤبوون پێش ژن بوونە. ئەوە ڕاستی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆیلایەتی مرۆڤە، جیاوازی ڕەگەزی دروست دەکات لەنێوان مرۆڤەکاندا، بەشێکی کەمی ژنانیش ئاڵودەبوون بە سنورێکی تەسکی ڕەوا نەبینینی مافەکانیانەوەو هەست بە کۆیلایەتی خۆیان ناکەن، مرۆڤە تەسکبینەکانی نیگاکردو بۆ ژیان، تەنها بەرچنەی جوانی ژن بوون دەبینن و درک بە سەبەتەی جوانییەکانی مرۆڤبوون ناکەن لە هەردوو ڕەگەزەکەدا، ژن بوون نواندنی ڕەفتارە لەبۆتەی ڕەگەزێکی مرۆڤدا، بەڵام مرۆڤبوون نواندنی ڕەفتارەکانی کۆی مرۆڤایەتییە لەجیهاندا بێ جیاوازی ڕەگەزی. بەشێک لەبینەرانی جوانی جەستەی ژن، چونکە لە ئەنگوستەچاوی تاریکی بینیی ناخی مرۆڤەکاندا نقوم بوون، تێڕوانین بۆ ژنان هەر لەجەستەدا دەبینن، پێوانە بۆ ناخی شاراوەی ژنان ناکەن، تەونی جاڵجاڵۆکەیی خەیاڵیان بۆ ژن بینین لەجوغزێکی تەسکدا دەتەنن، بەڵام بە سانایی تەونەکە دەپچڕێ لای ژنە جوانبیرو داهێنەرەکانەوە، هۆشمەندی و بە ئاگابوون لەبەرهەمەکانی ژیری بەر ئەنجامی خوێندنەوەی ناخ و نیگای دوور مەودا بۆ ژیانن، ئەمانە بەهاو ئەزموون دەدەن بە ژیان، مرۆڤ لە ژوورە داخراوەکانی تێڕامان بۆ ژیان دێننە دەرەوە

بــۆ بینینی دوا پنتکی پانتایی ژیان لــە قووڵیدا، مرۆڤ لە بنەڕەتدا لــە کۆمەڵــەی ئاژەڵە، تەنها هۆشــمەندی و ئاگاداربــوون لەژیان، وا دەکات لــە کۆمەڵەکــەدا بەرگــێ نوێ لەبەر بــکات و کارامەیی وەدەستبێنێ بۆ فەراهەمبوونی ژیانی پڕ شکۆ بۆ مرۆڤایەتی.

پێکهاتە گشتییەکەی کوردبوونیش لە ئێستادا بێبەریبوونی تاکی مرۆڤــە لە زۆر دیاردەی خۆســەپێنەری کۆمەڵگە کە وەک نەریت دروســت بووە، توانەوەشی هەوڵ و کۆششــی هەردوو ڕەگەزی دەوێت لەگەڵ بڕینی کاتدا، کە توانەوەی زۆر بەستەڵەکی پێوستی کایــەی ئەمڕۆی ژیانە، ڕاســتە دیاردە دزێــوەکان بریندارکەرە بۆ ئەوانــەی بــە پانتایــی ژیان دەبینــن و لەگەڵ ئێــش و ئازارەکانی کوانــوی مرۆڤایەتی دان، ژن و پیاو وەک ڕەگەز بەجیاواز نابینن، وەک مرۆڤ دەیانخوێننەوە، بەڵام مانەوەی دیاردەکە دڵخۆشکەرە بــۆ بخۆرانی بێئاگا لە ویژدان، کە مەســتی چێژی ژیانی بێبەهای دوور لەئاکاری مرۆڤایەتین. لە ئازارەکانت ورد بوومەوە، لەگەڵیاندا ژیام، چومە قووڵایی بنی گۆمی ئازارەکان و وەک مەلەوانێ بەئاگا ســەرئاوی گرفتەکانت کەوتم، هەســتم بە شــانازی کرد، کەسانێ دانســقەی وەک تۆش هەن. لەناو تلانەوەی ئــازارە تایبەتییەکانی خــوددا، کۆی ئازارەکانــی ڕۆژانەی ڕەگــەزو میللەتەکەتان تێکەڵ بە ئێش و ئازارەکانی خۆتان دەکەن، دەتانەوێت ببنە ڕچەشــکێنی شــکاندنی بەفری بەستەڵەکی چەند ساڵەی ڕێگەی ژن بوونتان لە ســەر زەوی مروڤایەتی، ســەرت بەرز بوو جوانییە شــاراوەکانی ناخــت هــاواری دەکــرد، دەیەویســت دڕ بــە دوورکەوتنــەوەی ژمارەیەکی بێشــوماری قەپگرەکانی جەســتەی ژن بدات و ڕایان بماڵێ، بۆیە بێباکانە دەمیان لێت کردبووەوە، نەیانتوانی ڕاستەوخۆ بەکپکردنی نواندنەکانت هەرەست پێبێنن، تا ناچاری و بەپێی دۆخی نەخــوزراوی ســەردەمی بەفیشــەک بێدەنگیان کردیــت، بێگومان خۆت و تەقەکەرەکانیشــت کەســیرەبووی دۆخی خۆســەپێنەری

تەنــراوی ژیانی نەریتی خۆســەپێنەرن، ڕەنگدانەوەکانی دۆخەکە، تۆی کرد بە بانگخوازی مرۆڤدۆستی، تەقەکەرەکەشت بەبکوژ. من سەرسامکەرێکی جوانی داهێنانەکانی بوونت بووم لەدوورەوە بێ ناســینی خۆت، بە مانا فراوانەکــەی جوانی. دەمزانی دەتەوێ چی بڵێی لە چ گۆشــەیەکەوە بۆ ژیان بڕوانی، نەک گۆشــە تەسکەکەی بینینی جوانی بۆ هەمــوو دیاردەکان، کە لێڵبینەکانی ژیان نایبینن، جوانییەکانتــم دەبینــی، دڵێکی پڕ حەســرەت، ســەرەتای بەهاری داهێنایێکی کەم و پوخت لەناختدا چەکەرەی کردبوو، لەگەڵ ئێش و ئازارە هەستپێکراوەکانتدا دەژیام، سوری دەکردم لەسەر تێڕوانین بــۆ ژن وەک مرۆڤ، نەک ڕەگەزێکی نامۆی چەوســاوە، مەخابن داوە تەنراوەکانی نەریت نەیهێشــت مەڵــۆی خەرمانی ئاواتەکانت کۆکەیتــەوەو بەرهەمــی ڕوانینــە مــرۆڤ دۆســتانەکانت بێنیتــە بەرهەم، هەمووومان پێویستمان بە ڕێککردنەوەی دەربازبوونە لەم کوشــتنانە، کــە چەندەهای وەک تۆ بوونــە قوربانی، بەهیوای دوا قوربانی ئێش و ئازارەکانی چەوسانەوەی ڕەگەزی بیت، بەڵام دوا قوربانــی نیت، کاتمان زۆر ماوە، دەبێ هەموو پێکەوە بجەگین بۆ سەرنگومکردنی ئەم دیاردە دزێوە.

*ژنێکی هەڵکەوتوی زیرەک و بەتوانابوو، دەســتی هەبوو لە بواری هونەرو نوســیندا، لەشــاری هەولێر دەژیا، باوکی ژنی تری هێنابوویــەوە، ماوەیەک چوبــووە لانــەی داڵدەدانــی ژنــان. لەکارەســاتێکی تەمومژاویــدا لــە لایەن کەسوکارەکەیەوە کوژرا.

## (١٩)

# ژن و دایک

دایــک دەگمەنترین و دانســقەترین و بەئەمەکترین بوونەوەری ســەر گــۆی زەمینــە لە ســۆز بەخشــیندا، ســۆزی دایــک تەنها دەربڕینێکی ئاســایی قرچۆکی دەروون نییە، بەڵکو زادەی ناخێکی پــڕ حەســرەت و پەرۆشــییە بــۆ ڕۆڵەکەی، مرۆڤ هەیە هەســت بەڕاکێشــانی هیچ جۆرە سۆزێک ناکات ســۆزی دایک نەبێت. ژن بوونیــش دیاردەی پێکهاتەی ڕەگەزێکە، تەنها لە ژیانێکی ســادەی بێکێشــەی مرۆڤدا، خۆی نانوێنێت، بەڵکو ژن بوون لە ناو نەریتی خۆداســەپێنراوی کۆمەڵگــەدا قوربانییەکــی دەگمــەن و کەموێنە دەدات، ڕۆژانــە ئازار بەرۆکی زۆر لە ژنەکان دەگرێت، دایک جگە لە ئاســودەیی ڕوحی دەروونی بۆ ڕۆڵەکەی، لە کاتی لەدەستدانی جگەرگۆشەیەکیدا، نوغرۆی پاشخانێکی ئازاری ناخهەژێن دەبێت، ســوێی هیــچ برینێک بــەو قووڵییە ئــازاری نابێــت، ژن بوونیش تێکەڵ بــە جیهانی بەرخۆدان و بەرگرییە لــە ڕووبەڕووبونەوەی کێشــە نادادپەروەرییەکانــی کەڵەکەبــووی مێژوودا کــە بەرۆکی ڕەگەزەکەیان دەگرێت، دوندی هەڵچووی ســۆزی دایک لە سۆزی دووڕەگــەز بــۆ یەک، منداڵ بۆ دایک، هاوڕێ بۆ یەکتر تا ســۆزی

نێـوان دوو ڕەگەزیش هەڵکشـاوترە، ئامێزی دایـک تاکە پەناگەی هەمیشـەیی ئارام و بێ ترسـە بۆ مرۆڤ، ئارامکەرەوەی ئازاری ئەندێشـەی حەزو خولیـای مرۆڤە، دەروون تێیدا دەحەسـێتەوە، دایکیـش هەر بە بـاڵای ژندا بڕاوەو دەبڕێـت، کەواتە دایک و ژن بوون، دوو تەلیسـمی ئەفسوناوی هەڵاویردو تێکەڵی ئاوێزانبووی بەرەبەیانی مرۆڤایەتیـن، تا ژن هەبێت دایکیش هەیەو نەمانی ژن نەمانــی دایکە بە سـۆزو پیرۆزییەکانیەوە. ناکـرێ ژن و دایک لە یەک جودابن و هەردووکیان بەرگی یەک ڕەگەز دەپۆشـن، نابێت ئەشکەنجەی ڕووحیشیان بدرێت، نواندنی ئازار بەرامبەر ژنان بە دیوێکی تردا ئازارگەیاندنە بەڕوحی دایک، دایک هەمیشە دڵنەرمەو سۆز دەبەخشێ، دەکرێ ژنیش دڵ نەرم و سۆزبەخش بێت کاتێک دایکیش نییە. ئەگینا چۆن دەبێ بە دایک، کوشـتنی ژنان کوشـتنی دایکانــە، دەبـێ مرۆڤەکان لەو ڕاسـتییە تێ بگەن. کوشـتنی هەر ژنێک گەر لەمپەردانان لەسـەر گەشـەو زیادبوونی مرۆڤەکانیش نەبێت، بێبەریکردنی منداڵە لە باوەشی پڕ سۆزی دایک و چەپۆکی نەگریسـی بێ بەزەییانـەی مرۆڤی دڵ ڕەق، بەرامبـەر دنیای بێ فـڕو فێڵی منداڵ، تێکچوونی ژینگـەی لەباری خێزان، کە بە مانای نـا تەندروسـتبوونی ژینگـەی تاکـی کۆمەڵگە دێـت، کۆمەڵگەش کە ژمـارەی تاکی ناتەندرسـتی زۆربـوو شـیرازەی تێکدەچێت، تێکچوونی شیرازەی تاکی کۆمەڵگەش، قەیرانی جۆر بە جۆر دێنێتە ئاراوە، لە کۆمەڵگەی پڕکێشـەو قەیراندا ئاسـایش بوونی نامێنێت و تـەواوی کایەکانـی ژیان دەکەونە بەر شـاڵاوی مەترسـییەوە. لەم کۆمەڵگە پیاوسـالارییەی ئێمەدا کە هەژموونی پیاو لە هەموو بوارەکاندا لەژن زیاترە و سـیمای هەموو شـوێنێکی تەنیوە، پیاو هەموو هەوڵ و کۆششی دەخاتە سەر یەک تا وەدەستهێنانی دڵی ژنێک، تەنانەت چی توانای کەشـی ڕازیبوون هەیە نیشانی دەدات، دوای وەدەستهێنانیش کۆی حەزو ویستەکانی خاڵی دەکاتەوە، کە

خاڵیش بووەوە، چونکە پەیوەندییەکە لە سەرەتاوە لەسەربنەمای سۆزێکی ناخ و ناوەرۆکهەژێن نەهاتووەو زۆرتر بۆ ڕاکێشانی جوانی جەستەو ڕوخسارە، دوای بەیەکگەیشتنی دڵە بێ سۆزو میهرەبانەکان، دەرگای شەڕو ئاژاوەو دوورکەوتنەوە دێتە مەیدان، ژن کە لە هەمانکاتدا هەڵگری پەیامی پیرۆزی دایکایەتییە دەکەوێتە بەرهەڵبژاردەی جۆراوجۆری دوور لە ئارامی خێزان، زۆربەشیان لە پێناوی پاراستنی منداڵەکانیان وەک دایک زۆربەی سوێی ئازارو نەهامەتییەکان قبووڵ دەکەن و دەیانەوێت منداڵەکانیان لە سۆزی دایکایەتی بێبەش نەکرێن. لێرەوە دەبێ بگەینە ئەو ڕاستییەی پێشێلکردن و ڕەوانەبینینی مافی ژنان، پێشێلکردنی هەمان مافەکانی دایکە، زۆر کەم و دەگمەنن ئەوانەی سۆزیان بۆ دایک نییە، ئەو ژنانەشی بەر نەشتەری بێبەزەیی ڕۆژگار دەکەون لەهەمانکاتدا دایکن، جگە لە دایکایەتی هەڵگری لانکەی سۆزی منداڵانی بێبەرین، پێویستە لەو ڕاستییە بگەین هەرگیز سۆزی باوکانە جێگەی سۆزی دایک بۆ منداڵ نییەو هەریەکەیان خانەی بەخشینی ئاسودەییە دەروونییەکەی جیاوازە لەویتر، کەواتە پێشێلکردنێ مافی ژنێ پێشیلکردنی مافی دایکایەتییەو سەرگەردانی منداڵانی لێدەکەوێتەوە، کە هەمیشە ژنان زیاتر بەخشەری سۆزی میهرەبانین بۆ منداڵەکانیان.

## (٢٠)

# بەزمی کابرا*

کابرا، نازناوێکی گشـتییە، دەدرێتە پاڵ هەموو کەسـێک، نێر و مێ، کەسـەکە لەژیانـدا بێت یان نەمابێت لەژیاندا، چ بەمەبەسـتی تەنز بێت، یان هەر مەبەستێ تر. بەکارهێنانی زۆرتر بە مەبەستی ناونەهێنانـی کەسـە ناسـراوەکەیە، چ بـە ئارەزوو بێـت یان بێ مەبەسـت. یاخود بۆ کەسـێکی ناسـراو لەدیاردەیەکی نەشـیاودا بەکاردێت، بۆ نهێنی پاراستنی ناوی کەسەکە. زۆرجاریش وەسفێکە بۆ کەسـێکی ناسراو لە نواندنی کارێکی شیاو یان دیاردەیەکدا، چ دیاردەکە ئەرێنی بێت یا نەرێنێ، جاریش هەیە تەنها بەمەبەسـتی پاراسـتنی ناوی مرۆڤێک بەنهێنی لەنێوان دوو کەسـدا بەکاردێت. لەوانەشە بۆ ئاماژەدان بە ناوی کەسێکی خوازراو بێت، کەبەبوونی سیفەتێک یان دیاردەیەکی تایبەت ناسراوە. وشەکە زۆرتر دەدرێتە پـاڵ ڕەگـەزی نێر، ڕەگـەزی مێش لەنـاو خۆیانداو بـۆ ڕەگەزی بەرامبەریش بەکاری دەهێنن، دەشـتوانرێت بێ جیاوازی ڕەگەزی وەک ئامـاژەدان بۆ کەسـێک، لە نواندنی دیاردەیەکی کەسـایەتی ئەرێنـی و نەرێنـی نێـوان مرۆڤەکاندا بەکاربێت. ئەمـە بەڕوانینی دیوە فراوانەکەی بەکارهێنانی وشەی کابرا. بەدیوی تایبەتدا کابرا

لای من نازناویکە بۆ پەرییەکی شۆخی دەگمەنی هەڵبژاردەی دڵ. کە کاریگەری لەسـەر بوونم هەیەو مایەی ئەندێشە و گینگڵدان و ڕەخسـانی هەلومەرجی داهێنان و ڕیزکردنی وشـەیە لەنوسیندا، چونکـە پانتاییەکی گـەورەی لەهزرو بیرمدا داگیر کـردوە، کابرا جگە لەوەی ڕەگەزێکی مێیە، لوتکەیەکە لە جوانی بەژن و سیمای پەرییانە، ڕەنگدانەوەی لەسەر بوونم بە هەڵهێنجانی شنەی ئەوین و سۆزهەڵڕشـتن هێناوەتـە ئـاراوە، من بـە تـەواوی جوڵەکانی سەرسامم و بەلامەوە شۆخێکی کەموێنەو دانسقەیە لە ڕوخسارو ناوەرۆکدا. پەردەی دڵمی سـمیەو چوەتە خانەی خۆشەویستێکی بێوێنـەوە، بەڵام ئەو هێشـتا دڵناسـک و ڕەقە لـەوەڵام دانەوەدا. ئەم ڕەقی و دڵناسـکییەش لە خـودی بەرپەرچدانەوەی بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی کابراوە سـەری دەرنەهێناوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پاکـی و کەم ئەزموونی ئەو و تونـدی مامەڵەی ڕەگەزی نێرە بۆ مێ لەم کومەڵگایەدا، کە هەمووومان لەژێر سایەو سێبەریدا دەژین. نەریتی داسـەپێنراوی کۆمەڵگەش لەولاوە بوەستێت، کە مۆتەکەی گەرووگرتن و بێ وەڵامی سەختی ڕەگەزی مێیە بەرامبەر وشەی بڤـەی خۆشەویسـتی لەنێویاندا بەگشـتی. ئازاردانـی ڕووحی و جەستەیی ڕەگەزی مێ لەلایەن ڕەگەزی نەیارانیانەوە، تێنەگەیشتن و نەناسین لە ناوەرۆکی کەسەکان لەسەرەتاوە، پەردەی ئەستوری دروسـتکراوی شـەرم لەناخدا، زۆر هۆکاری تر، بەرئەنجامی ئەو ڕاستییەن، کە مێ لەم ژینگەدا کەوتووەتە ژێر گێژاوێکی دەروونی سـەخت و برینێکـی کۆمەڵایەتی پڕ سـوێیە. فشـاری ئەم هەموو دیاردەیەی سـەر ڕەگەزی مێ، هەلومەرجێکی وای خوڵقاندوە، کە هەورێکی ڕەش جۆرێک ئاسـمانی تێڕوانیـان بگرێت، گۆڕانکاری لەخودیاندا، کات و مامەڵەی هێمن و لەسـەرخۆی بووێت. هەموو کەس ناگاتە سـنوری ئـەو بوێرییەی کەمێک لە ناخـدا بکرێتەوە، متمانـە بە خود بێتەوە مەداری بوون. بێگومان بەهێزکردنی بالای

نەمامی متمانەش بە لایەک ناکرێ و کۆی هەوڵ و زەمینە ڕەخسانی کرانەوەی بیری، لە هەردوو لاوە دەوێت. متمانە دروستکردن بە کەسێک ڕەفتارو کرداری بەرامبەریشی پێویستە، تا چ ئەندازەیەک، هاوکارە، هەنگاوی لەسەرخۆ بۆ ئەستوری پەردەی متمانەکە دەنێت. لەخۆوە نا لە هەلاوێردی تێکەڵەی بەردەوامی نواندن و نیگاکردن لەگەڵیدا، هێدی هێدی خۆشمویست، ڕۆژ بەڕۆژ تێکەڵ بە بینینی جوانییەکانی دەبووم، تا دەهات جوانتر دەهاتە پێش چاو، ڕۆژانە لە گەڵیداو بەئاشنابوونی ڕازە شاراوەکانی زیاتر خۆشمدەویست، جیهانێکی بەرینی متمانەو تێکەڵبوون بەیەکمان دروستکرد، تا هێدی هێدی گەیشتمە پلەی فەنابوونی خۆشەویستی لە ناو جوانییەکانیدا توامەوە. ئەو متمانەیە وا بە ئاسانی نەهاتە بوون، مایەی شانازی پێوەکردن بوو لەم سەردەمی کەمبوونی متمانەیەدا، ئەو پەیوەندییە پتەوە دروستبوو، زۆر ڕاستگۆو دڵکراوانە هاتە مەیدانی درکاندنی ڕازە حەشاردراوەکانی ناخییەوە، بووە هەوێنی هەڵهێنجان و تەقینی کانیاوی سۆزێکی بێشومار، مرۆڤ کە متمانەی دروست کرد دەبێتە جوانترین بوونەوەری دنیا لەدڵی یەکتردا، متمانە دروستکردن لە بواری خۆشەویستیشدا بەهای تایبەتی دەداتە پەیوەندییەکە و دەروازەی ڕازە شاراوەکانی هەردوولا زیاتر دەخاتە سەر پشت بۆ یەکتر، ئەم متمانەو هەڵڕشتنی سۆزە لە خۆوە نایەتە بوون. دوای سەرزەنشتێکی زۆری ئەوو ملنەدان بۆ داواکارییەکەم، کۆڵنەدانی بەردەوامی من، بەڵێنی خۆشەویستی دا پێم. هەرچەندە لەسەرەتاوە بەگینگڵدان و لێکدانەوەی دەروونی زۆرو دوودڵی پەیمانی داپێم، وتی: با ئەزموونکردنی بەڵێنەکە دوو ڕۆژ بێت، تا زیاتر لەیەک ئاشنابین و گوێ بۆ ڕازەکانی یەکتر شل بکەین، لایەنە باش و خراپەکانی پەیوەندییەکە هەڵسەنگێنین. کەچی کات هێندە بەسەر بەڵێنەکەیدا گوزەری نەکرد، دڵمی ڕەنجان، چەخماخەیەکی پەشیمانی پریشکی دا، تاک لایەنانە

لەبازنــەی تەنــراوی خۆشەویســتی دەریکــرم و پەشــیمانی لای ئەوەوە هاتە ئاراوە، کاتێک لێم پرسی بۆ؟ وەڵامی ملکەچکردن بوو بۆ نەریت و بارودۆخی تایبەتی ژیانی و قەتیسبوون لە ژینگەیەکی داخــراودا، ڕەچاوکردنی ئایین و تــرس لەلێکەوتەکانی بەردەوامی پەیوندیبوون لەم کۆمەڵگەدا. لێی تێگەیشــتم، مەســەلەکە هەڵبەزو دابــەزە دەروونییەکــەی بوو، کە هیــچ ئەزموونێکی لە پێشــینەی نەبــوو، زۆرتر ســزای ویژدانــی خودی بوو. کەخۆی خســتبووە خانــەی تاوانبارییەوە، تا ڕادەیەکی کەم مافم پێدا، چونکە دەمزانی هێشــتا ئەو پــردی نەریــت و خۆدۆزینــەوەی خــودەی نەبڕیوە، کــە قۆناغێکە دەبێــت هەریەکێ لە ئێمە لــەم کۆمەڵگەیەدا ببیبڕێت. نەریت ڕۆژانە بەردەوام فشــارت لەسەر دروست دەکات، لەناخدا هەست دەکەیت تاوانێکی گەورەت ئەنجامداوە، بەڵام لە ناوەرۆکدا جگــە لــە پاکیزەی هیچــی تری لــێ ناخوێنرێتــەوە. ڕەنگدانەوەی ئــەم بەرپەرچدانــەوە چاوەڕوان نەکــراوەی ئــەو، کاری تێکردم، ماوەیەکی زۆرە توشــی تێڕامان بووم، بەتەریکی بیرم دەکردەوە، هەســتم برینداربــوو، تاڕادەیەکــی کــەم دڵــم لێــی ڕەنجــا، بەڵام نەگەیشــتمە بڕیاری کۆڵنــەدان و دوورکەوتنەوەی یەکجاری لێی، چونکە لە دوورەوە فشــارەکانی ناوخۆی ئەوم دەبینی، تێگەیشتم قوربانییەکــی کــەم دەســەڵاتەو کەوتووەتە ژێر ســێبەری ڕێســا کێشــراوە تەلبەندەکانی کۆمەڵگەو خێزان لەم ڕۆژهەڵاتی ناوینەدا، لەپەروەردەی ئەزموونداا، کە زۆرجار هێڵی ســور دروست دەکەن بەسەر باش و خراپدا. بارودۆخێ دێتە مەیدان خۆشەویستیکردن لادانــە لە بەها مرۆڤایەتییەکان و وەک تاوانێ گەورە دەناســرێت. چونکــە کەســانێ هــەن لەژێــر چەتــری خۆشەویســتیدا هەلەکە دەقۆزنەوەو کاری نەشــیاو بەرامبەر خۆشەویستەکانیان دەکەن، ڕوحیــان ئــازار دەدەن، بوونەتــە نمونــەی کەســانی نەشــیاو و ناشیرینی جیهانی پیرۆزی خۆشەویستی، لە کاتێکدا خۆشەویستی

خاڵییە لەو ڕەفتارو ئەو سـنورەی ئەو خۆشەویسـتانە بەوجۆرە یـاری بە هەسـتی یەکتری دەکەن، کە ئەم دیـاردە بەردەوام بوو ناچـار لایەکیان ئاماژە بە پاشـگەزبوونەوە لـە پەیوەندی دەدات. ئـەم دڵـەی مـن هــەر گیـرۆدەی خۆشەویسـتی ئەو بـوو، هەر خۆشمدەویسـت، سـۆزم تا دەهات بێ سـنور دەبوو بەرامبەری، هەمیشــە ڕێزو وەفام بەرامبەری نواندوە، نهێنییەکانیم پاراستوە، لەگەڵیاندا ژیاوم، تێکەڵی ڕازەکانی، ناسـۆرو خۆشـییەکانی بووم، یادگارییەکانــی لەگــەڵ خۆم دەبــەم بۆ ژێرِ گڵ، هــەروەک دەڵێن بەهای خۆشەویسـتی لەنهێنی و ڕێزو پاراسـتنی ساتە خۆشی و ناخۆشـییەکاندایە وەک خۆی. لەگەڵ ئەو هەموو تەقینی سـۆزەی بەرامبــەر کابرا هەمبـوو نەمدەزانی سـەرچاوەی کوێ بوو؟ ئەو جاروبـار بەردەوام بوو لەدڵڕەقـی، دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر بۆم ڕوون بوەوە مەسەلەکە زۆرتر دەگەڕایەوە بۆ تێنەگەیشتن لە کرۆکی بابەتەکانی نێوانمـان، مەودای دنیای بیرکردنەوەمان دوو ئاراسـتەی جیاوازی وەردەگرت، هەر ئاراستەیەک بۆ گۆشەیەکی جیا لەوی تر دەیڕوانی، کەمتر ئاسـتی تەبایی وەردەگرت، زۆرتر یەکتربـڕِ بـوون لەزۆر پنتکدا. کێشــەش ئەوە بـوو کەمتر بواری قسـەکردنی دەدا، کەمــی تێکەڵنەبوون و پێکەوەبـوون، ڕێگر بوو لــە خوێندنەوەی قووڵی یەکتر، مرۆڤیش تەنها بە ڕەخسـانی کات و دوانـدن دەتوانێ ڕازە نهێنییەکانی دەرببڕێت، لێکتێگەیشـتن بۆ هــەردوولا بێتــە ئاراوە، ڕێکەوتن لەســەر کۆی خاڵــە ناکۆکەکان بکرێـت، تا هەردوولا بە خۆشـحاڵییەوە درێژە بە خۆشەویسـتی بـدەن. دەخەڵکینـە پێمبڵێـن ئەم کانی سـۆزە وشـکنەبووەی ئەم خۆشەویسـتییە پاکـە لە کوێـوە هەڵقووڵا؟ ئەم هەمـوو خەیاڵ و ئەندێشــە نەبڕاوە لەگەڵ ئەو کابرا بێباکە لەکوێوە سـەردەردێنێ؟ سەرچاوەی کانی سۆزەکە جۆرێک تەقیوە بە ئاسانی وشک ناکات، نـاخ دەهەژێنێ! ئایـا نهێنییەکە جوانییەکانی کابرایە؟ یا پەرۆشـی

و حەسـرەتی دڵـی من! ئـەم نەریتی دروسـتکەری کۆمەڵگە بۆوا بێبەزەییە، دڵەکان لەیەک دەکات، لەترسی ناوو ناتۆرەی نەشیاوو دوور لە ڕاستی، دڵی مرۆڤەکان دەبنە بەرد، مرۆڤایەتی چەند بێباک و بێبەزەییە، سـۆزێک جگە لەڕێز، متمانە، ڕاستگۆیی، هیچ کات بە لاڕێی خراپدا نەشـکێتەوە، متمانەی تەواوی تێدا بێت، بوونی ترس لە کوێوە سەردەردێنێ؟ لەچییەوە دروست دەبێت؟ دەمەوێت بڵێم: سـەڕەرای هەموو ڕێگرەکان کە نەمدەتوانی بە دیداری شـاد بم، بەتەواوی بوونمەوەخۆشم دەویست.

*بیرۆکەی داڕشتنی ئەم نوسینە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، بەشـێوەیەکی سـادەتر نوسـرابوو، جارێتر پێداچوومەوەو دامڕشتووەتەوە. ناوەرۆکەکـە ڕوونـە، پێویسـتییەکی قۆناخی گەنجایەتـی و تێڕامان لە ژیان بووە بۆ خۆشەویستێ لەسەردەمی خۆیدا.

## (٢١)

# چەکەرەکردنی هەستی خۆشەویستی

هەســتبزواندن و خۆشەویســتی، دوو دووانــەی بەدوای یەکدا هاتوون، پاشــان ئامێز بۆ یەک دەکەنەوەو لەسەر بڕینی ڕێگایەک هەنگاو دەنێن، لەنێوان دوو کەســدا دروســتدەبن، سەرەتا هەست دەجوڵــێ و دەیــەوێ هەڵوێســت دەرببڕێــت بــۆ بەرامبەرەکەی، هەستدەربڕین دەســتپێکردنی هەنگاوی کەوتنە نێو داوی دواندنی کەســی بەرامبــەرو خۆشەویســتییە، کاتێــک کەســەکان، وەک دووڕەگەزی سەرســامکەرو ســۆزدار بۆ یەکتر هەستدەربڕینیان درێژەی دەبێت تا دواندنی یەکترو بەیەکگەیشــتن و دروستکردنی تەونی خۆشەویســتی. هەست زۆرتر خورپەیەکی ناوەوەی مرۆڤە لەیەم نیگادا دەبزوێت بەرامبەر ئەو کەســەی پێی سەرسام دەبیت و هەســتت بۆی دەجوڵێت، سەرســامبوونییش دوای یەکەم بینین مرۆڤ دەخروشــێنێ تا سنوری هەستدەربڕین و ناردنی پەیامێک بــۆ بەرامبەر، هەســتجوڵانی دوای سەرســامبوون هێــدی هێدی بەپێــی کات ڕێژەکەی زیــاد دەکات بەکاردانــەوەو وەڵامدانەوەی هەمان هەســت لەبەرامبەرەوە، پــێ دەنێتە قۆناغێ ترەوە، جڵەوی زیاتر بەرەو پێشــەوە دەکێشێت، تا هەستەکان ئاڵوگۆر دەکرێن و

دەکەونە دیوی بینیی جوانییەکانی یەکترو زیاتر ئاشنابوون بەیەک لەڕوخسارو ناخدا. بینین و درکپێکردنی نواندنی جوانییەکانیش لەئاکارو ڕەوشتی هەڵسوکەوتی ڕوخسارو ناوەرۆکدا دەردەکەوێت، بەڵام کە هەستدەربڕین گەیشتە سنوری خۆشەویستی بە دەگمەن ناشیرینی بەرامبەر هەست پێدەکرێ و هەموو جوڵانەوەیەکی بەرامبەر بەجوانی دەبینرێت! کورد وتەنی: چاوی عاشق کوێرە، ئەمە بەگشتی لای ئەو مرۆڤانەی کە قۆناغی جوڵاندنی هەستیان بۆ بەرامبەریان بڕیوەو لەقۆناغی هەڵڕشتنی سۆزی ڕوحیدان بۆ کەسە هەڵبژێردراوەکەی دڵ و دەروونیان. هەموو مرۆڤێکیش سۆز دروستکەر نییە، تاخۆشەویستی کاریگەری قووڵ لەسەرناخی مرۆڤ دانەنێت، سۆز نایەتە تەقین، ئەو مرۆڤانەی بەهەستی قووڵ و کارلێکەکانی جوانی ڕوخسارو ناخ، گیرۆدەی داوی خۆشەویستی بوون کانی سۆزیان خۆڕسکانە دەتەقێت، ئەوانەشی پێچەوانەی ئەم ڕاستییەن، ساکارانە لە دیاردەکە دەڕوانن، بۆ بەژەوەندی کاتی پەیوەندییەکەیان بەستوە، کارێزو کانیاوی سۆزی ڕووحیان بەسانایی ناتەقێت. ئەو مرۆڤانەی کانی سۆزیان بەچڕی تەقیوە، جوانییەکانی کەسی بەرامبەر بەتەواوی کاریگەری لەسەر ناخیان کردوە، دەیانهەژێنێت بۆ بەردەوامی سۆزی ڕووحی زیاتر، هەستی تاکلایەنە بێکاردانەوەی هەستی لایەنی بەرامبەر کەمتر ڕەگی خۆشەویستی قووڵ دەچێنێ و نەمامی تازەڕوواوی لێ سەوز نابێت، تەنها خرۆشانی هەستی لایەکەو هیچیتر، کە کەسی بەرامبەری هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، هەستەکە زۆرتر دەبێتە ڕاگوزەری دەربڕینی ماوەی ئاوڕدانەوەیەکی ناخهەژێنی بێئەنجام. هەستی ناخی کەسە سەرسامبووەکە بەمرۆڤێکی تر ئەگەر تاک لایەنە بوو لەبەرامبەرەوە وەڵامێ نەهاتەوە، درێژە ناکێشێت، لەنەبوونی هەمان وەڵامی هەستی بەرامبەردا سەر دەنێتەوە. ئەگەر بەرامبەر بەرەی هەستی ڕاخست و داری سۆزی چەکەرەی کرد، جوڵانی

هەستی لە ڕێگەی نیگاکردنەوە نارد، هەستەکان تێکەڵ دەبن و هەستی هاوبەش پێکدێنن، گۆڕینەوەو لێکئاڵانی دوو جۆر هەستی خرۆشاو و تێکەڵبوونیان بەیەک دەبێتە بنیاتنەری گەشەی داری سۆزی خۆشەویستی. جیهانی خۆشەویستیش لەسەر کۆڵەکەی هەست و سۆزی دوو لایەنەو ڕێزو متمانە دروست دەبێت، بناغەیەکی پتەو دادەڕێژێت، بناغەی پتەویش مایەی باڵاکردنی باڵەخانەیەکی تۆکمەی خۆشەویستییە، ڕەگەکەی نوغرۆ دەبێت لەناخی هەردوولادا. خۆشەویستیش کەبن تەمەڵەکەی پتەوبوو بە ئاسانی لەناو ناچێت، مەگەر خواستی هەردوولایەنی دروستکەری خۆشەویستییەکەی لەسەر بێت. سۆزی ڕوحی بە ئاسانی سەر دەرناهێنێتەدەرو ڕوو ناکاتە بەرامبەر ئەگەر پێشتر هەستی کەسی بەرامبەر نەجووڵابێت، چاوەڕوانکەریش هەستی بە وروژاندنی پەیامی بەرامبەر نەکردبێت، هەست خرۆشانیش کە سۆزی ڕوحی لێ پەیدا دەبێت، سەرسامی جوانی ڕوخسارو ناخی بەرامبەر دروستی دەکات لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتدا، لە یەکەم ساتەکانی بینینەوە. جوانیش هەر جوانی ڕوخسار ناگرێتەوە، بەڵکو جوانی لە ڕوخسار، ناوەرۆک، هەڵسوکەوتی ڕۆژانە، مامەڵەو ڕەفتار، لەبازنەی جوانی کەسێتیدا دەگرێتەخۆ، کەواتە خۆشەویستی لە بەرئەنجامی خرۆشانی دوو هەستی هاوبەشی دوو ڕەگەز بۆ یەکتر دێتە ئاراوە، تەنیا هەستی تاکێک بێ وەڵامی بەرامبەر خۆشەویستی ناهێنێتە بەرهەم. خۆشەویستی نێوان دوو مرۆڤی بیرکراوە، کە تێڕوانینەکانیان بۆ ژیان وەک یەکبن، ڕێزو نهێنی و خرۆشان و بگرەو بەردەی زۆر هەڵدەهێنجێنێت، ئەزموون و بەهایەکی تایبەتی دەداتە ژیان، دنیایەکی تایبەتی جوانی دەنەخشێنێت، هەموو ئەمانەش لەدەربڕینی هەستێکی سادەی سەرەتاییەوە دێتە گۆڕێ، ئەو خەرمانە گەورەیەی خۆشەویستی لێ دروست دەبێت. لەخۆشەویستی قووڵی ڕوحیدا، دوای ئاشنابوون و تێکەڵبوون و

لێکتێگەیشــتن، پەیوەندییەکە دەگاتە خاڵێک، جوانی ڕۆڵی نامێنێت، هەمــوو جوڵەیــەک ناخ دەهەژێنێــت، هەموو بەژن و ڕوخســاری خۆشەویســتان لای یەکتــر، ڕۆژ بــەڕۆژ جوانتر دێتــە پێش چاو، ناشــیرینی لەئارادا نامێنێــت، تۆمارەکانی ســاتی بەیەکەوەبوون، هەموو لە تێکەڵبوون و خۆشیدا دەتوێنەوە، کار بەجوانی ڕوخسار ناکرێــت، ڕۆڵــی ئەوتۆی نامێنێــت وەک ئەو ڕۆڵەی لەســەرەتاوە گێڕاویەتی، ئەوە بێئاگاکانی دنیای خۆشەویســتین، بۆ خرۆشــان و خاڵیبوونــەوە، خۆشەویســتی ڕووکــەش، نیگاکــردن بۆ جوانی ڕوخســار لایان بایەخی هەیــە، دوای تێکەڵبوون و لێکتێگەیشــتن لەیەکتــری پەیوەندییەکــە لاواز دەبێــت، دیــاردەی سەرســامی بەڕوخســار ڕاگوزەرێکی کاتییــەو زۆرتر لەســەرەتای بزواندنی هەســتدا دەردەکەوێت، کاتێک دواندن و لێکنزیکبوونەوە نەهاتۆتە ئاراوە، کە پەیوەندییەکە بووە خۆشەویســتی ڕوحی، جوانییەکانی نــاوەرۆک و مــۆراڵ ڕۆڵ دەبینێت، عەودالانی جوانی ڕوخســار، ئەگــەر ڕۆنەچن بۆبینینــی جوانییەکانی ناوەرۆک، خۆشەویســتی ڕاستەقینەی بەرئەنجامی هەست و سۆزی هاوبەش دروست نابێت. دوای تێکەڵبوونیش سۆزە تەقیوەکەی تاکلایەنەی خۆشەویستیش بەڕێــڕەوی تــردا دەبەن، تــا هەنگاونان بۆ خۆشەویســتی ڕوحی دەگاتە بنبەســت و ســەرهەڵناداتەوەو پەیوەندییەکە کۆتایی دێت. ئەگــەر کەســێک ســۆزێ رووحی بێگــەردو پاک بۆ کەســێکی تر هەڵڕێژێت، کەســێ بەرامبەر ســۆزەکە وەرنەگرێت، هەمان ســۆز لەوەوە نەیەتەوە بۆ کەسی سۆزنێرەر، دۆخەکە نابێتە هۆی دانانی بــەردی بناغەی خۆشەویســتییەکی پتەوو پــاک، بەڵکو ئاڵۆزییەک ڕوودەدات، دەشــێ نییەتخراپییەک لە یەکێکیانەوە هەبێت. کەسانی ناخجوان و دڵسۆزانی پەیوەندی تا متمانە وەدەسنەهێنن کەمتر بە ئاوڕدانەوەیەکی تاکلایەنەی هەســت خۆشەویستی ڕوحی دەکەن، چونکــە زۆر لەخانمان ناخیــان بریندار کــراوەو متمانە بە پیاوی

سەردەم ناکەن، پێچەوانەکەشی بە ڕێژەیەکی کەمتر لە کۆمەڵگەی کـوردەواری داڕاسـتە، هیواو ئاواتـە گەڵاڵەبووەکانـی ناو دنیای خۆشەویسـتی بە ئاوڕدانەوەی سـەرپێییانە، بێ بوونی متمانە لە ئاییندەی پەیوەندییەکەدا نابیننەوە. مرۆڤ کە سۆزی ڕاستەقینەی بەرامبەر ڕەگەزێکی تر لا دروست بوو دەبێت بۆی هەڵڕێژێت، دوای هەڵڕشتنی سۆزیش هەڵوێستی بەرامبەر بزانێت تا ناخی بەسوێی ئـازاری خۆشەویسـتی تاکلایەنە نەسـوتێت، شـۆخێک ئاوێتەی ژیانێکی تەلبەندکراوی ناو نەریتە سەپێنراوەکان بێت، لە خانەیەکی سنورکێشـراوی تەسـکی ئازادی دەورووبەردا گـەورە بووبێت، تا تـەواو نەکرێتەوە بـەڕووی دەورووبەردا، چـاوی ئازادییەکی مەودا دوور نەبینێت، هەسـت بەبەهای خۆشـی و ئاسـودەیی بۆ ئاییـندە نەکات، هەڵەیە بکەوێتە داوی خۆشەویسـتی ڕووحییەوە، متمانـە بداتە هەموو کەسـێک، چونکە هەمیشـە لەخودی خۆی و دەورووبەر دەترسێت، ڕادەچڵەکێ، پەی بەدۆخە قەتیسکراوەکەی ناخی دەبات، چواردەورو بارودۆخیش فشـاری لەسەر دادەنێن و بواری کرانەوەی بە ڕووی خۆشەویسـتیدا نادەن. پیاویش ئەگەر سـۆزی ڕووحی بۆ ڕەگەزی بەرامبـەر بنێرێ، ڕەگەزی بەرامبەر وەریشی نەگرێت، دەبێت بەلایەوە ئاسایی بێت، کە هەستی ڕوحی ناجوڵێت، چونکە فشـارەکانی سـەر ڕەگەزێ مێ لەم کۆمەڵگەیەدا لەمپەری زۆر گەورەن بە ئاسانی بوار بە کرانەوەی نادەن. دەبێت خانمانیش ڕێز لەشـنەی گەرمی هەڵڕشـتنی سـۆزی ڕاسـتەقینە بگرن، سـۆزێک لەدەروونێکی پاکـەوە تەقیبێت، بەها دەداتە ژیان. هەمیشە هەستبزواندن و سۆزڕشـتن، شوێن خەرمانی ئەزموون بۆ وەدەسـتهێنانی ژیانێکـی ئارامی خەرمانی خۆشەویسـتییەکی ڕاستەقینە دادەنێت.

# (٢٢)

## لە پەراوێزی ئەتککردنی کچە شۆخێکدا*

هەرچەندە نیگات بۆ دەکەم، لێت ورد دەبمەوەو پەرۆشانە بۆت دەڕوانم، دەکەویتە ژێر چەتری یەکالابوونەوەی نیگاکردن و بازنەی لێکدانەوەی ئەندێشـــەو خەیالاتم، لەخانەی ئەو تاکوتەرا مرۆڤانەدا دەتبینم کەبەرێکەوت بێت یان هەر ڕێگەیەکی تر، سەرنج ڕاکێشانە دێیتەپێش چاوم، لە یەکەم ڕوانینم بۆ ڕوخساری ئەتککراوتدا، پێت سەرسامبووم، بۆخۆت کێشتکردم، دیمەنی ناسۆری کارەساتەکەت خستمیە نێو گێژاوێکی پڕ خەیالاتەوەو ناخت هەژاندم، هەمو وبوونم لە ڕووانین بۆ دیمەنە سەرسـوڕهێنەرەکەتدا کۆکردەوە، دامەبەر نەشـتەری یەکالاکردنەوەی جیهانی ئەندێشــە، جگە لەڕوخساری ناخهەژێنت، سەلماندت، کچێکی بێدەسەلاتی قوربانی ناو کۆمەڵگەی، ژیری، بەئاگایی، خاوەن جوانییەکی دەگمەنی پێکهاتنی سروشـتی مرۆڤانەی بەمانا فراوانییەکەی جوانی، نەک مانا تەسـکبینییەکەی ڕووانین بۆ ڕوخسار، کە زۆرێک تەنها لەدوورەوە دەکەونە داویەوە. کـە نیگات بـۆ دەکەم و زیاتر لێتڕادەمێنـم، ڕۆدەچمە نێو دەریای قووڵی خەمەکانتەوە، هێندە حەزم لە خولیای مەلەکردنی ناو گۆمی قووڵی جوانییەکانتە، حەزدەکەم نوغرۆبم لە سەرنجدان بۆ ئازارو

جوانییەکانت و جاریکیتر سـەر دەرنەهێنمـەوە دەر، کە بەردەوام دەبم لەنیگاکردن، هەرگیز لەمەسـتبوونی دیمەنی سەرنجڕاکێش و هەسـتبزوێنەکانت تێرنابم، دەمهەژێنن، ناخم دەسوتێنن، بەردەوام دەبم لە مەلەکردنی گۆمێکـی بێپەی قووڵی بیرکردنەوەو تێڕامان، لـە نیگاکردن بـۆ دیمەنـە کەساسـییەکەت، خۆزگەو هیوا سـەر دەردێنـن، هیوای وەک یەکی مافەکانی بوارەکانی ژیان بۆ ژنان و پیاوان، هەوڵدان بۆ دابینکردنی بەهای مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی بێ جیـاوازی ڕەگەزی. خوێندنەوەی پێوانەکردنی ڕادەی نایەکسـانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، کە ژیان دۆزەخی بۆ تۆو هاو وێنەکانت هێناوەتە گۆڕێ، لە هەمانکاتدا بەهەشتێ بەناو ئازادی ڕەهایش بۆ کوڕان، لەکاتێکدا هەردووکتان مرۆڤن، ئەو تێڕوانینە نایەکسـانییە، منـی کردوە بە مەلەوانـێ بەئاگای ناو دەریـای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، تۆش تاکێکی قوربانی بێدەسـەڵاتی ناو خێزان، کۆمەڵگەش ڕۆچـووی کەڵەکەبوونی قوربانی نەریت، لەو ڕوانگەوە بەشـێکی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان بە ئازادو بەشـەکەی تر بە چەوساوەی مافەکانیـان دەزانن، لە کاتێکدا تێکڕا قوربانی نەریتی دەسـتکردی ڕابردووی ڕۆژگاریـن. لەبارودۆخی بوونـی جیاوازیی ڕەگەزیدا کـەس ئازاد نییە، بەڵام بەشـێک هەسـت بەدیلی دەسـتی نەریتە خۆسـەپێنەکانی ڕۆژگار ناکەن، چەند بێویژدان و بێباکن ئەوانەی هەست بە ئازارەکانت ناکەن، لەبەهای مرۆڤایەتی تێناگەن، ئەوەی لەئەنجامـی وەڵامنەدانەوەیەک، جاڕسـیکردی، بریـنداری کردی، ئازاری ڕوحیدای، تۆمەتی جۆراوجۆری بێ بنەمای بۆ هەڵبەستی، نەخشـەی چوارچێوەیەکی ترسـناکی بەمەبەسـتی بۆ کێشای، تا لەژیانـدا بیت بە ئەتککراوەیی بمێنیتەوە، خۆی کەسـێکی کاڵفامە. کە سـەیری بکەری کارە دزێوەکەت دەکەم، هەردووکتان قوربانی دەسـتی کۆمەڵگەن، هەریەکەتان بەپێی ئەو نەخشەی وەک ڕەگەز بۆتان کێشراوە، یەکێ دیل و یەکێ ئازادیی دیلی دەروونی، بەدیوێکی

تــردا بکەری کارەکــەش قوربانــی نەریتە، نەریتێکی داســەپێنراو بەسەریدا بێ هەستپێکردنی خودی خۆی، هەردووکتان لەبازنەیەکی داخراوی ژیاندا گەشەتان کردوە، ئەوان نە لە تۆ تێدەگەن تا وەک مرۆڤ ڕەفتارت لەگەڵ بکەن، نە لەکۆیلەیی دەروونی خۆشــیان تا خۆیان ئازاد بکەن، بەدەســت نەخۆشییەکانی کومەڵگاوە دەناڵێنن، هەر ئەنجامی هەســتنەکردن بە بەرپرسیارێتیە لەکومەڵگادا هێندە دژی نواندنــی ڕەفتاری مرۆڤانە دەوەســتنەوە، لەپێکهاتەی بووندا بێویژدانن، بەدەســت نەبوونی ویژدانەوە دەناڵێین، لە بۆشاییەکی بەتاڵی ڕێڕەوی ژیاندا دەخولێنەوە، هەست بە بەها مرۆڤایەتییەکان ناکەن، مرۆڤ بەبەکارهێنانی ڕایەڵەکانی ویژدانەوە جوانە، ویژدان پاڵافتەی ڕوونبوونەوەی ڕاســتی و بوختانەکانە، هەریەکە بۆ جێی شــیاوی خۆی، هەر ویژدانــە دەبێتە ڕێگر لــە بڕینی ڕێی چەوتی بوختانــەکان و پەڕینەوە بەســەر پردی ڕاســتییەکاندا بۆ مەداری سەنگینی خۆیان. پەردەی ویژدان گەر بوونی لەمرۆڤەکاندا هەبێت پێویســتە ئەســتور بکرێت تا تیــرە بێبنەماکان نەتوانن بیســمن و بچنــە خانەکانــی ئەودیوی ویژدان، ئەم ئەســتووربوونی پەردەی ویژدانــە، بەهەموو مرۆڤێــک ناکرێت، یان پــەردەی ویژدان هەیە ئەستووربوون بەخۆیەوە نابینێت، ئەستووربوونی پەردەی ویژدان ئیرادە، خۆڕاگری، کرانەوەی بیری لەئاست ڕوناکبیری و تێگەیشتن لەڕاســتییەکان گەرەکــە، تــاوەک ڕاکاڵێکــی ڕێگر بۆشــایی نێوان فشــارەکان بۆ چاکەو خراپە لەیەک جیابکاتەوەو مرۆڤ لەخانەی دوورکەوتنــەوە لەکەتــن و تاوانــەوە بخاتە نێو بازنــەی نواندنی ئەنجامدانی چاکەوە. بەردەوامبوونی ڕایەڵەی ئەســتوری پەردەی ویژدان، دەبێتە ڕێگرو لەمپەرێکی هەمیشــەیی و ناهێڵێت پێکهاتەی بوونی خراپە لەمرۆڤدا فشار بۆ ئەنجامدانی نواندنی کاری نەشیاو بهێنێت، هەمیشە هاوکێشەکە بەلای دیوی چاکەدا لارەسەنگ دەبێت. لەگەڵ بەردەوامبوونی جاربەجاری نیگاکردندا زیاتر ڕۆدەچمە ناو

دەریای بێپەی ئازارەکانت، بەوردی دەیانخوێنمەوە، لێیان تێدەگەم، دەتبینم کە لەبازنەیەکی تەنراوی کۆمەڵگەدا گیرت خواردوە، لەگەڵ ئازارەکانتدا دەژیم، ئەوانیش دەمدوێنن، شتە نهێنییەکانم پێدەڵێن! پێکەوە هاوکاری درێژەپێدانی ژیانی پڕ چەرمەسەریت دەکەین، هەردوولامان لەهەواری جیهانێکی تایبەتی قەتیسبوونی مرۆڤایەتیدا گیر دەخۆین، هەرچەندە لەگەڵ ئازارەکانتدا دەژیم بەڵام تا ئێستاش کرۆکی پراکتیکی کێشە تایبەتەکەت نازانم چییە؟

بەس ورد تێگەیشتووم کێشەکەت گیرۆدەی کێشە گشتییە کۆمەڵایەتییەکانی دروستکەری سەردەمێکی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەن. هیچت پێ ڕەوانابینن لەو مافانەی سروشت وەک ڕەگەز بۆی دیاری کردوی، بازنەی کێشراوی ڕوخساری کێشەکان وەک یەکە، هەموویان لەبازنەی ڕەوا نەبینینی مافەکانتاندا وەک ڕەگەزی مێ دەخولێتەوە، جۆری کێشە تایبەتەکان ڕۆڵی نییە لە ناو هێڵی کێشراوی کێشە گشتییەکاندا، بەردەوامی تێڕوانین لەدوورەوە چوارچێوەی کۆی کێشەکانتی تەواو بۆ والاکردوم تا لەگەڵییاندا بژیم، تا بۆت دەڕوانم زیاتر تێیاندا قاڵدەبم، دەمەوێ پێت بڵێم: ئەو سۆزڕشتنەی لەدەروونی منەوە لە دوورەوە بۆت دێت، ڕەنگە دۆخی ئازارەکانی تۆ سوک نەکات، بەڵام بۆ من بەشداریکردنە لە هاوبەشی سوێی ئازارە گشتییەکانت، تا دێت باڵای ئازارەکانت زیاتر بەرز دەبێتەوە، تا ڕۆژێک بۆ تەواوی کۆمەڵگە دەبێتە کێشەو دەگاتە لێواری تەقینەوە، تەقینەوەی بەگژداچوونەوەی کەڵەکەبوونی فشاری نەریتە داسەپێنراوەکانی کە بەسەر تۆو هەزارەهای وەک تۆدا هاتوون، بە ڕاییکردنی کات خەرمانی دروستبوونی نەریتەکان مەڵۆ مەڵۆ گەورە بوون، بەهەمان شێوەش لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەو کردنەوەی ژێرییە داخراوەکاندا هێدی هێدی بچووک دەبنەوە تا سنوری نەمان، تەقینەوەی لەباربردنی دۆخەکە شیکارێکی دوور لە ئیرادەی تاکی

مرۆڤێکی وەک منە، کارێکی هەرەوەزییە، بەڵام سەرەتای بڕینی هەر ڕێگەیەک لەهەنگاوی سەرەتاوە دەستپێدەکات. بەهەڵڕشتنی چەند پەیڤێک لەم دوورەوە سەبەتەی ئازارەکانی خۆم سوکتر دەکەم، تا بەرەنگاری شەپۆلی ئەو ئازارە ببمەوە کە لە بینیی دیمە نەناخ هەژێنەکانی تۆوە ڕووەو من شاڵاویان هێناوە، مرۆڤ هەمیشە بەدوای چارەسەری کێشەکاندا وێڵە، بۆ دەلاقەی دۆزینەوەی کەلێنێک دەگەڕێم تا لەم دوورەوە بۆتی بنێرم، لەسۆزڕشتن زیاتر هیچم لانییە، ببورە جارجار شنەی سۆزم بتگرێتەوە، تا تەقینەوە ڕوونەدات لەناخمدا، سۆزت بۆ هەڵدەڕێژم. دەرەنجامی بینینی دیمەنی کەساسی تۆی بەندی داوی دابونەریتی کۆمەڵگە، توشی هەڵوێستێ سەخت بووم و ناتوانم بە ئاسانی قوتاری نیگاکردن لە دیمەنە ئازارهێنەکەت بم، لوتفێ بنوێنە، نیگایەکی بەرپەرچدانەوەم تێبگرە، تا لەم دوورەوە شنەی سۆزی زیاترت بۆ هەڵڕێژم، زیاتر ئاشنابم بە ناسۆرییەکانت، هەرچەندە دڵنیام لە ئازاری خەمەکانت کەم نابێتەوە، بەڵام بۆ منی ڕێبواری سەر پێیی تۆ دیدە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسوودە هێنە، تا من و ئەوانەی لە ئازاری تۆو هاوچەشنەکانت تێدەگەین، قۆڵی لێ هەڵماڵین کار لەسەر ڕەوینەوەی تەمی ئازارەکانتان بکەین، لە ئاییندەدا هێدی هێدی ڕووی ئازارەکانتان وەرگێڕین بۆ نشێوی وشکبوون، هەرچەندە کارێکی قورسەو بەڕێکردنی ڕۆژگاری دەوێت، بەڵام بڕیای هەموو ڕێگا دوورەکان لە هەنگاونانی یەکەمەوە دەست پێدەکات، کە ناسۆرییەکانتان کەمبوونەوەو ڕوویانکردە بیابانی وشکبوون، تۆی دیل و هەزارەها کۆیلەی تەوقی کێشە کومەڵایەتییەکانی وەک تۆ ڕزگاریان دەبێت، هەناسەی ئازادی هەڵدەکێشن، ڕزگاربوونی ئێوەش ڕزگاربوونی نیوەی کومەڵ و ئازادبوونی نیوەکەی تریشە، ئازادبوونی هەردوولاش مایەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو لەگۆڕنانی نەریتی داونانە بۆ تان، بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگەش لەگۆڕنانی

یەکجـاری ئـەم تەوق و کۆتانەیەکە هەزارەهـای وەک تۆ، ڕۆژانە پێوەی دەبن، لەگەڵ وشـکبوونی دەریای ناسـۆرییەکانتاندا مانگە تابانەکانی ئاسودەیی سەردەردێنن، مانگەکان ئاسودەیی دەروونی دەبەخشـن بەگشـت تاکەکانی کۆمەڵگە، گەرچی تـازە درەنگە بۆ تۆ، تا زوو لەکۆڵی خەم و تاسـوقی سـاتە کەمخۆشییەکانی ژیان دەربازبیت، بەڵام هەر گۆڕانکارییەک بۆ کەمبوونەوەی خەمەکانی تۆو هاوئازارەکانت، ئاسـودەیی دەروونی بـە قوڵ لێهەڵماڵراوانی نەهێشتنی خەمەکانتان دەبەخشێت، کە چوونەتە ژێر بارو بوونەتە هەڵگری خەم و ناسـۆرەکانی هەمووان، لەو کڵاوڕۆژنەوە جارێک وەک ڕزگاربوونـی خود لە گرفتـێ دەروونی قووڵ، جارێک وەک کارکـردن بـۆ ڕزگاربوونی کۆمەڵـە گوڵێکی شـیاوی کۆمەڵگە، تاجارێکیتر بگەشێتەوە، بەرگێکی نوێ بکەنەوە بەبەرداو ئاسودەیی بۆ هەزارەها هەڵگری خەمی وەک منی تەماشاکەر فەراهەم بکات. دڵنیابە، ویژدانی کەسـە بیرکراوەکان ڕێگە نـادەن جوانییەکانتان بەم شـێوەیە لەشـێواندن بەردەوام بێت، بەردەوام لەگەڵ ڕەوتی ئاسـایی ڕۆژگاردا لە خەباتدان بۆ بنەبڕکردنی دیاردە دزێوەکان، ئەوانەشی کار لەسەرئەم بوارە ناکەن کەسانی بێئاگاو کەم ویژدانن، پەیوەسـتن بە نەریتـە کۆنەکانی کومەڵگـەوە، ناتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن، بە گشـتی حاڵەتی دەگمەنی دیاردەی نەشیاوی تۆی مێینـەو هەموو ڕەگـەزە بەشـخوراوەکانی هاوڕەگەزتان، بەهای تایبەتی خۆی هەیە، سـەرنجی ویژدان زینـدووەکان دەهەژێنێت، بـە ڕوح لاتانیـن تەنهـا نیـن، ئازارەکانتـان سـۆزی ڕوحییەکی بێوێنەی لا دروستکردوین، سەرچاوەی سۆزەکەش ڕەنگدانەوەی بەرهەمـی داگیرکردنـی کۆی مافەکانتانە، بەفشـارکردن لە خودو دیمەنی ناخهەژێنتان ئەو سـۆزەتان هەڵهێنجاوە، ئەوەی ئازارتان دەدات جوانییـە شـاراوەکانتان نابینێت، کەسـانی بـێ ئەزموونی ژیانن، من و هەزارەهای وەک من ڕاشـکاوانەو بێ لێڵبوون وەک

خۆی بێ دەســتکاری، ئــازارو جوانییەکانتــان دەبینین، دەبێ تۆو هاوئازارەکانت وەک بینەرێکی سەرسوڕهێنەری ناختان هەستمان پێ بکەن، هاوکارمان بن، تا پێکەوە نەخشەی ڕاستەڕێی ڕزگاربوون بگرینەبەر، مرۆڤ چییە گەر هەست و سۆزو ڕوحی لێ بگریتەوە، ئاژەڵێکی بێ هەست و بێ نەست و نانخۆرو ڕێگرەو هیچیتر.

*ئەم نوســینە لە بینینی ئەتککردنی کچە شــۆخێکەوە هاتووە، کاتێک ملی بۆ پەیوەندیەکی ســۆزداری لاوێک نــەداوە، لاوەکەی هاوتەمەنی بەتێزاب دەم و چاوی سوتاندوە و ئەتکی کردوە.

**(٢٣)**

## دەربارەی سیفەتی خۆڕسکی مرۆڤ

کورد، دەڵێت تەبیعەت دەرمانی نییە، مەبەست لە تەبیعەت لێرەدا چۆنێتی پێکهاتەی بوونی سروشتی و بایۆلۆژی ئاکارو ڕەوشتی تاکی کۆمەڵانی خەڵکە لەنواندنی سیفەتی باش و خراپدا، بەڵام ئیدیۆمەکە زۆرتر بۆ نواندنی ئاکارە خراپەکانی مرۆڤ هاتۆتە دەربڕین، کە تاک ناتوانێت دەستبەرداریان بێت، ئەم ئیدیۆم و پەندە لەخۆوە سەری دەرنەهێناوە، بەڵکو دوای ئەزموونێکی زۆری ساڵانی زۆری بەڕێکردنی ژیانی تاکی کوردو ڕەنگدانەوەی سیفەتەکانی لە هەڵسوکەوتدا هاتۆتە بوون، بەبینینی بوونی چەند سیفەتێکی وەڕسکەری نوساو بە کەسایەتییەکانەوە لە نواندنی ڕەفتاری ڕۆژانەدا، ئیدیۆمەکە ڕاستی پێکاوە، ئەو سیفەتانە، مرۆڤ ناتوانێ بەئاسانی فەرامۆشیان بکات و نەیان نوێنێ، هەمیشە کەسایەتییەکان بەبوونی ئەو سیفەتانەوە دەناسرێن، چ سیفەتی باشبن یان خراپ.

سیفەتە باشەکان کەسایەتییەکان جوان و خۆشەویست دەکەن لە ناو کۆمەڵگەدا، سیفەتە خراپەکانیش کەسایەتییەکان دەڕوشێنن و لەخەڵک دووریان دەخەنەوە، بەپێی زۆری شکانەوەی

کەسایەتی بەلای سیفەتە خراپەکان و کاریگەریی ڕۆڵی سیفەتەکە لە کەسایەتییەکاندا کە سیفەت تاسیفەت کاریگەری جیاوازە، نواندنی سیفەتەکانیش لەلایەن کەسەکانەوە ڕۆڵدەگێڕێت لە ئاستی بێزاربوون و ڕووشانی کەسایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا بەپێی جۆری ڕەفتار نواندن لەمامەڵەی ڕۆژانەدا، لەکاتێکدا لکانی زۆربەی سیفەتە باش و خراپەکانی مرۆڤ سروشتی پێکهاتەی بوونی کەسایەتییەکەیە، زۆرتر خۆڕسکەو پەیوەندی بە چۆنێتی پێکهاتەی کەسایەتییەکانەوە هەیە، بەڵام پەندەکە زۆرتر لە بینینی ئاکارە خراپەکانی مرۆڤەوە هاتووە کەڕانامالڕێت و بەکەسایەتییانەوە نوساوەو کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و پەیوەندیی کەسانی بەرامبەرەوە هەیە، هەربۆیە لەفۆرمەلەی لێکدانەوەی ئیدیۆمەکەدا وتراوە سیفەتە خراپەکان دەرمانیان نییە، وێناکراوە بە نەخۆشییەکی بێ دەرمان و بێ چارەسەر. لە ئەنجامی مامەڵەی زۆرو ئامۆژگاریکردنی کەسایەتییەکان، دەرکەوتووە سیفەتە خراپەکان بە ئاسانی لاناچن، چونکە پێکهاتەی کەسایەتی سروشتی مرۆڤ و ژینگە ڕەنگدانەوەی باش و خراپی ناخی مرۆڤ و بوونیەتی لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا، هەموو مرۆڤەکانیش چونییەک نین لەسیفەت و ئاکاری باش و خراپدا، ئەوانەی باشەکانیان بارتەقای خراپەکانیان نییە و سیفەتی باشیان زۆرە، سیفەتە باشەکانیان سیفەتی درەوشاوەی گەورەن، کەسایەتی لێوەشاوەی جوان دروست دەکەن لە نێو کۆمەڵگەدا. کاتێک بارەکە بەلای سیفەتە باشەکانیاندا قورسە، مرۆڤەکە زۆرتر لە بازنەی مرۆڤە جوانەکانی کۆمەڵگەدا دەخولێتەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، بۆ لارەسەنگبوونی مرۆڤ بەلای ڕەوشتی خراپدا، کاتێک مرۆڤ ڕەوشتی خراپ دەنوێنێ لەهەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەیدا خەڵکانی دەورووبەری لێ دووردەکەونەوە، باشترین هەڵبژاردەش بۆ تێوەنەگلانی زیاتری کەسانی ئاکارخراپی خاوەن هەڵگری سیفەتی

دوور له‌ ئیراده‌ی خۆیان، که‌مترین نزیکبوونه‌وه‌و بێده‌نگی نواندنه‌ به‌رامبه‌ریـــان له‌ئانوســـاتی تێکه‌ڵبوون و چونه‌ نێـــو بازنه‌ی ژیانی که‌ســـه‌که‌وه‌ له‌ بڕیارو هه‌ڵسوکه‌وتدا، تا که‌سه‌ دوورکه‌وتووه‌که‌ی ئه‌نجامی ســـیفه‌ته‌ ئه‌رێنییه‌که‌، ئاسوده‌یی ڕوحی و ده‌روونی دوور له‌ نه‌بوونی کێشـــه‌ مســـۆگه‌ر بکات بۆ خۆی له‌ ژینگه‌یه‌کی ئارامدا. که‌ســـی هه‌ڵگری ســـیفاته‌ نه‌رێنینه‌ خراپه‌که‌ش بـــه‌ خۆیدا بچێته‌وه‌، هه‌ڵوێســـت وه‌رگریَ له‌وه‌ی بۆ ده‌وروبه‌ری لێی دورده‌که‌ونه‌وه‌و تێکه‌ڵی نابن، تازووتر په‌شیمان بێته‌وه‌و بگه‌ڕێته‌وه‌ دۆخی ئاسایی خـــۆی و ئه‌زموون وه‌رگرێت بـــۆ دووباره‌نه‌بوونه‌وه‌ی دیارده‌که‌، چونکه‌ ئه‌وانه‌ی سروشـــتی پێکهاتنیان به‌ ئاسانی گۆڕانی به‌سه‌ردا نایـــه‌ت و تێکئـــاڵاوی ســـیفه‌تی خراپن، به‌نزیکبوونه‌وه‌ی که‌ســـانی ئاســـایی له‌که‌ســـایه‌تییه‌ خراپه‌کان و دنه‌دانیان کێشـــه‌ی گه‌وره‌تر ده‌نێنه‌وه‌، ڕه‌نگه‌ که‌ســـه‌ ئاســـاییه‌که‌ ڕۆڵی کاریگه‌ریش بگێڕیت له‌ زۆرترین نواندنی ســـیفه‌ته‌ خراپه‌که‌یدا، کاتێک زیاتر گوشارده‌کات بـــۆ به‌رپه‌رچدانـــه‌وه‌ی نواندنـــی ئاکارێکـــی خراپـــی که‌ســـه‌که‌ که‌ به‌رامبـــه‌ری کـــراوه‌، چونکه‌ زۆربه‌ی که‌ســـه‌کان که‌متـــر ئیراده‌ی دانبه‌خۆداگرتنیـــان تێدایه‌، دانبه‌خۆداگرتن له‌ توانای که‌ســـایه‌تیان بـــه‌ده‌ره‌و ناتوانن خۆیـــان ببوێرن له‌ نزیکبوونـــه‌وه‌ی به‌رامبه‌ر له‌ ئانوســـاتی نواندنی سیفه‌ته‌ خراپه‌کاندا. تا ئه‌وکاته‌ی خاوه‌ن ئاکاره‌ خراپه‌کان به‌فشـــارکردن له‌خودی خۆیان ده‌توانن گۆڕانکاری که‌م له‌چه‌ند سیفه‌تێکی خراپی بوونی که‌سایه‌تیاندا بکه‌ن، تا له‌که‌مترین کاتـــی توشـــبوون و به‌ریه‌ککه‌وتنی به‌رامبه‌ردا ســـیفه‌ته‌ خراپه‌کان بنوێنن، هه‌رچه‌نده‌ کارێکی قورســـه‌و ناتوانن به‌یه‌کجاری بنه‌بڕیان بکـــه‌ن. ئه‌و سیفه‌تانه‌شـــی کـــه‌ ناتوانرێت به‌تـــه‌واوی بنه‌بڕبکرێت، مرۆڤ ده‌توانیَ به‌فشـــارکردن له‌ خود که‌متریـــن کات بیان نوێنیَ لـــه‌ ژینگه‌ی ته‌ندروســـتدا کۆنترۆڵی خۆی بکات، که‌ســـانی خاوه‌ن ســـیفه‌تی خراپ ده‌توانن که‌شوهه‌وایه‌کی دانبه‌خۆداگرتن له‌خودی

خۆیاندا دروستبکەن لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی تەوژمی هۆکارێکی وروژاندن بۆ نواندنی کردارێکی خراپ، بە کۆنترۆڵی هەستەکانیان ڕۆڵی هەبێت لە ڕوونەدان یان کەمکردنەوەی سیفەتە خراپەکانی خۆیاندا، بێگومان گوێگرتن لە بەرامبەریش. بۆ فەرامۆشکردن یا کۆنترۆڵکردنی سیفەتە خراپەکان ڕۆڵی کاریگەری هەیە، ئەوکاتانەی بەرامبەر نەرمی دەنوێنێ گوێ بەڕەفتارنواندنەکە نادات وەک شتێکی ئاسایی وەری دەگرێت، کەسی ڕەفتارنواندنی خراپ تووشی شەرمەزاریی دەبێت هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی خۆی بکات، بنبڕکردنی نواندنی ئاکاری خراپ لە هەندێ کاتدا بە شێوەیەکی کاتی دەکرێ ڕووبدات، ئەگەر بنبڕکردنی هەمیشەیی لە بوونی کەسایەتییەکەشدا نەبێت. ڕەنگیشە مرۆڤ بتوانێ بەیەکجایش هەندی سیفەتی خراپی خۆی فەرامۆش بکات لەگەڵ هەڵچوونی تەمەندا، یا ئەنجامی ئەو کێشانەی ئەنجامی نواندنی سیفەتە خراپەکەی توشی دەبن و خەڵکی لێ دووردەخەنەوە، بەڵام هەموو سیفەتە خراپەکان بە یەکجاری بنەبڕ ناکرێن، چونکە ئەو سیفەتانەی لەگەڵ گەشەی بوونی پێکهاتەی کەسایەتییەکەوە دروست بوون. گرانە بە یەکجاری لە کەسایەتییەکە دابماڵرێن و تێکەڵ بەبوون و خوێنیان بووە، کاریگەری بۆماوەییش ڕۆڵی لە دروستبوونی بەشێکیاندا هەیە، گۆڕانکاری سیفەتی خراپ بۆ باشە ئیرادەی پۆڵاینی زۆری دەوێت. بەڵام ئیرادەی خودی خاوەن کەسایەتییەکە دەور دەبینێت، تا نواندنی سیفەتە بێزارکەرەکەی لە کەمترین ڕوودانادا بنوێنێت. وەک بوونی دەمارگیری و هەڵچوونی دەروونی کە سیفەتێکی خراپەو لەبوونی زۆرکەسدا هەیەو دەوترێ دیاردەیەکی بۆماوەییە، خێزانەکان بەشێکیان توندە تەبیعەتن و زوو هەڵدەچن، هەڵکشانی دەروونی سیفەتێکە زۆرتر لەکاتی بەدڵنەبوونی کردارێک، وتنێک، نواندنێکی بەرامبەر، چ زارەکی یان جەستەیی کەسایەتییە پێکهاتە توندەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، کاتێک بەرەو ڕوویان دەبێتەوە،

هەرچەندە دواتر هێوربوونەوەو تا پەشیمانیشـــی بەدوادێت، بەڵام گرنـــگ ئەوەیە کاتی دۆخـــی هەڵچوونەکە کۆنترۆڵـــی خۆی بکات. ئەگەر فشـــاری دەروونی بنەبڕیش نەکرێـــت بە یەکجاری، مرۆڤ دەتوانێـــت دانبەخۆیدا بگرێت و کەمترین کات تووشـــی هەڵچوونی دەروونی بێت بەئیرادەو فشـــارکردن لەخود. خۆشەویستیکردن لە تەمەنـــی گونجاوو ڕێگەدراوی دابونەریتـــدا یەکێکە لەو ڕێگایانەی مـــرۆڤ دەتوانێت ئاســـودەیی پـــێ بهێنێتە ئاراوە، کاتێک تووشـــی هەڵکشـــانی دەروونـــی دەبێـــت، بەڕێکـــەوت بێت یـــان بەرنامە بۆ داڕێژراو لە کاتی شـــەپۆلی هەڵچونیدا خۆشەویســـتەکەی دێتە ناو ڕووداوەکـــەوە ئاماژە بۆ دانبەخۆداگرتـــن دەکات، زۆربەی کار چ وەک شـــەرم بێت یان ڕێزو سۆزنواندن کەسی هەڵچوو دەتوانێت بە ئاماژەی خۆشەویســـتەکەی کۆنترۆڵی خۆی بکات و بگەڕێتەوە دۆخی ئاســـایی، چونکە خۆشەویســـتان کاریگەریان لەسەریەکتر هەیە، کاتێک ســـۆزگۆڕینەوەی نێوان هەردوولا گەیشتۆتە ترۆپک، مرۆڤ دەتوانی پەیوەســـت بێت بەڕێنمایی خۆشەویســـتەکەیەوە، کەپێشـــتر، وەک ســـیفەتێکی نەرێنی لە بینینی دوو بەدوودا باسی لێکراوە، ئاماژە بەسیفەتەکانی یەکتری دراوە، ڕێکەوتنیان لەبارەوە کـــراوە، کـــە یەکێک لـــە داواکارییەکانـــی بەرامبـــەر کەمبوونەوەی ڕادەی هەڵچوونی خۆشەویســـتەکەی بێت، لەســـاتی نواندندا وەک ســـیفەتێکی خراپ، کە مایەی هەڵکشانی دەروونی بێت لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتدا.

**(٢٤)**

# نیگای سەرسامبوونی نێوان ڕەگەزەکان

کاریگـەری سەرسـامبوون تـا ئاسـتی سەرنجڕاکێشـییەکی ناخهـەژان بـە کەسـێک، نیگاکردنێکی سـەرپێیانەو ڕووکەشـانە بەکەسـەکە نییـە، بینینی سـیماو بـەژن و باڵای تێکسـمڕاوی پڕ جوانـی نیـگا بۆکراوەکە، لەزایەڵـەی لێدانی زەنگـی یەکجاری لە نـاکاوی بینینی جوانییەکانی ڕوخسـاری کەسـە دڵگیرەکە بەلای نیگاکـەرەوە ناگاتە ئاسـتی تەقینی سـۆز، بەڵکو کەشـێکی لەبارە بۆ هەڵکردنی شـنەبای سۆزهەڵکردن، هەرچی ڕوودات لە یەکەم نیـگای بێدواندندا تەنها ڕۆچوونە بـۆ قووڵایی بازنەی ڕوانیین بۆ جوانییەکان، کە کار دەکاتە سـەر بیرو مێشـک، سەرسامبوونەکە بە تەنها جارێک ناگاتە کەناری هەژانی ڕوح، ڕەنگە یەکەم بینین و نوغرۆبوون لـە قووڵبوونەوەی نیگاو خوێندنەوەی جوانییەکان لە ڕوخساری شۆخێکدا، سەرەتای دەستپێکردنی لێدان و هەڵکۆڵینی بناغـە بێت بۆ تەقینی کانییە سـۆزلێهاتوەکە لە شـوێنێکی نەواڵی ئاوێژگـەدا، کاتێـک نیگاکردنەکـە هێمنانەو لەسـەرخۆ بەردەوام دەبێـت، نـەک نیگاکـردن ببێتە هـۆی دانـی بڕیارێکی بـە پەلەو سەرکەشانە، هەروەک ئۆرهان پامۆک لەڕۆمانی بەفردا دەڵێت: ئەو

ئەڤینانەی بەخێرایی کڵپە دەسێنن بەخێرایش دادەمرکێنەوە، دەبێت بەرامبەریــش ڕەنگدانەوەیەکی تیلی نیگای هەبێت و نیگابۆکەر لێی بڕوانێــت، تا شــتێک لەبــارەی وەڵامدانەوەکــە هەڵهێنجێت، ئەگەر بەرامبەریــش نیــگای تەواوی بــەڕادەی سەرســامبوونی نیگاکەر کرد، تەماشــاکەر دەکەوێتە نێوان دوو بەرداشی ئەرێنی و نەرێنی وەڵام و بەرپەرچدانــەوەی بەرامبەرەوە، لەزۆربەی کاتەکانیشــدا چاوەڕێــی وەڵامێکــی هاوشــێوەیە، چونکە لەگۆشــەی نیگاو دڵی خۆیەوە تەماشای دەورووبەر دەکات، ئەگەر نیگابۆکراو ئەرێنیانە تیلی نیگای گرتبێتە تەماشــاکەرو هیچ نەرێنییەکی نیشان نەدابێت، قۆناغەکانــی بەردەوامی نیگاکردن زیاتــر دەچێتە پێش و گۆڕانی جووڵەی ســیماو زمانی جەســتەی بەسەردا دێت، گۆڕانەکە خۆی لەبــزەو خەنــدەو هەمــان جۆری نیــگاو زمانی جەســتەی چاوی بەرامبــەردا دەنوێنێت، قۆناخــی دوای نیگاکردنیش یەکتر دواندن و لێکنزیکبوونەوەیــە، پاشــان دروســتبوونی ســۆزە، هەرچەندە کەشوهەوای بینین و زەوی تەقینی کانی سۆزەکە شێ و تەڕدارو لەبار بێت بۆ تەقین، بەجارێکی بینین بێدواندن و ســازدانی یەکەم ژووان، بەتــەواو ناتەقــێ، تــا دووبارەبوونەوەی بینیــن، دواندن، لێکتێگەیشــتن، لێکنزیکبوونەوە لەیەکتر نەیەتە ئاراوە، دوای بڕینی ئەم پلیکانانەی ســەرکەوتن بــەرەو وەرگرتنی کلیلــی کردنەوەی دەرگای دڵی شــۆخەکە، هەنگاو بەهەنگاو سەرســامبوونەکە زیاد دەکات، سۆز لای کەسی سەرسامکەری نیگاکەری دەسپێکەر، سات بەسات مەڵۆ مەڵۆ کۆ دەبێتەوەو خەرمانی گەورە دەخات، هەست دەگاتە مەنزڵگەی درکاندن و توانای حەشاردان و پەنگخواردنەوەی خودی نامێنێت، بەردەوام دەبزوێت، ئەگەر لە ئەنجامی دواندنیشدا لایەنــی بەرامبەر مل بــۆ داخوازیی لایەنی یەکــەم بدات و هەمان هەڵوێســتی تەواو یــان نزیکی نیگاکەری یەکەمــی هەبێت، ڕۆژانە هەنگاو بەهەنگاو بچنە پێشــەوە، بەچوونە پێشــەوەی لەسەرخۆی

هێمنانه، عەشق و هۆگربوون بەیەک، خۆشەویستی و ئەڤین لەدایک دەبێت، بـە ڕەزامەندی نیگاکردنی هەردووسـەرەو هەنگاونان بۆ چوونە پێشەوەی زیاتری ئاوگێری ئاشی خۆشەویستی هەردوولا، بـەڵام ئەگـەر نیگابۆکـراو مـل نـەدات و هیـچ سەرسـامییەکی دەرەنجامی سەرسامبوونەکەی بەرامبەری تێدا بەدی نەکرا، بگرە توندو ڕەقیـش بوو لە بەرپەرچدانەوەی نیـگای نیگاکەردا، ڕەنگە ئـاوی تەقیـوی یەکەم نیگای سـەرەتایی کانییەکە وشـک بکات و بـەردەوام نەبێت لە خوڕەی تەقینی هاتنەدەری ئاوەکە، هەرچەندە لایەنی یەکەم تاکلایەنە هەوڵ و کۆششی بەردەوامیش بدات، بەبێ کاردانەوەی بەرامبەر هیچ ناکرێت، هەموو هەوڵ و کۆششـێک بە فیـڕۆ دەچێت، بە پێچەوانەشـەوە کاریگەری هـەردوولا بە یەکتر و هەنگاوەکانـی زیاتـر لێکنزیکبوونەوە، دەیـان گەیەنێتە جۆگەی تیژڕەوی بەرهەمی تەقینی سـۆزی کانییـە تەقیوەکەی نێوانیان و فەنابـوون و توانـەوەی زیاتر لەناو یەکتردا، دوای تەقینی سـۆز، تێکەڵبوونی زیاتر دێتە گۆڕێ، سـۆزەکە لەگەڵ ئاشنابوون بەڕازە شـاراوەکانی دوای بینیـن و دواندنی ڕۆژانەی کەسـەکەدا زیاتر هەڵدەچێـت و باڵادەکات، ڕۆژانە لەگەڵ دەرکەوتنی بینینی جوانییە شـاراوەکانی بەرامبـەردا زیاتر گرفتاربوون بەیـەک دێتە ئاراوە، بینینی نیگایەکی جوانی سـەرنج ئامێز، سەرەتاتکێی هێنان و بردن و عەودالبـوون بە یەکتریـە، لەگەڵ ڕاسـتییە پەنهانەکانی خوددا، تابتوانێـت هەموو ئـاوات و بۆچوونە گەڵاڵەبووەکانی کەسـایەتی تێدا ببینێتەوە، ببێتە ڕەنگدانەوەی هەمان بۆچوون و ئەندێشەکانی نـاخ، دروسـتبوونی پـردی پەیوەندیی خۆشەویسـتی لـە نێوان هەردوولاشـدا پڕکردنەوەی بۆشـایی کەلێنی نەبوونی ئاسودەیی ڕوحـی هـەردوو سەرسـامکەرە بە یەکتـر، لـە بارودۆخێکدا کە ڕەنگـە ژیـان تێیدا ئاڵۆزو دڕدۆنگ بێت، بـەڵام یەکتر بینین لەجێ ژوواندا سـادەیی و ئاسودەیی دێنێتە ئاراوە، کە ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ

زیاتر ڕۆچوونی تێکەڵبووندا بۆیان ســازدەبێت. پاراســتنی نهێنی و ڕێزگرتــن و سۆزڕشــتنی بــەردەوام، هێندەی تر بەهــا دەداتە پەیوەندییەکــە، تا دێت وەک بوونی دوو مرۆڤی پێکەوە گونجاوی دانســقە، عەودالــی دڵ و دەروونــی یەکتر دەبــن، نوغرۆبوون لە ناو دڵی یەکتردا دەیانگەیەنێتە سازدانی ڕێکەوتن، ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان هەردوولادا ئەنجام دەدرێ، خواســتی هەردوولای لەگەڵە، لە کەشــوهەوایەکی ڕەخســاوی بینیــن و ژواندا ســازدەدرێ، تا پەیوەندییەکــە کــەس لێی ئاگادار نەبێ و لــە نێوان هەردوولادا بە شاراویی بمێنێتەوە، دەستگرتن بەنهێنییەوە لەم کۆمەڵگەیەدا جوانی ئاکاری هەردوولا دەنەخشــێنێ و پەیامەکانی یەکتر دەپارێزێت و کەســایەتییان بەهێز دەکات، لە کۆمەڵگەی فرەکێشەی پیاوسالاری نادادپەروەریــی نێوان دوو ڕەگــەزدا، تێکەڵبوون و کرانەوەی دڵ بۆ یەکترو بۆچوون و ڕاگۆڕینەوە بۆ گۆشە جیاوازو فرەنیگاکانی ژیــان، خوێندنــەوەی بیرەکانــی یەکتری بــۆ مەســەلەکان، ژیان بەپێزتــر دەکات لای هەردوولا، بەتایبەتــی لەکاتێکدا هەردووکیان لەیەک ئاســتی بیرکردنەوەدا بن تێڕامانیان بۆ ژیان لەســەر دوو ئاراســتەی ڕاســتەهێڵی جووتبن، زیاتر تام و چێژ لەیەکتر دەکەن و لــە ڕازی یەک تێدەگەن، بەلایانەوە خۆشەویســتی کۆڵەکەیەکی پتــەوی تەواوکەری پێکهێنانی ژیانــە تایبەتییەکەیانە لەم جیهانەدا، بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕۆڵ و کاریگەریی کەسەکان بەیەکتر لــە جیهاندا، خۆشەویســتی پلــە وەردەگرێت، ڕادەی ســۆز بەپێی چۆنییەتــی بوونی کەســەکان و ژوانکــردن دەگۆڕێت، جێ ژوانی خۆشەویســتان ڕووناککەرەوەی ڤینۆسی جوانییە، ئارامکەرەوەی ڕێ بڕینــی بــەرز ونزمییەکانی هەردەی ژیانــە، هەروەک ئۆرهان پامۆک لە ڕۆمانی بەفردا کە بەکر شوانی کردوییە بە کوردی دەڵێت: گەورەترین خۆشــبەختی لە ژیاندا ئەوەیە بتوانیت کچێکی جوان و ژیر لە ئامێز بگریت و لەگۆشــەیەکدا شــیعر بنوسیت، دیارە بوون

و سـۆزی خۆشەویسـتی و شـەیدایی بۆ کچێک هەوێنی هەڵدانی ڕەشماڵی هەڵڕشتنی وشەیە لە شیعردا، ئەنجام ڕەنگە یەکەم نیگای سەرسامکەری سـەرەتای لایەک کە خاڵی دەسـتپێکردنی جیهانە تایبەتەکەی خۆشەویسـتی بێت، جوانتریـن دنیای پێکەوەبوون تا گرێبەستی خێزانیش دروسـتبکات، ڕەچاویش دەکرێ لە ئاییندەدا خۆشـییەکان بگۆڕێن بۆ ناخۆشی و خواسـت بۆ نەبینینی یەکەم نیگا بخوازرێ، جوتبوونی ئاوێنەی گونجاندنی سـیفەتی کەسەکان ڕۆڵ دەگێڕێ بەرەو عاشـقبوونی زیاتری یەکتری یان ڕووکردنە دوورکەوتنەوەو لێکترازان، هەموو ئەمانە دەکەونە سـەر چۆنێتی لێکچوونی سـیفەتەکانی نێوان دوو ڕەگـەزو پێکەوە گونجاندنیان، بـەڵام لە هەمـوو حاڵەتەکانـی پێکەوەبوون یـان دوور کەوتنەوە لەیەکتـر، بڕینـی قۆناغەکانی سەرسـامبوون بەیەکتـر، ماوەیەک ڕاگوزەرانی ئەڤین و خۆشەویسـتی و پێکەوەبوونی هەر لێ دێتە بەرهـەم، زۆرتریـن لێکجیابوونـەوەو دوورکەوتنـەوە ئەو جۆرە پەیوەندیانەن، کەبەخێرای و بە پەلە لەئەنجامی خرۆشانی هۆرمۆنی پێکهاتەی کەسەکانەوە هاتۆتە بەرهەم، نەک هەنگاونانی لەسەرخۆ بۆ تێگەیشـتن لەیـەک و پێکـەوە گونجانی ئاسـتی بیرکردنەوەو جوتبوونی سیفەتە لەیەک چووەکان.

## (٢٥)

# دەرهاویشتەی کارکردنی جێندەری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

جێندەر: بەمانا گشتییەکەی کارکرنە بۆ دابینکردنی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ، کاریش لەسەر نەهێشتنی جیاوازییە ڕەگەزییەکان دەکات دژی ڕەگەزی مێ، مرۆڤ ئازاد دەکات لە چوارچێوەی هەموو مافێکی ڕەگەزەکاندا داوای مافەکانی خۆی بکات، لە ئێستای هەرێمدا کاری جێندەری لای چالاکوانی مافەکانی ژنان زۆرتر کارکردنە بۆ گەڕانەوەی دۆخی ژنان بۆ دۆخێکی ئاسایی بۆ نەهێشتنی نایەکسانی نێوان مرۆڤەکان کە کۆمەڵگە دروستی کردووە، کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە ژنان داگیرکراوەو پێیان ڕەوا نابینرێت، دەیانەوێت بیانگەڕێننەوە بۆ بواری کرداری و فەراهەمیان بکەن لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی نێو کۆمەڵگەدا، نەمانی جیاوازیی نێوان ڕەگەزەکان، زۆر بوار دەگرێتەوە، کە هەموویان لە چوارچێوەی کارکردنی جێندەریدا جێی دەبێتەوە، بەئازادیی هاوڕەگەزبازیشەوە. ئەوەی لەکورستاندا جێگەی مشومڕو تێکەڵکردن و تێنەگەیشتنە، مانای پێکهاتەی گشتی دەستەواژەکەو کارکردنە لەچوارچێوەی

مانا گشتییەکەیدا، هەرلایەک چڕی دەکاتەوە لە مافێکدا، ئەم کێبڕکێ و ململانێیە دەکەوێتە نێوان چالاکوانانی بەرگریی ژنان و بەشێک لەتوندڕەوە ئیسلامییەکانەوە، کە زۆرتر لە ئەنجامی وردنەبوونەوەو یەکالاکردنەوەی دەستپێکردنی قۆناغەکانی جێندەرییەوە سەری هەڵداوە، لە ئێستادا ژنان و ڕێکخراوەکانیان زۆرتر کارکردن لەبواری جێندەریدا وەک کارکردن بۆ یەکسانی ژن و پیاوو نەمانی نایەکسانی نێوانیان دەبینن، لەو ڕوانگەوە قۆڵیان لێهەڵماڵیوە، چونەتە نێو کارکردن لەبواری جێندەریدا. توندڕەوانی ئایینیش کارکردنیان لە بواری جێندەریدا چڕکردووەتەوە لە هاوڕەگەزبازیدا، بە تەنها ڕەگەزبازی دەئاڵێننە چوارچێوەی کارکردن لەبواری جێندەریدا، تەنها لەو سۆنگەشەوە سەیری کەسانی چالاکوان لەبواری زاراوەکە دەکەن، ئاماژە دەدەن کارکردن بە مەغزای وشەی جێندەر، هەوەسبازی دەگرێتەوەو ئەوان کێشەیان لەگەڵ مافەکانی ژناندا نییە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەین و مەبەستی ئێمەیە، هەنگاونانە بۆ تێگەیشتن لەمەغزای قۆناغەکانی کارکردنی بواری جێندەری بەمانا گشتییەکەی، کە لە ئێستادا زۆرتر کاری چالاکوانی بواری جێندەر، هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافەکانی ژنان دەگرێتەوە، لە چوارچێوەی کارکردن لەخولانەوەی بازنەی گشتی مافەکانی ڕەگەزی مێینەدا، ئێمە ئێستا لەکوردستاندا کێشەی گەورەمان کوشتنی ژنان و مافڕەوانەبینین بە ژنانە، نەک هاوڕەگەزخوازی کە لە چوارچێوەی کارکردنی جێندەریدا خۆی دەنوێنێت، پێویستە هەموو هەوڵەکان بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی ژن کوشتن چڕبکەینەوە کە پەڵەیەکی ڕەشە بەتەوێڵی هەنوکەی کۆمەڵگەی کوردییەوە، کارکردن لەسەر بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیەش بە سازدانی کۆڕو سمینارو کرانەوە بەڕووی جیهان و تێگەیشتنی خەڵک دەبێت بۆ گەڕانەوەی مافەکانی ژنان وەک ڕەگەزێکی تەواوکەری مرۆڤایەتی، نەک ژن کالایەک بێت کە

هەنـدێ مێشکتەسـک وا مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەن. دوای ئەوەی توانیمان مافەکانی ژنان لەگەڵ مافەکانی پیاواندا یەکسـان بکەین، بە بنبڕکردنی دیاردە زەقەکانی وەک ژن کوشتن، لێدان، ئەتککردن، ئەوسـا دەتوانین بچینە قووڵایـی کارکردنی جێندەری و ئاماژە بە باس و خواسـی گۆڕینی ڕەگەزەکان بدەین، بەپێی ڕێگەدانی ئایین و دابونەریتـی وڵات و ڕێزگرتنـی باوەڕی زۆربـەی ئەندامەکانی کۆمەڵگـە، کـە موسـڵمانانن. جیاکردنـەوەی نێرەمـوک لـە هاوڕەگەزخـوازان و هەوەسـبازان، ئەرکێکـی پێویسـتی نـاو چوارچێـوەی کارکردنـی جێندەرییـە، چونکە نێرەمـوک دۆخێکی دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤە، لە کاتێکدا هاوڕەگەزخوازو هەوەسـباز هەندێـک کات ئارەزوومەندانـە کار بۆ فەراهەمبوونـی دیاردەکە دەکەن، ئەو کەسانەشی لەپێکهاتەی ناوەوەی هۆڕمۆنیاندا مەیلیان بە لای گۆڕینی ڕەگەزدا هەیە، بە سروشتی بوونیان ئەو مەیلەیان تێـدا ڕواوە، ئارەزوومەندانە هەوەسـباز نیـن، مەیل و ئارەزووی هاوڕەگەزبازیان نییە، دەکرێت حاڵەتەکانیان پۆلێن بکرێن، ئەوانەی دابونەریت و ئایین ڕێگەیان پێدەدا بەپێی پێویستی شکانەوە بەلای ڕەگەزێکدا، ڕەگەزەکانیان بگۆڕن بۆ ئەو ڕەگەزەی کە دەتوانن بێ گرفـت درێـژە بە ژیانیـان بدەن. دیـارە ڕێژەیـەک نێرەمووک و هەڵگـری دووڕەگەزیش لەکۆمەڵگـەی کوردەواریدا هەن، دەتوانن ڕەگەزەکانیان بگۆڕن، بەمەرجێک هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکە بن، گۆڕینەکـەش بـۆ ئەو ڕەگـەزەی بەرامبەریان بێـت، کە زۆرترین هەلومەرجی گۆڕین لە سروشتی پێکهاتنیاندا ڕەنگی داوەتەوەو بە مسۆگەری سەرکەوتن وەدەست دێنن، ئەگەر پێویست بوو دەتوانن نەشـتەرگەریی پزیشـکیش بـۆ گۆڕینـی ڕەگەزەکەیـان بکـەن. بەبەراوردێکی نێوان سـاڵانی هەشتاکان و ئەم سەردەمەی دوای ڕاپەڕیـن گۆڕانکاریی بەسـەر مافەکانی ژنان داهاتووە، سـاڵانی سـەردەمی پێـش هاتنی هەزارەی سـێیەم، دیـاردەی ژن بە ژن.

گۆڕینەوەی گەورە بە بچووک، شـــیربایی، ژندان لەتۆڵەی خوێندا، هەبـــوون، هەرچەندە دیاردەکان ڕۆژبـــەڕۆژ ڕوو لە کزی دەکەن، بـــەڵام وەک دیـــاردە تـــا دوای هاتنی هــــەزارەی ســـێهەمیش هەر مابوون، زۆرتر لەگوندەکانی کوردســـتاندا پیادە دەکران، کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بەتایبەتی ڕەچاوی ئەوەیان دەکرد، دوای بنەبڕی یەکجاری ئەم دیاردانە، وەرزێکی گەشەی پێشەوەچوونی یەکسانی ڕەگـــەزی و داننان بە تـــەواوی مافەکانی ژناندا بێتە ئاراوە، کەچی پێشـــبینییەکە وا دەرنەچـــوو، هەرچەندە ئـــەو دیاردانە دەگمەن و دانســـقە بوون، ڕەنگە لە هەندێک شوێنیشدا نەک هەرنەمابن، بگرە پیادەکردنی ئەم دیاردانە وەک شـــورەییەکی گـــەورە خۆبنووێنن، بـــەڵام داننەنان بە مافەکانی ژناندا هەرمـــاوە، دۆخەکە گۆڕاوە بۆ جۆرێکی خراپتر، دیاردەی ژن کوشتن هاتۆتە ئاراوە کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زەقەو ســـیمای کۆمەڵگەی کوردی بە ڕووی دنیادا بە تەواوی ناشیرین کردوە، بۆیە هەموو هەوڵ و کوششێکی ئێستای کارکردنـــی بـــواری جێندەری پێویســـتە لەبـــواری مافەکانی ژناندا چڕبکرێتـــەوە بۆ وەســـتانی دیـــاردەی ژن کوشـــتن و بنەبڕکردنی دیاردەکانی پێشـــێلکردنی مافی ژنان، بوارەکانی تر جێبهێڵدرێت و لە پەراوێزدا کاریان بۆ بکرێت، دوای نەمانی ئەم دیاردە قێزەوەنە، دووبارە دیاردەی ڕەگەزبازی و ئەو ڕەگەزانەی پێکهاتەی هەردوو ڕەگەزیـــان تیـــادا دەرکەوتـــوە، پێویســـتە حاڵەتـــەکان لەیەکتـــر جیابکرێنەوە، هاوڕەگەزبازی و کاری هەوەســـبازانە بخرێتە لاوە، پشـــکنینی پزیشکی بۆ کەسەکانی هەڵگری هەردوو ڕەگەز بکرێت، تا بزانرێت هەلومەرجی پێکهاتەی کەســـەکە بۆ کام لە ڕەگەزەکان لەبارترە، پاشان ڕەگەزەکەی بگۆڕێت، ئەمەش لەئایینی ئیسلامیشدا ڕێگـــەی پێـــدراوە بەپێی ڕونکردنـــەوەی مەلاو ڕێبـــەرە ئایینەکان، چونکـــە پێکهاتەکانی مرۆڤ بۆ هەڵگرتنی ســـیفاتی هەردوو ڕەگەز لە دەســـەڵاتی مرۆڤەکاندا نییە، زۆرتر کرۆمۆســـۆم، ســـیفەتەکانی

بۆماوەیی، هۆرمۆنات، ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە پێکهاتەی دارشتنی تێکەڵــەی دوو ڕەگەز لەمرۆڤێکدا. ئەو مرۆڤانەشــی کە لە ڕێگەی هۆرمۆن و پێکهاتە هەناویەکانییانەوە بێ بوونی هیچ ئارەزوییەک بۆ شکاندنەوە بەلای هیچ ڕەگەزێکدا، بەڵگەکانی دەرکەوتنی سیمای لــەش و نــاوەرۆک لەپێکهاتەی دەرەوەی لەشــیاندا بــۆ ڕەگەزی بەرامبــەری بوونی هەیەو تێکەڵەی پێکهاتەی پیاو و ژنن، دەتوانن ڕەگەزیان بگۆڕن، دوای پشــکنین و زانیاری کەســانی پســپۆری شــارەزا و ســاغکردنەوەیان کــە زۆرتــر بــەلای کام ڕەگــەزدا دەشــکێنەوە. دەمێنێتــەوە ئــەو ڕەگەزانــەی هیــچ هەڵکەوتەیەکی پێکهاتەی دووڕەگەزی لە بوونیاندا نییەو لەسەر ئارەزووی خۆیان مەیلیان بەلای گۆڕینی ڕەگەزی بەرامبەردا هەیە، ڕۆژانە ڕەفتاری نواندنی ڕەگەزی بەرامبەر نیشان دەدەن، هەرچەندە ئەم دیاردەش ئاسایی نابینرێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵام پێویستە لێکۆڵینەوە لــە بــواری پێکهاتەیــی بوونیانــدا بکرێــت و بەیاســا دیاردەکــە ڕێکبخرێتــەوە، هەرچەندە تا ئێســتا ڕێگەپێدراو نییە، هیچ یاســاو ڕێسایەکمان نییە، مرۆڤ ئارەزوومەندانە ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت، تــا ئێســتا ئەمجۆرە مرۆڤە هەوەســبازانە لە کۆمەڵگــەی کوردیدا نەخــوازراون و فشــاریان لەســەرە، ڕۆژانــە دەکەونەبــەر تانەو تەشــەری زۆری تاکەکانی کۆمەڵگــە، تەنانەت بەچاوی بێزراوەوە سەیر دەکرێن. دەتوانرێت لەداهاتوودا دوای ئەوەی پرۆژەیاسایەک بۆ بوونی ئەم جۆرە دیاردانە ڕێکدەخرێت، بە پێی یاساکە لیژنەی پسپۆڕی پزیشکی بڕیار لەساغکردنەوەی چارەنووسی ئەو جۆرە کەسانەش بدات، لە چوارچێوەی هەنگاونان بە ئاقاری دابونەریتی ڕێگەپێدراوی ســەردەمدا، بەڵام بەگشتی مەســەلەی سەرهەڵدانی هۆمۆسێکسی لە هەموو جیهاندا هاتۆتە ئاراوە، ئەو وڵاتانەشی کە ئێســتا بەیاســا چارەســەری کێشــەکەیان کردوە، ماوەیەکی زۆر بەرەنــگاری دیاردەکــە بوونــەوە، ڕێگەپێــدراو نەبــوو دیــاردەی

هۆمۆسێکسی وەک پێکهێنانی خێزان جێبەجێبکرێت، تا بە ناچاری و لەژێر هەژمونی زۆربوونی ژمارەکەدا یاسایان بۆ ڕێکخرا، دوای ئەوەی یاسـای تایبەتیان بـۆ دەرچوو بەپێی یاسـاکە، ڕەگەزیان دەگۆڕن و خێزان پێکدەهێنن، لەدرێژەی ماوەی نەبوونی یاساشدا، ماوەیەکـی زۆر ڕێکخـراوی جۆراوجـۆر هەبـوون، کاری ئـەم ڕێکخراوانـە بەرگریکردن بوو لەهاوڕەگەزخوازان، تا دیاردەکە لە ئەنجامـی کاری ڕێکخـراوە بەریگریکارەکانیـان و نەتوانینـی دەسـتبەرداربوون لە دیاردەکە یاسایان لە زۆربەی وڵاتەکاندا بۆ ڕێکخـرا، پاشـان چـووە بـواری جێبەجێکرنـەوە، تێکەڵکـردن و جیاکردنـەوەی هەنگاوەکانـی جێندەری لە هەرێمدا کات و سـاتی جیاوازی گەرەکە، ئێمە لە سـەرەتای قۆڵێهەڵماڵینی دەستپێکردنی کاری جێندەرین، ناکرێت بە بیانووی ڕەتکردنەوەی هۆمۆسـێکس و هەوەسبازی مافەکانی ژنانیش لە چوارچێوەی کاری جێندەریدا پشـتگوێ بخرێـت، لـە ئێسـتادا پێویسـتە هەموو هەوڵـەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان بێت بەتایبەتی بنبڕکردنی دیاردەی ژن کوشتن، کاری فەرمی لەسەر نەهێشتنی کوشتنی ژنان بکرێت، لە هەموو کون و قوژبنەکانی ناو کۆمەڵگەدا، پاشان هەنگاونان بۆ دیاردەکانی تر فۆرمەلە بکرێن، قۆناغەکان جیابکرێنەوە لە یەکترو مافەکانـی ژنان تێکەڵ بە دیـاردەی نەخوازراوی هۆمۆسێکسـی نەکرێـت، هەرچەنـدە فـەزای گشـتیی کەیسـی جێنـدەر هەموو دیاردەکان دەگرێتەوە، بەڵام لە ئێسـتادا ڕێکخراوە جێندەرییەکان پێویسـتە تێکڕای چالاکییەکانیان لە سەر دیاردەی بنبڕکردنی ژن کوشـتن و گەڕانەوەی مافەکانی ژنان کۆبکەنەوە، کە دیاردەیەکە بەتـەواوی بەرۆکـی کۆمەڵگـەی کـوردی گرتـووە، شـیرازەی پێکەوەژیانی ڕەگەزو خێزان و تاکی تاڕادەیەکی زۆر شێواندوە.

(٢٦)

# مرۆڤ و بەها ڕەوشتییەکان*

مرۆڤ خۆی تێکەڵەی ڕەوشتی باش و خراپ و مۆراڵ و بەهایە لــە پێکهاتەیدا، چ ڕەوشــتە باشــەکانی زیاتر بێت یــان خراپەکان یــان تێکەڵبوونی هەردوو ئاراســتەکە بە شــێوەی نزیک لە یەکتر، بــە پێی پێکهاتەی بوونیــەوی خەڵکەکان. نواندنی ئــەم دیاردانەی جۆری ڕەوشت، لە ڕوخسارو ناوەرۆک و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤەکانــدا دەردەکەوێت، هەرچەندە ڕەوشــتە باشــەکان زۆرتر ناوەرۆکی مرۆڤەکانیان تەنیوە هەستپێکردنیان بەدووبارەبوونەوەی هەڵســوکەوت، پەیوەندی، ڕەفتار لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەردەکەوێت، نەک مامەڵەی ســەرپێی و ڕوانینی ڕوخســار، ڕەوشــتە باشەکان زۆرتــر هەناویــن، لــە ناوەرۆکی پێکهاتــەی مرۆڤەکاندا هەســتی پێدەکرێت لە مامەڵەو هەڵسوکەوتدا، ڕوخسار زۆرتر بزەو خەندەو گــرژی و مۆنــی تێدا دەخوێنرێتــەوە، کە دەچنە خانەی ڕەوشــتە ڕووکەشەکانەوە، ناتوانرێت بەسیفەتە ڕووکەشەکان بڕیار لەسەر ناواخنی کەســایەتی مرۆڤەکان بدرێت، چ بە چاکەبێت یان خراپە، ڕێژەکانیش لە هەڵگرتن و پیادەکردنی ڕەوشتە باش و خراپەکاندا بەپێی جۆری ڕەوشت و مرۆڤەکان دەگۆڕێت، مرۆڤی بێخەوشیش

بەدەگمەن هەڵدەکەوێت کە سەد دەرسەد هەڵگری هەموو ڕەوشتە باشــەکان بێت، هیچ ڕەنگدانەوەیەکی ڕەوشتی خراپ لە پێکهاتەیدا ڕەنگــی نەدابێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیــە مرۆڤی تێکەڵەی هەڵگری زۆرترین ڕەوشتی باش بێت نەک تەنها پێکهاتنی زۆرترین ڕەوشتی خراپ لە کەســایەتیدا ڕەنگبداتەوە، پێویســتە مرۆڤەکان ڕەوشــتە باشــەکانی لەبارتەقــای خراپەکانــی زیاتــر بێت، مــرۆڤ دەتوانێ ڕۆژانە کار لەسەر نەنواندنی ڕەوشتە خراپەکان بکات و زۆرترین ســیفەتە خراپەکانــی بخاتە جوغزی ئەو ســیفەتانەی کە کەمترین بەرکەوتەیان لەگەڵ کەســانی دەورووبەریــدا هەیە، بە کۆنترۆڵی خــۆی، هەڵنەچــوون، ســنگفراوانی و هێمنی تا کێشــە بۆ خۆی و مرۆڤەکانی دەورووبەریشی دروست نەبێت، زیانەکانی بەرکەوتنی کەمتر بۆ کەســانی بەرامبەربێت و بتوانێت لە بوونی کەســایەتیدا ســیفەتە خراپەکانی خاڵی بکاتەوە لە نواندندا، تا هەڵگری ســیفەتە خراپەکە ســزای سیفەتەکەی خۆی بچێژێت و دان بەخۆیدا بگرێت و بە خۆیدا بچێتەوە لە پێناو ڕێزگرتنی کەســانی دەورووبەر. ئەو کاتانــەی مرۆڤ لە هەموو بەها باشــەکانی ڕەوشــت دادەماڵرێت، لە قاوغــی مرۆڤبوون دەچێتەدەرو دەچێتــە قاوغی بوونەوەرێکی نواندنی سیفەتی دڕندەییەوە، دڕندەییش، سیفەتێکە زۆرتر دەدرێتە پاڵ ئاژەڵەکان، دڕندەیینوانــدن لەڕەفتاردا، مرۆڤ دەخاتە قۆناغی نواندنی مامەڵەی ئاژەڵانە لەگەڵ کەسانی ژینگەکەیدا، کە مرۆڤیش کەوتــە پێســتی ئاژەڵــەوە ویژدان، تــرس لەخــوداو بیروباوەڕی ئایینــی، ڕەوشــتی مرۆڤایەتــی نوانــدن و بەهامرۆڤایەتییەکان لە پێکهاتەیدابوونــی نامێنێت، کە مرۆڤ ویژدانی لەدەســتدا، ترســی نەبێــت، ئازاردانــی تاکەکانی بەرامبــەری تا کوشــتنیش بەلایەوە ئاساییە، هەروەک نوســەری گەورەی ڕوسی دستۆفسکی دەڵێت: ئەگەر خودا نەبێت، هەموو شــتێک ڕێگە پێدراوە. لێرەدا مەبەســت بڕوابــوون و ئاســودەییەکی دەروونییــە، کە لەمپــەر دادەنێت بۆ

ئەنجامدانی خراپەو مـرۆڤ دەگەڕێنێتەوە ناو بازنەی ئەنجامدانی چاکـە، کرۆکی مەبەسـتم بۆ مرۆڤـی دڕندە، لێـرەدا مرۆڤێکی پڕ لەگیانـی دەسـەڵاتی پیاوسـالاری و تۆڵـە سـەندنەوەو بیمۆڕاڵی ڕەگەزی نێرە بەرامبەر مێینە، کە هەموو دەسەڵات و خۆشییەکان لـە بازنـەی نێربوونـدا کۆ دەکاتـەوە، هیـچ مافێک بـە ڕەگەزی بەرامبـەر نـادات لـە هیچ بوارێکـدا، پێیوایـە ڕەگـەزی مێ نەک هـەر دەبێت لەخزمەتـی ڕەگەزی نێردا بێت، بەڵکـو چەند پلەیەک خوارتـر بـۆی دەڕوانێـت، کاتێکیش لەو سـنوورە گیـری خوارد کـە دابونەریت و کۆمەڵگە بۆی نەخشـاندوە، جاروبـار بێباکانەو دڕندانـە دەچێتـە دەرەوەی سـنوورەکەو بـێ سـڵەمینەوە چـی بووێـت ئەنجامـی دەدات، تەنانەت هەندێک لە مرۆڤە دڕندەکان بۆ تێرکردنی حەزە سێکسـییەکانیان لە ڕەگەزی مێ، شەرم لە کەسە یەکەمەکانی نزیکی خۆشـیان ناکەنەوەو دەست لەکەس ناپارێزن، ئەگەر کەسـە نزیکەکانیان مل بۆ حـەزە خەفەکراوەکانیان نەدەن دەیانکوژن، ئەگەر نەشـیان کوژن بەسەدان قسەی نەشیاو، دەیان درۆی هەڵبەسـتراویان شوێن دەخەن تا فشاریان لەسەر دروست بکـەن و مل بـۆ داوا ناڕەواکەیان بدەن، لەکەمترین دەرفەتیشـدا بـۆی هەڵکەوێـت بە بێبەزەییانەترین شـێوە دەکەوێتـە وێزەی تا حەزەکانی دامرکێنێتەوە، دواییش بەچاوی سوک تەماشای دەکات، ئەمە سەرەتای پێگەیشتن و دەستگەرمکردنی ئەو هەزاران مرۆڤە مێشـکپووچ و ڕەفتار نەشـیاوەی دروسـتکەرەی کۆمەڵگەیە، کە ڕەوتێکی توندڕەو لەکوردسـتاندا ڕێنمایيان دەکات، تا هیچ مافێک بەڕەگـەزێ مێ ڕەوا نەبینن، مرۆڤە دڕندەکان لەچەندین سـیما و روخسـاری جیاواز جیاوازدا دەردەکەون، سـود لەمینبەرەکانی سۆشـیال میدیـاش وەردەگـرن و گوێچەکەکانیـان لـە ئاسـت توندوتیژی و پێشـیلکردنی مافی مرۆڤ و ژێرپێخستنی بەهاکانی مرۆڤایەتـی و مافی ژناندا دەئاخنن، چاویـان دەنوقێنن و زمانیان

لاڵ دەبێت لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا. ئەوانەی هەموو ئازایی و پیاوەتی خۆیان لە شەقتێهەڵدان و شکاندنی کەرامەتی (کچێک، ژنێک، مێینەیەکدا) دەبیننەوە. لەڕووی پێکهاتەی کەسایەتییەوە، کەسایەتییەکی کاڵفام و تەنانەت دەروون نەخۆشن، ناکرێت وەک مرۆڤی ئاسایی سەیر بکرێن، وەک بە بەراورد بە پێکهاتە گشتییەکانی مرۆڤبوون، کەموکوڕییان هەیە، پێکهاتەی گشتی مرۆڤبوون بەبێ جیاوازیی ڕەگەزبوونە. مرۆڤ دەستەواژەیەکی گشتییەو مرۆڤەکان تێکڕا وەک یەکن بێ جیاوازی، کە دەوترێت مرۆڤایەتی مەبەست هەموو مرۆڤەکانە بە تێکڕاو بێ جیاوازی ڕەگەزایەتی، نەک بوونەوەرێکی هەڵگری ڕەگەزێکی دیاری کراو، ئەوە سروشتی کەسەکان و دواکەوتنی کۆمەڵگەیە، ئەو جیاوازییە ڕەگەزییە دێنێتە ئاراوەو جیاوازیی لە نێوان ڕەگەزەکاندا دروست دەکات، کۆمەڵگەی پیاوسالاری دەهێنێتە ئاراوە، لەو کۆمەڵگەیانەدا کە هەموو مافەکان بە ڕەگەزی نێر دراوە لە سەر پێوانەی کەمبوونەوەو پێنەدانی مافەکانی ڕەگەزێ مێینە، لە کاتێکدا لە ڕووی پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە نەسەلمێنراوە جگە لە بۆماوەیی فۆرمۆلەیی پێکهاتنی جەستە، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەبێت وەک مرۆڤ، تەنانەت ڕەگەزی مێ دەتوانێت هەمان کارەکانی ڕەگەزی نێر بێکێشەو گرفت ئەنجام بدات، نموونەش بەڕێوەبردنی چەندەها وڵات و دامەزراوەی گەورەی جیهانە لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە، سروشت و قەتیسدانی ڕەگەزی مێ لە ماڵەوە، سەرقاڵکردنی بەکاری ناو ماڵ، زۆرتر لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ئەو جیاوازییەی هێناوەتە ئاراوە، ڕۆچۆتە ناخی کۆمەڵگەوە تێپەڕدانی کات و شۆڕشی جێندەری دەوێت، بە جۆرێک ڕەگی داکوتاوە بە ئاسانی لاناچێت، ساڵانێکە مرۆڤایەتی بووەتە قوربانی دەستی ئەم کەلتوورە، کۆمەڵگەی کوردەواری بە پێی کات و سەردەمەکان، بەرزی و نزمی دەستگرتنی بەنەریت

و کەلتــوورەوە بینیــوە، ســەردەمانێکی زۆر، تەنانەت تا ســاڵانی هەشتاکانیش دیاردەیەکی نەشیاو جاروبار پەیڕەو دەکرا، دیاردەی کچ بەشــودان بــوو بەگۆڕینــەوەو ژن بەژن، کــە زۆرجار دوای ئــەوەی ڕەگەزێکی نێر، ئارەزووی حەزی دەچووە ڕەگەزێکی مێ، داوای ژنهێنانی دەکرد ئەگەر ماڵەکان بە یەکتر ڕازی بوونایە، بێ پێوانەکردن و ڕەزامەندی کچەکان ژن بەژن دەکرا، دوایی لایەکیان پێکەوە نەگونجایە، دەبــوو لایەکەی تریش جیا ببنەوە لە یەکتری، لە کاتێکدا تەباو بێکێشــەش بوونایــە، چونکە دەوترا ژن بەرامبەر ژنــەو چۆن دەکرێ کچەکەمان بێ بەرامبەر بڕواتە ماڵێکی بێگانە، ڕەگەزی مێش، بێ ئاوڕدانەوە لەحەزو خولیا گەڵاڵەبووەکانی دڵ و دەروونی خۆی، دەبوو مل بۆ فشارەکان بدات، ساڵانێکی زۆر ئەم کەلتووره باوە، حەزو ئارەزووی هەزارەها ڕەگەزێ مێینەی خستە ژێــر گڵ، هەرچەندە ئێســتا ئەم دیاردە نەمــاوە، ڕووی کردووەتە کزی، بەڵام ژن کوشــتن یەکێکە لە دیاردە خراپەکانی ئەمڕۆی نێو کۆمەڵگەی کوردی، بێگومان زۆربوونی دیاردەکە هۆکاری جیاواز جیــاوازی لە وێنەی زۆربوونی چــەک، بەکارهێنانی توندوتیژی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییــەکان، ناهۆشــیاری خەڵکەوە دێتــە ئاراوە، بەڵام کۆی هۆکارەکان لە بازنەی پێشــیلکردن و ڕەوانەبینینی مافەکانی ژنانــدا دەخولێنەوە، کە جیاوازی لە نێــوان ڕەگەزەکاندا دەکرێت، هەرچەنــدە ڕێکخراوێکی زۆری ژنان لە ئارادان، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ دیاردەکــە زیــاد دەکات، حکومەتیــش بەربەســتێکی ئەوتــۆی بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە نییە، تەنانەت شوێنی داڵدەدانی پێویستی بــۆ ژنــە بێلانــەکان نییە کــە لــە ئەنجامــی نواندنــی توندوتیژی لەلایــەن خێزانەکانیانەوە هەڵهاتــوون و ژیانیان لە مەترســیدایە، لــەم ڕۆژانەدا جارڕدانی هەواڵی کوشــتنی کچێکــی بێتاوان لەلایەن باوکییــەوە ناخی هەمــوو مرۆڤێکی بەویژدانــی هەژاند، زۆرمانی هێنایە دۆخی ڕاچەنین، هەســتپێکردنی ناسۆری برینی ڕووداوەکە

لەوەدایــە کە نەک هــەر باوکەکە کچەکەی خۆی کوشــتوە، بەڵکو ســاڵانێکی زۆریش پێش کوشــتنی بەردەوام ئەشــکەنجەی داوە، زۆر بێبەزەییانەو دوور لە هەڵسوکەوتی مرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوە، هۆکارەکــەش بۆ لێکدابڕانی دایک و باوکەکە دەگەڕێتەوە، دوای ئــەوەی ژن و مێردەکــە لە یەک جودابوونەتــەوە، پیاوەکە، هەموو دەردەدڵ و ئازاری جیابوونەوەی خۆی لەژنەکەی، بە کچەکە ڕشــتوە، بێگومــان دەزگاکانی حکومەت و کەســوکاری کچەکەش تاوانبــارن کە نەیانتوانیوە ئەم کچە لەنــاو ئەو هەموو نەهامەتییە دەربازکەن، لە کاتێکدا بەپێی زانیارییەکان بە کێشــەکەیان زانیوە، بەڵام چاویان لێ نوقاندوە بەهانای کچەکەوە نەچوون. هەرچەندە دەوترێ باری دەروونی باوکی کچەکە ئاسایی نەبووە، بەڵام ئەوە پاســاوی ئەشــکەنجەدانی کچێکی کەمتەمەن نییە، لە بنەڕەتدا هیچ پاســاوێک نییە بــۆ ئەنجامدانی ئەشــکەنجەی ڕەگەزی مێ! دەبوو حکومەت کچەکەی ببردایەتە پەناگەیەکی ئارام و ژیانی بپاراستایە، کەسوکاری کچەکەش کە دوای مردنی کچەکە پەرۆشی بۆ مردنی دەنوێنن و پەرێشــانن، کەســوکارێکی کەمتەرخەمــن دەبوو پێش کوشــتنی، کچەکەیــان ببردایەتــە لای خۆیــان و نەیانهێشــتایە وا کەساس و بێنازو لەژێر ئەشکەنجەدا ژیانی لە دەستبدات و ببێ بە پەڵەیەکی ڕەش بەسەر شانی خێزانەکەی و کۆمەڵگەوە.

*ئەم نوســینە دوای جاڕدانی هەواڵی کوشتنی کچێکی بێتاوان لەلایەن باوکییەوە، هاتە گینگڵدان و داڕشتن.

**(٢٧)**

## ڕووانین بۆ ژنێکی سەراپا ڕەشپۆش

نیگاکـردن بـۆ ڕوخسـاری ژنێکـی ئەنفالدیـدەی ڕوخسـار ڕەشپۆشـی سیما هەمیشە پڕ بە بزەو خەندە، نیگای وردبوونەوە ودزەکردنـە، بـۆ بەژنی ژنێکـی سـەراپا ئاودامانی تاریکپۆشـی باڵابەرزی ڕوخسـارجوان و سافوسـپی سـەرنجڕاکێش، سیمای ژنەکە سـیمایەکە، شـتی تێدا دەخوێنرێتەوە، وێنەی شەکەتییەکی زۆری دەگمەنـی قاڵبووی ئازاری ڕۆژگارێکی شـومی نغرۆبووی سـوێی ڕوداوەکانـی گرانـی و نەهامەتـی سـەرەتای سـاڵانی نەوەدەکانـی تێدا دەبینـرا، نەهامەتییەکانی ژیـان پاڵی بەم ژنەوە ناوە، ڕۆژگارێ شـانی بداتەبەر شـانی پیاوان و قۆڵی لێهەڵبماڵێ و ئـازارو نەهامەتییەکی زۆر بچێژێ لە پێناوی دابینکردنی بژێوی ژیـان، لە ڕۆژگارێکـی قاتوقڕیدا، وەک هەموو تاکێکی بەرپرسـی سـەرۆک خێـزان لەکۆمەڵگـەدا بـۆ دابینکرنی ئاسـودەیی ژیان، بگـرەو بـەردەی زۆری بینیـوە، ژنەکە لە ئەنجامی جلپۆشـینێکی تـەواو ڕەشـدا، دیمەنێکی تایبەتی لا گەڵاڵە دەکـردی، بەرەنجامی ڕەنگدانەوەی پۆشـاکە ڕەشـەکەی ڕوخسـاری سـێبەری بەژنێ تاریکی دەنەخشـاند لە ڕوخساردا، بەڵام سـپێتی ڕەنگی تەوێڵ و

دەموچاوی لەناو ئەو سـیما ڕەشـەدا بەڕوونـی دەبینرا، هێندەی تر دەیخسـتیتە جیهانی تایبەتـی نیگابۆکردنـەوە، هەموو گوورڕو تینت لەسەرنجدان بۆ ژنەکەدا چڕ دەکردەو، سەرنجڕاکێشی سپی پێسـتی ژنەکە لەدوورەوە دۆشـدامانی چەقین لەگەڵ ڕووانیندای لا دروسـتدەکردیت، لەشـوێنی خۆتدا جێگیر دەبوویت تا مەسـت دەبوویـت لەجوانی، پاشـان هەنگاوت دەنا بـۆ لێککزیکبوونەوەو دوانـدن، هێنـد کاریگـەری لا بەجێدەهێشـتی، کـە دەتدوانـد، لە دواندنیشـدا خاوەن مێشـکێکی تەواو کراوەی پـڕ لەزەبرو زەنگ و بینـەو بـەردەی ڕۆژگارێکی قاڵبووی ژیانت تێـدا بەدی دەکرد، بوونی هەڵبەزودابەزی ژیانی ڕۆژگاری ڕابردووی پڕ وەیشـومە لـە وڵاتێکـدا کەس ئاوڕ لەکـەس ناداتەوە و دەسـتی یارمەتی بۆ درێـژ بکات، بە هۆی قورسـی ژیانی هاوژیانانـی وەک خۆیەوە، خەرمانـێ دەوڵەمەنـدی مەڵۆ کۆکـراوەی وانەهێن بـۆ ژیانی بۆ خۆی دروسـتکردبوو، ئەزموونێکی گەورەی قاڵبووی کۆکراوەی بوارەکانـی ژیانی تێدا دەبینرا، بۆ دانانی پاشـەڕۆژێکی ڕووناکی پەخشی هەمیشەیی بۆ ئاییندە مەڵۆی خۆی خستبوو، باکی بەکەس نەبوو، خاوەن مێشکێکی تایبەت بوو، مێشکێک لە ناوەرۆکدا ڕەها بوو لەنەریتی داتەپیوی بەسەرچووی کۆمەڵگە، مێشکێک هیواکانی تێـدا خەفەکرابوو، بەڵام بـەردەوام کاری بـۆ بەجێهانیان دەکرد. هەرچەنـدە ژنەکـە لەڕوخسـاردا کەنەفتی کارکـردن و دڕدۆنگی دوورخسـتنەوەی تەلبەندی کێشراوی دڕکی نوکتیژی دێوجامەی نەریتە بەرۆکگرتوە بەسـەرچووەکانی تاکـی کۆمەڵگە بوو، بەڵام ڕەنگدانەوەی سوێی ئازاری تێدا دەبینرا، کە لەلایەن تاکە بێهەست و بیـر ژەنگگرتووەکانـی کۆمەڵگەوە دروسـت دەکـرا، تا ڕۆژانە بەرۆکـی ئەم و هاوچەشـنەکانیان بگرن و کێشـەیان بۆ بنێنەوە، وەک دڕک بەجەسـتەیاندا بچەقن، بەڵام لە ئیرادەدا پتەوو خۆڕاگر بوو بەسـەری بـەرزەوە بەرەنگاری کێشـەکان دەبووەوە، چاوی

ئەم ژنە چاوێکی تێکسەمڕاوی هێمن و ماتی شەکەتی نوسین و خوێندنەوەیەکی قووڵی ڕۆژانە بوو، چاوی ئەم ژنە، چاوێکی پڕ لە نهێنی حەشاردراو و شاراوەی ڕۆژگاری نەگریسی تەنراوی ئازادییەکانی ژنانی تێدا دەبینرا، لەچاوانیدا نەهامەتییەکانی سەردەمی نەگریسی بەعس، نادادییەکانی ئەمرۆشی تێدا هەستپێدەکرا، کە بەرامبەر ژنان دەکرا، کە نیگات بۆ چاوەکانی دەکرد لەجوانی چاوەکانی مەست دەبوویت، لە بەردەوامی نیگاکردندا نهێنی شاراوەی زۆرت تێدا دەخوێندەوە، لەناخیشدا دڵێکی پڕحەسرەت و هیواگەیشتن بەقووژبن و کەلەبەری دواپنتکی دووری ژیانی تێدا هەستپێدەکرا، جارجاریش کاریگەری کارە بێ بەزەییەکانی کۆمەڵگە، ڕووداوە گەلاڵەبووەکانی ڕۆژگاری پڕ هەورازو نشێوی بێتەختایی پشوی ژیان بە سیماو تەوێڵییەوە دیاربوو، کە ئازاری زۆریان دابوو، ڕەنگە تاڕادەیەک نەهامەتییەکانی ژیان بێتاقەتیان کردبێت، بەڵام نەیانتوانیبوو کۆڵی پێبدەن و بیوەستێنن و هیوابڕی بکەن لەخەباتی نەپساوەی بەردەوامی ژیاندا. کەشێکی دڕدۆنگی ئاواتبڕی ژیانی لابچێنن، هەرچەندە ڕۆژبەڕۆژ فشاریان زۆرتر خستبووە سەری، بەڵام بوێرانە هەڵسابووەوەو هیوای گەڕاندبووەوە بۆ بەرخۆدانی بەردەوامی هیواکانی ژیانی خۆی و تا دەوروبەریشی، دژی بەلمی کەڵەکەبووی ئاوبردەڵەی ژێرئاوی ڕووباری ڕێگری تەمەن دابوو، ناخی ئەم بەژنە ڕەشە تێکەڵەی جۆرە ڕەنگاوڕەنگەکانی جوانی گوڵبوو، دەشێ پێکانی ئەم هەموو جوانییە ڕەنگاو ڕەنگانەی گوڵ و زۆربوونیان و ڕەنگدانەوەیان لە ناخیدا لە خۆوە نەهاتبێت، بەرئەنجامی بینینی ئەو هەموو نەهامەتیەیی ژیان بووبێت، بۆیە هەمیشە بە ئاواتی زۆرەوە بۆ باڵای هیواو حەزو خولیاو ئەندێشە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە ئاییندەدا دەیڕوانی، بۆ ئەو دەستکەوتانەی کە کاری لەسەرکردوون و وەدەستی هێناون، مایەی شازیکردن بەخۆیەوە

بــوو، لەگەڵ نزیکبوونەوە لەگەڵ ئەم ژنەدا، چی هەبوونی جوانییە لەسـیماو بـەژن و بیـرو ناخیـدا دەتخوێنـدەوە، جوانییەکانی لە دوورەوە هاواری دەکرد و بۆ خۆی ڕاتی دەکێشا، لەگەڵ دواندندا، هێدی هێدی زیاتر دەروازەی جوانییە شـاراوەکانی ناخیشـی، بۆ دەکردیتەوەو دەیخسـتیتە جیهانێکی تایبەتی پڕ جوانی کۆکراوەی ژنـەوە، هەرچەنـدە بێدواندن و تێکەڵبوون کەس بە ئاسـانی پەی بەجوانییـە شـاراوەکانی ناخـی ژن نابات، بەڵام ئەوەی هەسـت بەجوانییە شـاراوەکانی ئەم شـۆخەی بکردایـە، نواندنی جوانییە حەشـاردراوەکانی لە مامەڵەکردندا دەبینی، سەرسامی دەکردیت، وا هۆگـرو تێکەڵـی دەبوویت، دەتەویسـت لەگۆمی حـەزو خولیا کەڵەکەبووەکانی ئازاری ڕۆژانەیدا شنەی مەلەوانی بکەیت، و پێکەوە وەک دوو شـاباڵی یەک بیرو یەک ئاراستە درێژە بە شەپۆلەکانی بڕینـی تولەڕێی پـڕ دڕکوداڵی وەیشـومەی ڕۆژگاری بەرێکردنی ژیـان بدەن، چونکە یەک نیگا بۆ ژیان و هاوئازاری و بیرکراوەی و ڕەهەندەکانـی تـری ژیان لە ژێـر چەترێکدا کـۆی دەکردنەوە. پەیوەستی دەکردی بە بەژنی ئەم ژنەوە کە لە بەژنە لەوێنە نەچوو دەگمەنە سەرنجڕاکێشـەکانی تەنینی بیـرە بەجوانییەکانی هەناوو و سـیماو ناخەوە. لەگەڵ نیگا بۆ کردندا، سـۆزی خۆشەویستیت بۆی دەجـوڵا بەمانـا فراوانییەکەی ڕەهەندەکانی خۆشەویسـتی، کـە بـەس مرۆڤە بیرکراوەکان لە سـیماو ئـاکارە جوانەکانی ئەم ژنە دەگەیشـتن، مێشـک تەنگەبـەرەکان نەیاندەتوانـی بە ئاقاری تێگەیشتن بەدەڤەری جوانییەکانی ئەم ژنەدا تێپەڕن و لێی تێبگەن، بۆیە چڕنوکی نوکتیژی ئازاردەریان لێدەگرت.

(٢٨)

# خۆشەویستی و سێکس

خۆشەویستی و سـێکس، دووکاری جیاوازن لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانـدا ئەنجـام دەدرێـن، لەسـەریەک پنتـی ئاراسـتەی دەسـتپێکردن دێنە مەیـدان، لە سـەرەتاوە خۆشەویسـتی خۆی دەنوێنێ و زۆرتر بە نیگا دەسـتپێدەکات، دواتر بەیەکگەیشـتن و تێکەڵبوونـی جەسـتە ڕوودەدات تا کۆتایی مەبەسـت، کردارەکان بـەدوای یەکدا دێن لـە پراکتیکدا، سێکسـکردن کردارێکە، زۆرتر دەکەوێتە دوای ناسـین و گرێدانی پەیوەندی و خۆشەویستییەوە، ناکرێت پەیوەندیی یەکسـەر بە سێکسـکردن دەستپێبکات، جگە لە پەیوەندیـی نێوان لەشفرۆشـێک و بەرژوەندخـوازێ لە بەرامبەر ماددەو هاوشێوەکانیدا، کردارەکانی خۆشەویستی و سێکس، دوو قۆناغی جیاوازن لە درێژەپێدانی پەیوەندیدا کە یەکەم لەسەرەتای دەستپێکردنی دەروازەی ناسین و پەیوەندییەوە سەردەکێشێت بۆ سۆزو یەکبینین و گرێدانی تەونی داوی خۆشەویستی، دووەمیان لـە ئەنجامـی بەردەوامـی ژوان و یەکتربینیـن و گۆڕانـکاری لەپەیوەندیـدا دێتەئـاراوە، چ بەڕەزامەنـدی هـەردوولا بێـت یان فشـاری لایەکیان و ملدانی ئەوی تر بۆ فشـارەکە، تا ڕەزامەندی

هـــەردوولای لێدەکەوێتەوەو سێکســـکردن دێتە ئاراوە، جوتبوونی نێــوان خۆشەویســـتان زۆرجار دەبێتــە هــۆکاری خلۆربوونەوە بــۆ کۆتاییهاتنــی پەیوەندیی خۆشەویســـتییەکە، دوای ئەنجامدانی جارێــک یان چەند جارێکی کارەکە و نەمانــی دڵنیایی نێوانیان، چ لەسەریەک ئەنجامدرابێت یان ماوەیەکی ناوبەناوی چەند جارێکی دووبارەبوونەوەی سێکسکردن. هەمیشە خۆشەویستی ڕاستەقینە لە دەســـتپێکردندا لە نێــوان زۆربەی پەیوەســـتبووان بەیەکترەوە ڕایەڵەی بەستنی پەیوەندییەکی گرێدراوی سۆزی ڕووحییە، دوور لەمەبەســـتی سێکســی، چ لایەکیــان بە فەرمی پێــوەی پابەند بێت یان هـــەردوولا، بە نیازێکی بێگەردەوە بــاوەش بۆ یەکتربکەنەوە. لــە زۆربـــەی کێشـــەکاندا ڕەگـــەزێ مــێ قوربانییـــە لەکۆمەڵگەی پیاوســـالاری کوردەواریـــدا، کاتێــک خۆشەویســـتییەکە خلـۆر دەبێتەوە بۆ ئاییندەیەکی لێڵی چارەنووســـی پەیوەندییەکە، چونکە لە زۆربەی دیاردەکانی سۆزبەخشـــیندا مێینە ســـۆزەکە بەڕوحی وەردەگرێ و دەیبەخشـــێتە بەرامبەر، ناخی دەهەژێت، دەرەنجامی درێژەپێدانـــی سۆزبەخشـــین و پەیوەســـتبوون بـــە ڕاســـتگۆیی پەیوەندییەکـــەی لەگـــەڵ بەرامبـــەردا، بـــەدەم هەمـــوو داوایەکـــی خۆشەویســـتییەکەیەوە دەچێت، دوای فشــارێکی زۆری دەربڕین و هەڵڕشـــتنی ســـۆزی شـــاراوەی ناخی، ڕادەکێشـــرێتە نێو داوی تەســـلیمبوونی جەستەوە، بە پاڵنەرەکانی ناخی و داوای بەرامبەر، لەکاتێکـــدا زۆر پاک و دڵســـۆزانە ملی بۆ خۆشەویســـتییەکە داوە، لە ســـەرەتاوە هیچ نیازێکی بەخشینی جەســـتەی نەبووە، هەندێک لــە ڕەگەزە نێــرەکان هەر لەســـەرەتای گرێدانـــی پەیوەندییەکەوە بەنیـــازی ســـێکس و چێژوەرگرتن، باوەشـــیان بـــۆ پەیوەندییەکە کرتووەتەوە، لەســـەر ئەو نیازە پەرەیان بەخۆشەویستییەکە داوە، نیشـــاندانی سۆزە ڕووحییەکەشـــیان زۆرتر ڕووکەشانە بووە، لە پێناوی دەســـتکەوتی چێژی سێکسیدا، جاریش هەیە هەردووکیان

بەجوت بەنیازێکی پاک چوونەتە نێو کەژاوەی خۆشەویستییەوە، تامەزرۆی یەکبوون، ئەنجامی ڕاگۆڕینەوەو وروژاندنی هەستە جوڵێنەرەکانی سێکس و توانەوە لەناو یەکتردا، بە ئاسانی گەیشتونەتە قۆناغی سێکسکردن، بە تێکەڵبوونی هەردوولاو بەردەوامی بینینی ناوبەناو هەمیشە سێکسیان ئەنجامداوە، دوای ماوەیەکی زۆری چێژ بینین لایەک یان هەردوولا دوای تێربوونیان لەیەک، نەخشەی دابڕان لەیەکتریان داناوە، ڕویانکردووەتە دوورکەوتنەوە لەیەکتر، لەزۆربەی حاڵەتەکانی دوورکەوتنەوەشدا سەریەشەی زۆر بۆ ڕەگەزی مێینە نراوەتەوە، ڕەنگە لە هەندێک جاردا تووشی هەڕەشەی لەناوچوونیش بووبێتەوە. دەرەنجامی بەردەوامی سێکسکردن لەگەڵ بەرامبەردا، کارەساتی ناخۆش هاتووەتە ئاراوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زۆرینەی ڕەگەزی مێ لە پاکی هەڵڕشتنی سۆز بۆ خۆشەویستەکەی و پاڵنەری سۆزی خۆشەویستییەوە ملی بۆ دۆخەکە داوەو بووەتە قوربانی یەکەم لە کۆمەڵگەدا، ڕەگەزی نێریش بێباکانە لە هاوکێشەکە دەرچووەو ڕەنگە هەندێکجار شانازیشی بەکارەکەیەوە کردبێت، لە کاتێکدا هەردووکیان بە هاوبەشی کارەکەیان کردوە، کاتێکیش کچەکە لەمەبەستی ناپاکی خۆشەویستەکەی حاڵی بووە کار لەکار ترازاوە، وەک ملدان بۆ دۆخەکەو گیرۆدەبوونی بەداوەکەوە تاماوەیەک نەیتوانیوە دەستبەرداری سێکسکردن بێت، بەردەوام سێکسی لەگەڵ خۆشەویستەکەی کردوە، لەبەرامبەر فشارو وەرگرتنی چێژو تا چەپاندنی بووێری درکاندنی لای خێزانەکەی و کۆمەڵگەش. سێکسکردنی بەردەوام، لەگەڵ خۆشەویستدا پێش پرۆسەی هاوسەرگیری لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەئاکامنەگەیشتنی هاوسەرگیری بۆ هەردوولا لێکدەکەوێتەوە، یان جیابوونەوەی پاش ماوەیەک پێکەوە ژیانی هاوسەرگیری، بەدەگمەنیش ڕێکدەکەوێت خۆشەویستان دوای سێکسکردنیش بوونەتە هاوسەری یەکترو

هەر تامـەزرۆی یەکتریش بووبن، دەسـتبەرداری یەک نەبووبن، بـەڵام ئـەم حاڵەتە ڕوودانـی دانسـقەترە، زۆرتـر بیرکردنەوەی کەسـەکان و ڕادەی ڕۆشـنبیریی هـەردوولاو جوڵاندنی ویژدانی ڕەگەزی نێر، ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەم بوارەدا، چونکە تائێستاش ئاشـکرابوونی سێکسـکردن لەکۆمەڵگەی کوردیدا هێندە بۆ ژنەکە شـورەییەو ڕەچاوی مەترسی گەورەی لێدەکرێت، هێندە مەترسی بۆ سەر ژیانی ڕەگەزی نێر نییە، لەهەموو حاڵەتەکاندا سێکسکردنی بەردەوام لەگەڵ خۆشەویسـتدا دوای هاوسەرگیری کردن هەمان چێژو بەهای پێش هاوسـەرگیری و سـەردەمی پەیوەندی و جێ ژوانـی ناوبەنـاوی نییـە، چونکە پێـش هاوسـەرگیری خەیاڵ و حەسرەت و ئەندێشەی زۆر بۆ جوتبوون لەگەڵ هەڵبژاردەی دڵدا دروسـت دەبێت، ڕەچاوی نەبوونی کاتڕەخسان بۆ بەیەکگەیشتن پێش هاوسـەرگیری دەکرێـت، ژوان بینینی خۆشەویسـتان پێش هاوسـەرگیری، مرۆڤەکان زیاتر دەهەژێنێـت، چونکە تامەزرۆیان لەیـەک نەشـکاوە، جگـە لەنەبوونـی کات، کەمرەخسـانی فەزای ئـازاد بۆ یەکتر بینین و نەڕەخسـانی دەرفەتـی کات تەرخانکردن بۆ سێکسکردن، کەمترین ڕەخسـانی کاتی ژوانەکان لەپەیوەندیدا بەهـای زیاتـر دەداتـە یەکتربینیـن. بەپێچەوانەشـەوە بوونـی هەمیشـەیی پێکەوەبوون، نەمانی خەیـاڵ و عەوداڵ بوونی بینینی بێترس لەفەزای ئازادا، تێرخواردن لە تامەزرۆی چێژی جوتبوون، زۆربوونـی کات بۆسێکسـکردن و زیادکردنی ژمارەی جوتبوون و دووبارەبوونەوەی هەمیشـەیی پێکەوەبوون، نەمانی پەرۆشـی بـۆ بینیـن و جوتبـوون، لـە چێـژی سێکسـکردن کەمدەکاتەوە، بەدەگمەنیـش عاشـقانی یەکتر هەن هەر عەوداڵـی بینینی یەکترن و لەیەکتـر تێر نابـن. ئەم دیاردەش ڕەنگە بە هـۆکاری جیاوازی وەک سەرقاڵی ئیشـوکارو کەمی کاتی پێکەوەبوون و زۆرپێکەوە گونجانـی سـیفەتەکانی هاوسـەرگیرانەوە بێت، یان کـەم ملدانی

یەکێکیان بۆ سێکسکردن بە هەرهۆیەکی وەک نەخۆشی، نەجولانی هۆرمۆنی چێژوەرگرتن، حەزنەکردنی پێکهاتەی سایکۆلۆژی کەسەکە بۆ سێکس، یان هەر هۆکارێکی ترەوە بێت، نەڕەخسانی کاتی سێکس، پەرۆشی بۆ ئەنجامدانی سێکس زیاتر دەکات. بێگومان هەمیشەیی زۆربوونی کاتی پێکەوەبوون دوای پرۆسەی هاوسەرگیری تێکەڵەی ساتی خۆشی و ناخۆشی ژیانی هاوسەرگیرییە، بیرو بۆچوون و دیدگاکانی ڕوانین بۆ ژیان لای هاوسەران ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە عاشقبوونی یەکتریدا، بوونی ئاستەکانی هاوسەرگیران لە کرانەوەی مێشک و بیرو هزردا، ژیانی پێکەوە گونجان و نەگونجانی ژن و مێردو عاشقان دێنێتە ئاراوە، نەگونجاندنی ژیانیش لە نێوان ڕەگەزەکاندا لە بەهای سێکس کەمدەکاتەوە، حەزە سێکسییەکان لە نێوان هاوسەرگیراندا خەفەدەکات، پێچەوانەکەشی ڕاستە، لەکاتێکدا هەندێکجار مرۆڤ لەدەسەڵاتی خۆیدا نییە، دەشێت نەتوانێت دەستبەرداری نواندنی هەندێ ڕەفتار بێت کە مایەی قبوولکردن نییە لای هاوسەرەکەی، دەبێتە هۆکاری دوورکەوتنەوەی خۆشەویستان لەیەکتر، لە هەموو حاڵەتەکاندا سێکسکردن بۆ خاڵیکردنەوەی جەستە پێویستییەکی ژیانە، ئەنجامنەدانی سێکس پەستی دەروونی، پڕبوون و نەڕژانی هۆرمۆن دێنێتە ئاراوە، دەکرێ مرۆڤ جار بەجار خۆی خاڵی بکاتەوەو ئاسودەیی دەروونی و جەستەیی فەراهەم بکات. بێگومان حاڵیبوونەوەش دەبێت بە پێی ڕێنماییە تەندروستییەکان بێت، ژمارەی سێکسکردن بە پێی تواناو تەمەن کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان زۆرە، هێزو توانای ئەنجامدانی سێکسی تازە هەرزەکارێک لەگەڵ هێزو توانای بەساڵاچوویەکدا بەراورد ناکرێت، سێکسکردن بە پێی ڕێنماییە تەندروستییەکان ئاسودەیی دەبەخشێتە دەروونی مرۆڤ و مایەی درێژکردنەوەی تەمەنیشە، بەپێچەوانەشەوە زۆرکردن لەخود بۆ سێکسکردن بەداوو دەرمان،

دووبارەکردنــەوەی لەســەر یەکــی ســێکس، فشــارکردن لەخود بۆســێکس بێ ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروســتییەکان، مەترسی جۆراوجــۆرو نەخۆشــی ئەندامانی زاووزێ بۆ هــەردوولا دێنێتە ئاراوە.

**(٢٩)**

# نەوال سەعداوی..
# ژنە بوێر و بەرگریگارەکەی مافی ژنان

لەم دۆخە نادادپەروەرییەی کۆمەڵدا، پیاوسالاری لە دێرزەمانەوە کێرڤی هەڵکشاوەو لە ترۆپکدایە، لەگەڵ ڕەوتێکی سستی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا، کێرڤەکە وردە وردە مل بەرەو نشێوی دەنێت، ڕاستە کێرڤی ڕەوانەبینی مافی ژنان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا، هێدی هێدی دەڕەوێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی تاکی وڵاتی ئێمەدا دیاردەی چەوساندنەوەی ژن ڕۆژانە دەبینرێت و ڕووداوەکان بە ئازارەوە مێشکی مرۆڤە بیرکراوەو مافویستەکان دەگوشن، جگە لە ڕەوتی لەسەرخۆی ڕۆژانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، پێویستە تاکی نێرینەو مێینەی کۆمەڵگە قۆڵی لێهەڵماڵن و بوێرانە بەگژ دیاردە کۆن و داسەپێنراوەکانی سەر مافی ژناندا بچنەوە، ئەمەش بوێری و لەخۆبردوویی و پشوودرێژی گەرەکە، لە هەر کۆمەڵ و گەل و وڵاتێکدا.

یەکێک لە ژنە بوێر و چالاک و پشوودرێژەکانی ئەم بوارە، دکتۆر نەوال سەعداوی-یە، ئەم شێرەژنە ساڵی (١٩٣١) لە گوندی (کەفر

تەحلە)ی میسـر لە دایک بووە، لە خێزانێکی گوندنشین و جووتیار و ملخەوێـن بۆ دابونەریتـە دواکەوتو و خۆسـەپێنەکانی کۆمەڵ، هەرچەنـدە باوکـی خوێنـدەوار و سەرپەرشـتیاریی پەروەردەیی بووە، بەڵام دیاردەی چەوساندنەوەی ژن لە کۆمەڵدا هێندە زەق و بەرچاو بوو، هەموو تاکێک بەرەنگاری نەدەبووەوە، باوکیشی ملی بـۆ داو نەیدەتوانـی لێیان قوتار بێت، نەوال لە منداڵییەوە هەسـتی بە جیاوازی ڕژاندنی سـۆز و بایەخی خێزان بەسـەر خوشـک و براکانیدا دەکرد، تەنانەت لە بەخشـینی کێکێکی ئاسایی لە ڕۆژێکدا یـەک بەش درابوو بە نەوال و دوو بەش بە براکانی، هەر ئەوکاتە نەوال پێی هەزم نەکراوە و پرسیاری لە دایک و باوکی کرد، بەڵام وەڵامێکی بڕواپێکەری بەرگوێ نەکەوت.

لە (١٠) سـاڵیدا ویسـتیان لە خوێندن دایببڕن و بیدەن بە شوو، بۆیە ڕێوڕەسـمی ناسـین و بینینی بووک و خۆگوڕین و شەربەت بەشینەوەیان ساز کرد، تا زاوا نەوالی لە دڵەوە بیرتیژ ببینێت و بە میزاجی پیاوسـالارانەی ئەوکاتە، بووکـێ قبووڵ بکات، بەڵام پێش مارەبڕیـن، نـەوال زۆر هەوڵی لەگەڵ دایک و باوکی دا سـوودی نەبـوو، تا بڕیـاری نهێنی خۆیدا بە گژ دیاردەکـەدا بچێتەوە، بۆیە لە کاتی بردنی شـیرینی بۆ زاوا کە بۆ مەبەسـتی سەردانەکەی بۆ بینینـی نیگای نەوال بووە، ئەو خاتوونە قاچی خۆی لە فەرشـەکە گیر دەکات و شـەربەتەکە دەڕژێنێ بەسەروملی داواکارەکەیدا بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە.

بیرۆکەکەی سـەری گـرت و بەوەیش لە یەکەمیـن داوی نراوەی کۆمەڵگە ڕزگاری بوو. دوای خوێندنی سـەرەتایی جارێکی تر گرفتی نەبوونـی خوێندنی ناوەندی لە گوندەکەیـان دێتە پێش و بە بیانووی نەناردنی کچ بۆ دەرەوەی خێزان، دەیانەوێ لە خوێندن دایببڕن، بەڵام دایکی هەستی بە زیرەکی نەوال کردبو و توانی باوکی ڕازی بکات و پێی گوت: نەوال زۆر زیرەکە بیخەرە ناو ئاگرەوە و ترست لێی نەبێ.

نەوال لە ماڵـی پووری لە قاهیرە چووە بەر خوێندنی ناوەندی، بـەڵام دووبـارە زەبروزەنگـی کۆمەڵگەو سەرئێشـەی باڵابەرزی نەوال، باش مامەڵەنەکردنی پووری لەگەڵیدا و سـەیرکردنی نەوال وەک هەژارێکی گوندنشـین و هاوکات لووتبـەرزی ماڵی پووری، نەوالـی قەڵـس کرد و ناچـار ماڵەکەیانی جێهێشـت و چووە ماڵی پوورێکی تری، بەهەمان کێشـە و دەردەدڵـەوە ڕۆژانە بەدزییەوە یاداشتەکانی دەنووسییەوە.

لـە خوێندنـی ئامادەییدا هەسـت بە زیرەکی و توانـای ئەدەبی نەوال کرا، لە داڕشـتن و کۆڕگێڕی و خۆپێشاندانەکاندا پرسی پێ دەکرا، لەگەڵ ئازاری ڕۆژانەیدا توانی نمرەی بەرز بەدەست بێنێت و لـە کۆلێژی پزیشـکی وەرگیـرا، هەرچەندە لەبـەر خوێندنەوە و ئەدەبدۆستی، حەزی لە پیشەی پزیشکی نەبوو، بەڵام تەواوی کرد و بـوو بە پزیشـک لە گوند و ناوچەکـەی خۆیان، لەو ماوەدا یەک دوو حاڵەتی ژنکوشتن و خەتەنەکردنی ژنان، بیریان تەنی و زۆر بە توندی بەرەنگاریان بووەوە تا مەلا و پیاوماقووڵە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگـە هەڵسـان بە ڕاپۆرت نوسـین و چـاڵ هەڵکەندن بۆی، تا دواجار گواستیانەوە بۆ ناو وەزارەتی تەندروستی و لەوێ بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی، بەڵام لەسەر هەمان کۆششی خۆی بەردەوام بـوو، تـا لە پۆسـتەکەی لایـان دا و کردیان بە جێگری کەسـێکی دڵڕەقی کۆنەپەرست.

دواتـر بە حەزی باوکـی نۆرینگەیەکی ئێوارانـی کردەوە وەک پزیشـکی دەروونی و سینگ دەسـتبەکار بوو، بەڵام دوای مردنی باوکی، بەهۆی خولیای بۆ نوسـین و کتێب دەستی لە نۆرینگەکەی هەڵگرتوو سەرەڕای دەوامی نەخۆشخانە، درێژەی بە ڕۆماننوسین و کتێبەکانی بواری مافی ژنان دا و وەک داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی ژنان و خەتەکردنی مێینە ناسرا.

کتێبـە ناودارەکانـی (المراة والجنس، الانثـی هی الاصل) دەنگی

زۆری دایـــەوە، بۆیـــە چەنـــدان جـــار لەلایـــەن بیرکۆڵەوارەکانەوە نەخشـــەی کوشتنی دانرا، ساڵی (١٩٨١) لەژێر گوشاری ئیسلامییە توندڕەوەکاندا ئەنوەر سادات بڕیاری گرتنی دا و خرایە گرتووخانە، لەوێـــش بـــە نهێنـــی ڕۆمانێـــک و بیرەوەرییەکانـــی گرتووخانـــەی نووسییەوە، تا سادات لە هەمان ساڵداکوژرا و ئازاد کرا.

نـــەوال ســـەعداوی لە ژیانـــدا زیاتر لـــە (٤٨) کتێبی لـــە ڕۆمان، بیـــرەوەری، چیـــرۆک، بواری ژن، لەگەڵ ســـەدان وتار نووســـی و هـــەزاران چالاکی و کۆڕی گێڕا، کتێبەکانی بۆ زیاتر لە (٥٠) زمانی دنیا وەرگێڕان و لە دنیادا وەک داکۆکیکارێکی سەرســـەختی ژنان ناسرا، بەڵام تا دەهات ژیانی دەکەوتە مەترسییەوە، ئەویش بوێرانە بەرەنگاری مەترسییەکان بووەوە.

نەوال زیاتر لە (٤٠) ساڵ لەگەڵ د.شەریف حەتاتەی هاوسەری لە شـــوقەیەکی ئاسایی قاهیرەدا ژیان، شەریف نووسەرێکی دیاری چـــەپ بـــوو، هێندەی تر داوی مەترســـی بـــۆ هەردووکیـــان تەنرا، ماوەیەکی زۆر شـــەریفیش چووە دەرەوەی وڵات، تا لە سەردەمی حوســـنی موبارەکدا دوو پۆلیس هاتن و چاودێری نەوالیان دەکرد، هەرچەندە ڕازی نەبوو، بەڵام گوتیان ژیانت لە مەترسیدایە، تا ناچار بـــوو وڵات جێبهێڵێ، دواتر بوو بە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئەفەریقا، چەند ســـاڵێکی گوزەراند تا وازی هێنا و گوتی (نەتەوە یەکگرتووەکان شوێنی دزی و درۆیە، فشۆڵە و وەک ڕووخسار دیارە و ناوەڕۆکی نییە).

نەوال، درێژەی بە خوێندنی باڵا و پسپۆڕی دا، چەندان خەڵاتی نێودەوڵەتـــی وەرگرت، هەموو کەناڵـــە جیهانییەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ســـاز کـــرد، تا دوای ســـاڵی نەوەتەکان دووبـــارە گەڕایەوە میسر و درێژەی بە نوسینەکانی دا.

نـــەوال لـــە خۆپێشـــاندانەکانی (مەیدانـــی تەحریـــر) چـــووە ناو خۆپیشـــاندەران وەک چالاکی گەورە رۆڵی بینی لە ســـاڵی (٢٠٠٨)

دوای ئەوەی شـــەریفی مێـــردی خۆی گوتەنـــی (خیانەتی لێ کرد) وازی لەویش هێنا و گوتی هاوســـەرگیری پرۆسەی کۆیلایەتییە و داگیرکردنی ئازادیی تاکی زۆر تێدایە.

هەڵکشانی تەمەن و پیری و کەنەفتی کۆڵی بە نەوال نەدا، ڕۆژانە زیاتر لە هەشت سەعات خەریکی نوسین دەبوو، تا تووشی نەخۆشی ئەکلیبیوس بوو (نەخۆشییەکی دەگمەنە)، ئێستا نەوال تەمەنی (٨٦) ســـاڵە تا ســـاڵی (٢٠١٨)ش کۆڕ و چالاکی هەبوو، هێشـــتا پیری و نەخۆشی چۆکی پێ دانەداوە، بۆیە ساڵانێکە توندڕەوەکان جاروبار لە ئێنتەرنێت و ســـایتەکان هەواڵی درۆی مردنی بڵاو دەکەنەوە، تا جارێـــک بە توندی وەڵامی دایەوە و گوتی (من لە مردن ناترســـم) دوایـــن جار هەواڵی مردنی لە (٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩) بڵاو بووەوە، بەڵام تا ئێستا بە فەرمی هیچ دەزگایەکی جێباوەڕ لەبارەی مردنی ئەم شێرەژنەوە شتی بڵاو نەکردووەتەوە.

روونە کە نەوال ئێســـتا دوا ڕۆژەکانی بە کەنەفتی و نەخۆشـــی بەســـەر دەبـــات، بـــەڵام هەوڵ و کۆشـــش و نوســـینەکانی هەوێنی ڕاماڵینی خەتەنەی ژن بوو لە وڵاتانی کەنداو بە گشـــتی و میســـر بەتایبەتـــی. نـــەوال دەیتوانـــی وەک پزیشـــکێکی زیرەک و پســـپۆڕ ژیانێکی سەرمایەدارانە و خۆش بژی، بەڵام خۆی تەرخان کرد بۆ دۆزە رەواکەی ژن و نوســـین و ژیانێکی ئاســـایی، خۆی دەڵێ (من نووسەرم).

پێویســـتە لەم هەرێمە بچووکەی ئێمەیشدا کە ڕۆژ نییە پێشێلی مافی ژن نەکرێ و ماوە ماوە ژنێک نەکوژرێ، جگە لە فراوانکردنی بـــواری ڕووناکبیریی گشـــتی و دامـــەزراوەی مەدەنی و حکوومیی بەرگریکار لە ژنان، خەڵکانی وەک نەوال سەعداوی بوێر و شێرانە بەگژ دیاردەکاندا بچنـــەوە و ڕێکخراوەکان و حکومەتی هەرێمیش پاڵپشتی دەنگە بوێر و نەترسەکان بکەن.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- لـــە پەراویـێــزی مەرگی شــاپەروەردا، بەرهەمــی فۆلکلۆرو کەلەپوری، ٢٠١٢.

٢- دواساتەکانی مەرگی پشـــیلەیەک، وتارو بیرەوەری لەسەر ئەنفال، ٢٠١٣.

٣- لە نێوان دیکتاتۆرییەت و دیموکراسییەتدا، وتارو لێکۆڵینەوە، ٢٠١٤، کەرکوک.

٤- گوڵبژێرێک لە ئەزموونی کاری رۆژنامەنوسیم، رۆنامەوانی، ٢٠١٥.

٥- بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانم، بیرەوەریی، ٢٠٢١.

٦- هەنــاری بــن دەس، ســێوی ســەر لــق، بابەتــی کەلەپورو فۆلکلۆر، ٢٠٢٢.

٧- چەند گوڵێک لە گوڵســتانێکی فرەڕەنــگ، وتارو لێکۆڵینەوە، ٢٠٢٤.